ئەدیبان

ئەحمەد ئال حەمدان

# جومانا

چاو قاوەییەکە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
ساکار حسێن

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب ( كوردى ، عربي ، فارسي )

له بەڕێوەبەرایەتیی
گشتیی کتێبخانە گشتییەکان،
ژمارەی سپاردنی (١١٨٠) ساڵی
(٢٠٢١) پێ دراوە، ئەم کتێبە لە
بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەدیبانە،
مافی لەچاپدان و کۆپیکردن و بڵاوکردنەوەی
بە هەموو شێوەیەک، پارێزراوە بۆ ناوەندی
ڕۆشنبیریی ئەدیبان.

ئەحمەد ئال حەمدان

# جومانا

## چاو قاوەییەکە



وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

ساکار حسێن

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی پژشنیریی ئەدیبان**

بەرپرسیاری گشتی: نارام مەلا محەمەد

ناسنامەی کتێب

ناونیشان: جومانا

نووسەر: ئەحمەد ئال حەمدان

بابەت: ئەدەبیاتی عەرەبی — سەدەی ٢١ی میلادی

ژانر: ڕۆمان

وەرگێڕانی: ساکار حسێن

پێداچوونەوە: کەیوان هەورامی

دیزاینی بەرگ و دەق: نارام مەلا محەمد

پەخشانگە: ناوەندی پژشنیریی ئەدیبان

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٥ی میلادی



07731974646 - 07501571818

bookadiban@gmail.com

_ADIBAN

ناونیشان: نووسینگەی سەرەکی: سلێمانی، شەقامی ئیبراهیم پاشا، فولکەی گوزەکان سەرووی ئامادەیی سلێمانیی کچان، نزیک ناوەندی پژهەلاتی کوران

## پێشەکیی وەرگێڕ

**ڕوونکردنەوەیەک لەسەر زنجیرەکە:**

هەندێک لە جۆری جنەکان و ناوەکانیان کە لە کتێبەکەدا هاتوون، بەڵام تەنیا ئەفسانە عەرەبییەکان باسیان لێوە کردوون، واتە لە ڕووی ئایینەوە دەکرێت ڕاست نەبن:

١. **عفریت**: بەهێزترین جۆری جنەکانن.

٢. **سەعالی**: نیوەی لە شێوەی دێوە و هەندێک جار دێتە سەر شێوەی مرۆڤ، بەڵام قاچەکانی بە شێوەی ئاژەڵ دەمێننەوە.

٣. **جاسووم یاخود بە کوردی پێی دەڵێن *شەوە***، ئەم جۆرە لە کتێبەکەدا بە شێوازێکی تر باس کراوە و کراوە بە گروپێک لە جنی خراپ.

٤. **مارد**: کە ئەمەیان ئێمە پێی دەڵێین *دێوەکەی عەلادین*، لەو شێوەیەیە.

٥. **عەشائر دەم**: هۆزی خوێن، شێوەیان مرۆڤە و کەڵبەی ژەهراوییان هەیە.

٦. **قەبائل مستەئزبین**: لە کاتی مانگی چواردەدا دەبنە گورگ.

**لە نێو چاوە قاوەییەکانیدا: ژیان و چارەنووسەکان، دەریایەک لە زریان و نهێنی و، داستانێک لە قوڕ و ئاگر هەبوون.**

هاوڕێ گیان ژیان ئەو چیرۆکە گەورەیەیە کە
خودای گەورە بە قەڵەمەکەی خۆی
نووسیویەتی، هەموومان ڕۆڵێکمان پێ دراوە،
کەسمان ناڕۆین لەم چیرۆکەدا هەتا ڕۆڵەکەمان
تەواو نەبێت.

# دەروازەی یەکەم

# ١

لە شــەودا لە نێــو یەکێــک لە ئەشــکەوتە نزیکەکــانی گونــدی جەساسە چوار دزەکە کۆ بوونەوە، هەریەکەیان ئەوەی پێی بــوو کە دەسکەوتی ئەمڕۆی بوو، لە **پارە، خواردەمەننی، قوماش و هەندێک بەرد و خشڵی بەنرخ**، بەڵام هێشتا دابەشیان نەکردبوو، لەبەر ئەوەی چاوەڕێی هاوبەشی پێنجەمیان بوون.

دوای ئەوەی دزی پێنجەم هات بە خۆی و دەسکەوتەکەیەوە کە دابــووی بە شــانیدا (ئــافرەتێکی جــوانی ناســک کە وردەخــاڵی پەمەیــی لەســەر کــوڵمە شــێوە قۆخییەکــانی بــوو)، دزەکە بە دەم خستنە سەرزەویی بارەکەیەوە گوتی:

– هــیچ شــتێک هێنــدەی دابەشــکردنی ئافرەتێــک لە نێــوان هاوڕێکاندا دڵ ناحەوێنێتەوە.

هەموو دزەکان دەستیان کردە پێکەنین تەنیا یەکێکیان نەبێت کە پیــاوێکی ڕەشپێســتی شــکۆمەند بــوو و وا دەر دەکەوت لە ســەرەتای پەنجاکــانی تەمەنیــدا بێت، بەڕەڕچــی دانەوە و پێــی گوتن:

– ڕاســتە ئــێمە دزیــن، بەڵام پیــاوین و پیــاوی ڕاســتەقینەش دەست دڕێژی ناکاتە سەر ئافرەت.

پاشـــان به گۆچـــانەکەی هەســـتایەوە و بە شەلەشـــەل لە ئـافرەتەکە نزیـک بـووەوە، پـارچە پەڕۆکەی دەمیـی لادا و بە میهرەبانییەوە پرسیی:

– من ناوم مەیسەمە، تۆ ناوت چییە ئەی جوانکیلە؟

– ئئئ... تکایە ئازارم مەدەن.

– کەس ئـازارت نـادات و بە سـەلامەتی دەتگەڕێنیـنەوە بـۆ ماڵەکەت.

کچەکە بە بیستنی ئەو قسەیە بزە کەوتە سەر لێوانی و چاڵی ڕوومەتی دەر کەوت.

مەیسەم دووبارە پرسیی:

– ناوەکەی خۆتم پێ ناڵێیت؟

بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە ئاسوودەییەوە گوتی: «ماریا.»

دەستە بەستراوەکانیی لە پشتییەوە کردنەوە.

بەڵام دزی پێنجەم بە ڕووی مەیسەمدا وەستایەوە و گوتی:

– ئەگەر بەم دەسکەوتەیان قایل نییت، دەتوانیت دەست لە مافی خۆت هەڵبگریت.

– ئەمە دەسکەوت نییە قیسار، ئەمە کچێکە.

– ئەی ئافرەت بۆچی دروست کراوە؟ هەر بۆ چێژبەخشین بە پیاوان نییە؟

تەواوی دزەکانی تر دایانە قاقای پێکەنین، مەیسەم بەم جۆرە وەڵامی دانەوە:

– ئەگەر ئەوە بیرکـــردنەوەی ئێـــوەیە کەواتە دایـــک و خوشکەکانی خۆشتان بهێنن بۆ ئێرە.

ڕاستەوخۆ بێدەنگ بوون.

یەکێکیان گوتی:

– داوای لێبووردنم هەیە ئەی ڕەشپێستی پیس.

پاشان بە هەڕەشەوە بە مەیسەمی گوت:

– داوای لێبـووردنەکەم لەبەر ئەوەیە نامەوێـت لە قـاچەکەی تریشت بدەم و لە پەلوپۆت بخەم.

– ئەو کەسەی کە پێویستە داوای لێبـووردنی لێ بکرێت ئەو کچە داماوە تۆقیوەیە.

هەوڵی دەدا ئامۆژگاریی چاکەیان بکات:

– لێی گەڕێن بـا بـڕوات، خـودای گەورە میهرەبـانە بەرانـبەر ئەو کەسانەی کە لە بەرانبەر ئافرەتان میهرەبانی دەنوێنن.

گوێیـــان لـــێ نەگـــرت، لەبەر ئەوەی حەز و ئارەزوویـــان بەسەریاندا زاڵ بوو و دەیانویست بە هەر هۆکارێک بێت بگەن بە کچەکە، بۆیە یەکێکان شمشێرەکەی دەر کرد و ڕووبەڕووی مەیسەمی کردەوە:

– ئەگەر دەتەوێـت بە زینـدوویی بمێنیـتەوە ئەم ئەشـکەوتە بەجێ بێڵە.

دەیزانـی کە لە خـۆڕایی هەڕەشـە نـاکەن و دەشـیزانی کە بە یەک قـاچەوە ناتوانێـت ڕووبەڕوویـان ببێـتەوە، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا بڕیاری دا کە واز لە کچەکە نەهێنێت، بۆیە لە پشتییەوە شاردییەوە و شمێشرەکەی دەر هێنا:

– ئەگەر دەتانەوێت بگەن بە کچەکە، دەبێت سەرەتا بەسەر جەستەی مندا بڕۆن.

تەواوی دزەکانی تریش شمشێرەکانیان دەر هێنان و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوون و ڕاستەوخۆ هێرشیان کردە سەر، بەڵام بەر لەوەی شمێشرەکانیان پێی بگات شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕووی دا.

هەموویان کەوتن بە زەویدا و هەر زوو جەستەیان سارد بووەوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کەسێک لە یەک کاتدا لە پشتەوە هێرشی کردە سەر هەموویان.

**

بەهۆی ڕووناکیی ئەو چرایانەی کە کاریان دەکرد لە ئەشکەوتەکەدا، مەیسەم و ماریا تواییان ئەو کەسە ببینن کە ڕزگاری کردوون، ئافرەتێکی سپیپێستی چاوقاوەیی کە هەندێک وردەخاڵ بەسەر لووتیەوە بوو، جەستەی بۆنی یاسەمینی لێ دەهات.

مەیسەم ویستی سوپاسی بکات، بەڵام بە چاوترووکانێک لە پێش چاوی ون بوو.

## ٢

جومانا گەڕایەوە بۆ **دارستانە تاریکەکە**.

لەگەڵ ئەوەی دارستانەکە دەورە درابوو بە پاسەوانەکانی خێزانەکە بەڵام جومانا بەبێ ئەوەی سەرنجیشیان ڕابکێشێت توانیی بگاتە نێو ئەو قەڵایەی کە لەگەڵ خێزانەکەیدا تێیدا دەژیان.

لە سەرەتادا هەستی بە چێژی سەرکەوتنی دەکرد کە کەس بە نهێنییەکەی نەزانیوە کە چووە نهۆمی سەرەوە بۆ ژوورەکەی، دەرگاکەی کردەوە سەرسام بوو بەوەی کەسێک لە ژوورەکەیدا چاوەڕێی دەکرد.

تاج لە بەردەمیدا لەسەر تەختەخەوەکە قاچ لەسەر قاچ دانیشتبوو، تووڕەیی لە دەموچاوی دەبارێ، بە تۆنێکی هەڕەشەئامێزەوە بە جومانای گوت:

– دیسان لە قسەم دەر چوویت و چوویتەوە نێو مرۆڤەکان.

جومانا دەرگاکەی لەدوای خۆیەوە داخست و لێی پاڕایەوە:

– دەنگت نزم بکەرەوە باوکم گوێی لێ دەبێت.

– با ببیستێت، چونکە ئەوەی ئەمڕۆ ڕووی داوە شایەنی بێدەنگی نییە.

دووبارە هەوڵی دا تووڕەییەکەی دایکی کەم بکاتەوە:

– ئارام بەرەوە بابەتەکە پێویستی بەو هەموو تووڕەبوونە نییە.

– خۆت بە مرۆڤەکان پیشان داوە هەی جرپن، چوار دانەشت لێ کوشتوون!

– ئەگەر نەچووماید ئازاری ئەو کچەیان دەدا.

– تۆ فریشتە نییت و لە نور دروست کرابیت تۆ جنۆکەیت و ئەسڵەکەت ئاگرە و ئیمپراتۆرەکان بنەچەی تۆن، هیچ پێویست ناکات لە دەرەوەی خێزانەکەت کەسی تر بپارێزیت.

– ژیان دەوران دەورانە دایکە، هەموو ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر ئەوانی تردا دێت دەکرێ بەسەر ئێمەشدا بێت.

قسەکانی بە نیسبەت تاجەوە تازە بوون و هیچ بە دڵی نەبوون گوتی:

– ئەمانە قسەی بێمانان.

پاشان لەسەر چەرپاکە هەستایەوە و بەرەو دەرگاکە چوو:

– فێر بوویت وەکوو مرۆڤەکان قسەی بێمانا دەکەیت، دەبێت باوکت سنووورێکت بۆ دابنێت بەر لەوەی کار لە کار بترازێت.

– تکایە نا، نامەوێ لێم تووڕە ببێت.

تاج ئێستێکی گرت دوای ئەوەی بەو جۆرە کچەکەی لێی پاڕایەوە:

– پێی ناڵێم بەڵام بەڵێنم پێ بدە جارێکی تر نەچیتەوە نێویان.

– دەتوانم بەڵێنت پێ بدەم کە جارێکی تر خۆم تێکەڵ بە کارەکانیان نەکەم.

ئەم جارە بە قسەکانی قایل بوو گوتی:

– مرۆڤەکان ترسناکن کچەکەم جگە لە نەهامەتی هیچی ترت بۆ ناهێنن، پاشان بە سۆزێکی دایکانەوە بەرانبەر بە کچەکەی:

– من خۆشم دەوێیت نامەوێت تووشی خراپە ببیت، هەر لەبەر ئەوەشە کە نامەوێت بچیتەوە نێویان، بەڵێم پێ بدە کە هەرگیز نەچیتەوە منیش بەڵێنت پێ دەدەم کە باوکت بە هیچ نەزانێت.

– ناتوانم بەڵێنێکت پێ بدەم کە توانای جێبەجێکردنیم نییە.

تاج هێندەی نەمابوو دووبارە تووڕە ببێتەوە، بەڵام لە کۆتا چرکەدا دانی بە خۆیدا گرت:

– تۆ جوانیت جومانا هەموو شێخەکانی جن و شاسوارەکانیان بە ئاواتی تۆوەن، بێ گومان هاوسەرگریت لەگەڵ ناکەن ئەگەر بێتو بەوە بزانن کە هەموو ڕۆژ دەچیت و تێکەڵ بە مرۆڤەکان دەبیت.

– لەو لایەنەوە دڵنیا بە، من نامەوێت هەمان هاوسەرگریی تۆ و باوکم بکەمەوە.

تاج چاوەڕێی ئەو وەڵامە تونده نەبوو ئەم جارە ڕاستەوخۆ تووڕە بوو:

– هەی سەرسەختی کەللەڕەق! ئای چەندە کەر بووم تۆم لە سکمدا هەڵگرت.

جومانا دەیویست پێبکەنێت بەڵام لەبەر ئەوەی دایکی زیاتر تووڕە دەبوو نەیوێرا.

تاج ئامادەی ڕۆیشتن بوو:

– لەمڕۆ بەدواوە باوکت ئاگادار دەبێت.

لە ڕاستیدا پەیوەندیی نێوان تاج و جەباری هاوسەری بەوەی کە لە ڕابردوودا ڕووی دابوو پڕ پشێوی بوو، جەبار تاجی هاوسەری وەدەر نابوو لە خێزانەکە تەنیا بۆی هەبوو کچەکەی ببینێت.

**

جومانا لە ژوورەکەیدا هەر نزای دەکرد.

هیوای دەخواست ئەو قسانەی کە کەمێک لەوەوپێش دایکی کردبوونی تەنیا هەڕەشەیەک بووبێتن و هیچی تر، بەڵام هەر زوو وەکوو دەنگی ڕەشەبا گوێبیستی باوکی بوو کە بانگی دەکرد:

**– جومانا!!!**

## ٣

له نێـو تەمـی دارسـتانە تـاریکەکەدا جومانـا بە سـەری داخراوەوە بە دوای باوکیدا بەبێدەنگی دەڕۆیشت تاکوو گەیشتنە دەریاچە بازنەییەکە کە دەکەوتە لایەکی دارستانەکە.

شـوێنەکە تاریـک و بێدەنگ بـوو جەبـار دەسـتێکی لە ئـاوەکە وەر دا، دەریاچەکە دەنگێکی دروست کرد:

– ئەم دەریاچەیەت بیرە؟

– بەڵێ، بووبووین بە هاوڕێی.

پاشان بە دەنگی خەمناکەوە کە ئازارەکەی بیرکەوتەوە:

– من و **ئەساتیری** برام منداڵ بووین.

– ئێستا ئەو لە کوێیە؟

جومانا هۆکاری ڕاستەقینەی پشت ونبوونی براکەی نەدەزانی هەمیشـە دەیـانگوت کە ڕۆیشـتووە بەڵام هەرگیـز نەیانـدەگوت بۆچی و بۆ کوێ، هەر بۆیە هەوڵیان دەدا لە بیری ببەنەوە.

لە سـەرەتادا قبـووڵکردنی بابەتەکە سـەخت بـوو، بەڵام دواتر لایـان ئاسـایی بـووەوە، وەڵێ هەرگیز بۆ یەک سـاتیش لە بیری نەکردبـــوو، لەبەر ئەوەی خوشـــک هەرگیـــز دەســـت لە خۆشەویستیی براکەی هەڵناگرێت.

جەبار گوتی:

– کـچەکەم ئێسـتا گەورە بوویـت کـاتی ئەوەیە ڕاسـتییەکە بزانیت.

**یادگارییەکان بە شاراوەیی لە نێو گۆڕەکانیاندا دەمێننەوە تا ئەو کاتەی باسیان دەکەین و ئەو کاتەش ڕاستەوخۆ پەلاماری لاوازترین شوێنمان دەدەن.**

جەبـار ئەوەی بە بـاش دەزانـی بـۆیە بڕیـاری دا ڕاستییەکەی پێ بڵێت بەبێ ئەوەی وردەکارییەکان باس بکات.

## ٣

لە نێـو تەمـی دارسـتانە تـاریکەکەدا جومانـا بە سـەری داخراوەوە بە دوای باوکیدا بەبێدەنگی دەڕۆیشت تاکوو گەیشتنە دەریاچە بازنەییەکە کە دەکەوتە لایەکی دارستانەکە.

شـوێنەکە تاریـک و بێدەنگ بـوو جەبـار دەسـتێکی لە ئـاوەکە وەر دا، دەریاچەکە دەنگێکی دروست کرد:

– ئەم دەریاچەیەت بیرە؟

– بەڵێ، بووبووین بە هاوڕێی.

پاشان بە دەنگی خەمناکەوە کە ئازارەکەی بیرکەوتەوە:

– من و **ئەساتیری** برام منداڵ بووین.

– ئێستا ئەو لە کوێیە؟

جومانا هۆکاری ڕاستەقینەی پشت ونبوونی براکەی نەدەزانی هەمیشـە دەیـانگوت کە ڕۆیشـتووە بەڵام هەرگیـز نەیانـدەگوت بۆچی و بۆ کوێ، هەر بۆیە هەوڵیان دەدا لە بیری ببەنەوە.

لە سـەرەتادا قبـووڵکردنی بـابەتەکە سـەخت بـوو، بەڵام دواتر لایـان ئاسـایی بـووەوە، وەڵێ هەرگیـز بۆ یەک سـاتیش لە بیری نەکردبـــوو، لەبەر ئەوەی خوشـــک هەرگیـــز دەســـت لە خۆشەویستیی براکەی هەڵناگرێت.

جەبار گوتی:

– کـچەکەم ئێسـتا گەورە بوویـت کـاتی ئەوەیە ڕاسـتییەکە بزانیت.

**یادگارییەکان بە شاراوەیی لە نێو گۆڕەکانیاندا دەمێننەوە تا ئەو کاتەی باسیان دەکەین و ئەو کاتەش ڕاستەوخۆ پەلاماری لاوازترین شوێنمان دەدەن.**

جەبـار ئەوەی بە بـاش دەزانـی بـۆیە بڕیـاری دا ڕاسـتییەکەی پێ بڵێت بەبێ ئەوەی وردەکارییەکان باس بکات.

## ٤

– بـراکەت وەکـوو تـۆ ئـارەزووی سـەردانیکردنی شـوێنی مرۆڤەکـانی دەکـرد، بەڵام ڕۆژێکیـان کەوتە دوای جـادوگەرێکی ئافرەتی مرۆڤ و خۆی بۆ خزمەتی ئەو تەرخان کرد.

جومانا لەو کاتەدا تێگەیشت کە هۆکاری چییە دایکی هەمیشـە ڕێگریی لێ دەکات بڕواتە ناوچەی مرۆڤەکان، بەڵام جگە لەوە لە شتێکی تر تێ نەگەیشتبوو:

– بەڵام ئەوەندەی بزانم ئـێمە تەنیـا بـۆ جـادوکردن تەرخـان نەکراوین.

– ڕاستە بەڵام ئەو جادوگەرە جادوی ڕەشی ئەنجام دەدا.

– جادوی ڕەش؟

– بەڵـێ، یەکـێکە لە جـادوە قەدەغەکراوەکـانی سـەرمان، کە گەورە پیاوانی خێزانەکە قەدەغەیان کردووە.

جەبـار لەسـەر زەویـیەکە دانیشـت و تەواوی ڕووداوەکەی وەبیر خۆی هێنایەوە، دڵی ئاگری گرتبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانـی چـۆن دەسـت بەسـەر هەسـتەکانیدا بگرێت و لە بەردەم کچەکەیدا زیادەڕۆیی نەکات.

لە ڕاستیدا خەم دەکرێت دڵی هەر یەکەمان ڕابچڵەکێنێت تەنانەت جەباریش کە سەرگەورەی ئیمپراتۆرەکان بوو بەهێزترین جنی سەر زەوی بوو، ناوبانگێکی هەبوو کە شاخەکانیش لەبەری هەڵدەلەرزین.

ڕاستە بەو جۆرە بەهێز و بەشکۆ بوو بەڵام خەمەکە ئەویشی دڵتەنگ کردبوو کچەکەی هەستی پێ کرد هەر بۆیە باوکی لە ئامێز گرت بەڵکوو کەمێک بحەوێتەوە.

جەبار هەر زوو بە زوو بزە کەوتە سەر لێوی لە ژێر سمێڵ و ڕیشە پڕەکەیەوە، کچەکەی گەوهەرێک بوو کە وای دەکرد هەموو خەمەکانی لە بیر بکات.

– بۆچی هێندە سووریت لەسەر ئەوەی بچیت بۆ ناوچەی مرۆڤەکان کچەکەم؟

– چەند هاوڕێیەکم لەوێ هەیە دەچمە سەردانیان.

جەبار چاوی دەر پەڕی بەو قسەیە لەبەر ئەوەی پێی وا بوو کچەکەی وەکوو جنەکانی هاوتەمەنی وەهایە تەنیا ئارەزووی ئەوە دەکات بچێتە شوێنی مرۆڤەکان و هیچی تر نەیدەزانی بەو ڕادەیە بارودۆخەکە لە دەست دەر چووە.

کچەکەی بۆ ئەوەی دڵنیای بکاتەوە گوتی:

– بەڵام من خۆمیان پیشان نادەم ئەو کاتەی لە لایانم کەس بە بوونم نازانێت.

هەمیشە سروشتی بەو جۆرە بوو لەگەڵ بارودۆخەکەدا هەڵسوکەوتی دەکرد گوێی بەوە نەدەدا کە چی لای ئەوانی تر

ڕێگەپێدراوە، لە هەمان کاتدا باوکی زۆر خۆش دەویست بەڵام بە هەمان شێوە لەبەر خۆشەویستیی باوکی ئامادە بوو هەر کارێک پێویست بێت ئەنجامی بدات تاکوو لە چاوی باوکیدا گەورە خۆی پیشان بدات.

گوتی:

– بەڵام ئەگەر فەرمانم پێ بدەیت کە تێکەڵیان نەبم ئەوا جێبەجێی دەکەم.

جەبار دەیتوانی نەک لەبەر ئەوەی باوکی بوو بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە گەورەی خێزانەکە بوو ڕێگریی لە چوونی بکات، بەڵام دەیزانی یەکەم یاسا ئەوەیە ڕێز لەوانی تر بگرێت، بۆیە ئازادیی پێ دابوو، بەڵام نەدەبوو ئەو ئازادییە زیان بەوانی تر بگەیەنێت.

– ڕێگەت پێ دەدەم بڕۆیت.

ئەوەی گوتی ڕاستەوخۆ وەهای کرد کە باوەش بە باوکیدا بکات و بکەوێتە نێو ڕیشە پرە سپییەکەیەوە بۆیە باوکی کەوت بە زەویدا:

**– خۆشم دەوێیت باوکە.**

دەنگی پێکەنینی جەبار بەرز بووەوە، چونکە هەر جارێک کچەکەی بەو جۆرە شێتانەیە ڕەفتاری کردبا هەستی دەکرد گەنجێتیی بۆ دەگەڕێتەوە، جەبار گوتی:

– بەڵام مەرجێکم هەیە.

جومانا هەستایەوە سەر پێ و ئامادە بوو قایل ببێت سڵاوی سەربازیی لە باوکی کرد وەکوو هەموو جنەکانی تر کە بەرانبەر جەبار دەیکەن، گوتی:

– فەرمانتە گەورەم جەبار.

شێوەی پێکەنینـاوی بـوو بەڵام خـۆی پێنەدەکەنـی بـۆ ئەوەی قسەکانی جددی بنوێنن:

**– کە دەبێت پابەند ببیت بە یاساکانی خێزانەکەوە.**

– بە سـەرچاو، جـارێکی تـر هێـزی ئـاگر بەرانـبەر مرۆڤەکـان بەکار ناهێنم تاکوو سەرنجیان بۆ ئەوە نەچێت کە من جنۆکەم.

پاشان گوتی: ئایا تۆ ئێستا ڕازییت؟

جەبار: بابەتێکی تریش هەیە.

– چییە؟

دەستی خستە سەر زەوییەکە و گوتی:

– سەرەتا دابنیشە.

دانیشت وەک ئەوەی داوای لێ کرد و گوێی هەڵخستبوو.

– دایکت دەڵێت کە ناتەوێت هاوسەرگری بکەیت.

– تکایە باوکە نامەوێت چیتر باسی ئەم بابەتە بکەین.

– پێـت وایە دەبێـت تەواوی تەمەنـت بەم جـۆرە بە کچـی بمێنیتەوە؟

– هەتاکوو کەسێک نەدۆزمەوە هاوشێوەی تۆ بێت ئەی مانگی مانگان هاوسەرگری ناکەم، ئەو کاتەی دۆزیمەوە خۆم هەڵدەدەمە بەردەم پێیەکانی و داوای لێ دەکەم هاوسەرگریم لەگەڵ بکات.

هەرچەندی جەبار خۆی گرتبوو پێنەکەنێت بەو قسانە بەڵام لە کۆتاییدا دایە قاقای پێکەنین هێندە پێکەنی تاکوو چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک.

**

پاش هەندێک گاڵتەوگەپ جومانا گوتی:

– ئەو مرۆڤە ناوی مەیسەمە.

– چییەتی؟

– چیی لێ دێت؟

– تۆی بینیوە بۆیە دەبێت بکوژرێت، لەبەر سەلامەتیی خێزانەکە.

– تکایە با کەس ئازار نەدرێت، تکایە تکایە!

جەبار ترسناکیی بابەتەکەی بیر دەهێنایەوە، بەڵام جومانا هەر زوو هەڵپەی کرد و گوتی:

– دەزانم که نابفیل به دوامانەوەیە، هەر لەبەر ئەوەشە ماوەی چەندان ساڵە خۆمان لە نێو دارستانە تاریکەکەدا شاردووەتەوە.

– باشە کە ئەوەت لە بیر نەکردووە، کەواتە بە باشی گوێ بۆ قسەکانم بگرە.

– بەڵام مەیسەم دوژمنمان نییە باوکە.

– دەزانم بەس مرۆڤەکان دەمی خۆیان ناگرن.

دەستی خستە سەر شانی تاکوو قایلی بکات و دڵتەنگ نەبێت، ئەو کاتەی هەواڵی مردنەکەی پێ دەگات:

– چی دەبێت ئەگەر لای هەمووان قسە بکات و ئەوە ڕابگەیەنێت کە جنۆکەیەکی ئافرەت لە یەکێک لە لادێکانی مرۆڤەکاندا بینراوە؟ چی دەبێت ئەگەر ئەو قسەوباسانە بگەنەوە دەمی دوژمنان و هێرشمان بکەنە سەر؟

– بۆچی هەندێک لە گیراوەی لەبیرکردنی نەدەینێ، بەو جۆرە ئەوەی ڕووی داوە لە بیری دەکات.

– ناتوانین ئەو کارە بکەین بەبێ ڕێگەپێدانی تەواوی مەجلیسی گەوران، منیش نامەوێت ئەوان هیچ بزانن دەربارەی ئەوەی ئەمڕۆ ڕووی داوە جومانا...

– داوای لێ دەکەم بەڵێنم پێ بدات ئەوەی ڕووی داوە لە بیری بکات.

جەبار لەگەڵ هەموواندا توند بوو بەڵام کە بابەتەکە دەهاتە سەر کچەکەی سارد دەبووەوە:

– چی وای لێ دەکات بە بەڵێنەکەیەوە پابەند بێت؟

– ئەمڕۆ هێندەی نەمابوو بمرێت لە بەرانبەر پارێزگاریکردن لە کچێک کە ناپاسێت، بۆیە پیاوێکی لەم جۆرە دەتوانێت بە ئاسانی قایل ببێت.

– ئەی کچەکە چی؟

– پێم وا بێت نەیبینیم، چونکە تەواوی کاتەکە خۆی لە پشتی پیاوەکە شاردبووەوە.

– دیارە تەنیا وەکوو مرۆڤەکان قسە ناکەیت بەڵکوو وەکوو ئەوانیش دڵت لاواز بووە.

– تۆ دێیت باسی هێزێکم بۆ دەکەیت کە بە ئازاردانی ئەوانی دی بەراورد ناکرێت، بەڵکوو ئێمە دەبێت فێریان بکەین بە هێزەکەمان پارێزگارییان لێ بکەین.

– ڕاستە بەڵام بە هەمان شێوە فێرم کردوویت کە بێوەیی خێزانەکە لە پێش هەموو شتێکەوەیە.

دەنگی بەرز کردەوە:

**– پێم گوتیت کە من متمانەم پێیەتی!**

خێرا سەری داخست و دەستی گرت بە دەمیەوە لەبەر ناشرینی ڕەفتارەکەی:

– ببوورە باوکە مەبەستم ئەوە نەبوو.

جەبار سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییە نێو چاوە جوانە قاوەییەکانی و گوتی:

– ئەو مرۆڤە ئازار نادەین.

پڕی دایە باوەشی باوکی:

– دەی هەر لەبەر ئەوەیە هاوسەرگری ناکەم تاکوو کەسێکی وەکوو تۆ نەدۆزمەوە.

دڵنیا بوو ئەگەر داوای مانگی لێ بکات بۆی دادەگرێت و دەیخاتە نێو دەستەکانیەوە بە هەمان شێوە ئەستێرەکانیش، خۆ ئەگەر داوای شەوی لێ بکات بۆی دەکاتە سەرینێک تا لەسەری بخەوێت.

بۆیە ئەوکاتانەی لە باوەشی باوکیدا بوو هەستی دەکرد شازادەیە.

کە لە باوەشی باوکیدا بوو هەستی دەکرد هیچ شتێک ناتوانێت بیبەزێنێت.

لەو شەوەدا:

گفتوگۆی نێوانیان زۆری خایاند و هەستی بە خەوالوویی دەکرد:

جەبار دەستی بە قژیدا دەهێنا تاکوو جومانا خەوی لێ کەوت

لە نێو تاریکی شەودا و لەپشت درەختەکانەوە دەنگی ئافرەتێک بیستڕا:

– ئایا هێشتا بیر لە بابەتەکە دەکەیتەوە گەورەم؟

– بەڵێ بەڵام هێشتا بڕیارم نەداوە.

خاوەنی زایەڵەکە بێدەنگ بوو، بەڵام لەگەڵ خورپەی ئاوەکەدا دەتتوانی گوێبیستی دەنگی هەناسەی ببیت.

وەکوو وەبیرهێنانەوەیەک گوتی:

– بەڵام دەزانیت ئەوە لە هەموو یاساکانی زەوی و ئاسماندا قەدەغەیە.

لە جێگای خۆی هەستایەوە و کچەکەی لە باوەشیدا بوو گوتی:

– بەڵێ، دەزانم.

## ٥

ڕۆژی دواتر جومانا بەئاگا هاتەوە و دەست و دەموچاوی بە ئاو شوشت و هەندێک میوەی تایبەت بە خێزانەکەی کە لە دارستانەکە دەیانچاند خواردی.

پاشان قەڵاکەی جێ هێشت و بەرەو دێی جەساسە بەڕێ کەوت.

**

وەکوو خووی هەمیشەیی خۆی، کە دەچووە نێو لادێکەوە ڕاستەوخۆ دەچووە لای هاوڕێکانی، لە لای مرۆڤەکان گوێی لە چیرۆکەکانیان دەگرت و لەگەڵیاندا پێدەکەنی و سەمای دەکرد، هەموو ئەمانەی دەکرد بەبێ ئەوەی هەست بکەن جنۆکەیەک لەگەڵیاندایە.

بەڵام ئەم جارە نەچوو بۆ لایان بەڵکوو ڕێگەکەی گۆڕی و بەرەو جێیەکی تر چوو.

**

لەو کـــاتەدا مەیســـەم ســـەرقاڵی شـــاردنەوەی کەلـــوپەلە دزراوەکان بوو، لە حەوشەی ماڵەکەی دا گوێی لە دەنگی دەرگا بوو.

لە کـــاتێکی لەم جـــۆرەدا کەس ســـەردانی نەدەکـــرد بـــۆیە چەقۆیەکی لە ژێر جلەکانیەوە شاردەوە وەکوو هەمیشـە، پاشـان بە یارمەتی گۆچانەکەی چوو تاکوو دەرگاکە بکاتەوە.

کە دیتی کچێکی گەنج لە بەردەمیدا وەستاوە و شـاڵێکی سـپی بە دەموچاویەوەیە.

پێویسـت نەبـوو تەواوی ڕوخسـاری ببینێـت تـاکوو بیناسـێتەوە لەبەر ئەوەی هەر بە ڕەنگی چاوە قاوەییەکانیدا دەیناسییەوە.

به سەرسامییەوە گوتی:

– تۆ؟!!

واقی وڕ مابوو بەوەی سەردانی کردووە، بەڵام جومانا بیری لای شتێکی تر بوو، ئەویش ئەوەی کە چۆن بابەتەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە و نەترسێت، ڕاستەوخۆ لە بەردەمیدا ون بوو.

– تکایە مەترسە ئازارت نادەم هاتووم شتێکت پێ بڵێم و دەڕۆم.

بێدەنگ بوو، هیچی نەگوت لەبەر ئەوەی هێشتا لە بارودۆخی سەرسامیدا بوو، ئەویش زیاتر دڵنیا بووەوە کە لە بێدەنگییەکەی دەترسێت:

– دەمەوێت بەڵێنم پێ بدەیت کە دەربارەی ڕووداوەکەی نێو ئەشکەوتەکە بە کەس نەڵێیت.

زۆری نەخایاند مەیسەم سەرسامی بەری دا و زەردەخەنەیەکی کرد ڕاستەوخۆ چاڵەکەی ڕوومەتی دەر کەوت:

– من لە تۆ ناترسم تکایە خۆت پیشان بدە.

جومانا خۆی پیشان نەدا هێشتا شاراوە بوو.

مەیسەم بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– بەو جۆرە زیاتر سەرنجی خەڵکم لەسەر کۆ دەکەیتەوە ئەوانیش وا دەزانن کە شێت بوُوم ئەگەر ببینن بەم جۆرە لەگەڵ خۆمدا قسە دەکەم.

جومانا خۆی پیشان دا بەڵام هێشتا شاڵەکە بە دەموچاویەوە بوو مەیسەم گوتی:

– بەڵێنت پێ دەدەم کە بە کەس نەڵێم.

پاشان یەکێک لە دەستە گەورەکانی بۆ سڵاوکردن درێژ کرد و گوتی:

– من ناوم مەیسەمە ڕاستە کە دزم بەڵام دەتوانیت متمانەم پێ بکەیت.

کەمێک دوودڵ بوو نەک لەبەر ئەوەی متمانەی پێ نەکات بەڵکوو لەبەر ئەوەی تەوقەی لەگەڵدا بکات، دەیزانی کە ئەوە بە تەواوی لە دژی یاساکانی خێزانەکەیە بەڵام هێشتا دەستی درێژ کرد و وەڵامی دایەوە:

– من ناوم جومانایە ڕاستە کە من جنۆکەم بەڵام زیاتر ئارەزووی هاوڕێیەتی مرۆڤەکان دەکەم.

ئەوە یەکەمین جار بوو کە جومانا دەستی بەر دەستی مرۆڤێک بکەوێت، لە ڕاستیدا لە دڵەوە ئاواتی دەخواست کە هاوڕێی بووایە.

نەک لەبەر ئەوەی پرای لێی بـوو چـونکە هێشـتا بە تەواوی نەیدەناسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەیویست هـاوڕێیەکی هەبێت، هـاوڕێیەکی ڕاسـتەقینە کە بتوانیـت خـۆی پیشـان بـدات و پەیوەندیان هەبێت.

دەستی بە قسەکردن کرد:

– ئەو کچەی کە ڕزگارت کرد لە ئەشکەوتەکە.

– چییەتی؟

– ڕەنگە سەیر بێت لات بەڵام ئامادە بووم لە پێناویدا بمرم.

جنەکـان بە سروشـتی خۆیـان لەم جـۆرە ڕەفتـارانە تێنەدەگەیشـتن، ئەوان هیچیـان دەربـارەی ئەوە نەدەزانـی کە کەسێک خـۆی بکاتە قوربـانی لەپێناو کەسێکی نەناسراودا هەر بۆیە پرسیی:

– ئـێمە کەسـانێکی نەناسـراو بـووین بـۆ تـۆ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیت داین.

جومانا بۆی ڕوون کردەوە هۆکارەکە چییە:

– جیـاوازییەکی گەورە هەیە لە نێوانمانـدا، مـن ئەو هێـزەم هەبـوو کە بتـوانم بە ئاسـانی تێکیـان بشـکێنم، بەڵام تـۆ نـا، لە سەرەتاوە دەتزانی کە دۆڕاویت بەڵام بڕیارت دا کە نەکشێیتەوە.

مەیسەم ئاوڕی دایەوە بۆ ژوورەوە و گوتی:

– دوام کەوە، شتێکت پێ پیشان دەدەم.

ڕاست بوو دەیویست لێی نزیک ببێتەوە بەڵام نەک بەو ڕادەیەی بچێتە نێو ماڵەکەی.

هەر بۆیە لە شوێنی خۆی وەستا و دوای مەیسەم نەکەوت، مەیسەم ئاوڕی دایەوە:

– چییە نەوەی ئاگر؟ نەڵێیت لێم دەترسیت؟

– هیچ نییە نەوەی قوڕ، لێت ناترسم.

– کەواتە دوام کەوە خۆت وەڵامەکەت دەست دەکەوێت.

## ٦

ماڵەکەی لە ژوورەوە بچووک بوو لەوە دەچوو کە کەسێکی هەژار بێت.

مەیسەم بە شەلەشەل، بە یارمەتی گۆچانەکەی گەیشتە ژوورەکە و دەرگاکەی کردەوە پاشان پەنجە درێژەکەی ئاڕاستەی ژوورەکەی کرد:

– تەماشا بکە.

سەری بردە ژوورەوە دیتی کچێکی بچووک لەسەر زەوییەکە لەسەر جێگەیەک نووستووە.

– ئەمە کچەکەمە ناوی ڕەیحانەیە.

پاشان ڕوونی کردەوە:

– دەربارەی ئەو کچەی لە ئەشکەوتەکەدا بوو، بیر بکەرەوە کە باوکی چەندە دڵتەنگ دەبوو ئەگەر زانیبای کچەکەی دەستدرێژیی کراوەتە سەر، بۆیە بڕیارم دا پارێزگاریی لێ بکەم.

– ئەگەر پێت وایە...

شتێکی دەگوت بەڵام بێدەنگ بوو تاکوو هیوابڕاو نەبێت.

– پێت وا بوو کە دزەکان ئەو جۆرە هەستانەیان نییە؟

سەری لەقاند و گوتی:

– من دزێکی میهرەبانم.

جومانا زەردەخەنەیەکی کرد.

مەیسەم دریژەی بە قسەکەی دا:

– هەندێک جار ژیان دەمانخاتە بارودۆخێکەوە کە دەبین بە مرۆڤێک هەرگیز بە خەیاڵماندا نەهاتووە. ژیان وای لە من کرد ببمە دز بەڵام بەڵێنی سێ شتم بە خۆم دا.

بە پەنجەکانی دەیژماردن:

– دزی لە هەژاران نەکەم، ئەوەشی پەیدای دەکەم بەشی نەدارانی لێ بدەم، دەستدرێژی نەکەمە سەر ناموسی کەس.

– تۆ دزێکی بەڕێزیت.

– سوپاست دەکەم، شەرمەزارت کردم.

هەردووکیان کەمێک بێدەنگ مانەوە پاشان دایانە قاقای پێکەنین.

بەهۆی دەنگیانەوە ڕەیحانەی کچی لە خەو هەستا ، لە جێگەکەی ڕاپەڕی تا بزانێت ئاخۆ باوکی لەگەڵ کێدا پێدەکەنێت.

ڕەیحانە نزیکەی سیازدە ساڵ دەبوو پێستی ئەسمەر هەر وەکوو شەو، قژێکی پڕی هەبوو کە بە جۆرێک هەستت دەکرد بۆ دواوە ڕاکێشراوە.

مەیسەم وەکوو کاری هەمیشەی ڕۆژانەی خۆی کە پێی دەڵێت گوتی:

– بەیانیت باش ئەی مێرووی بێزارکەری بچووک.

ڕەیحانە وەک هەمیشە زەردەخەنەیەکی کرد و پرسیی:

– باوکە ئەمە کێیە؟

– ئەمە هاوڕێ نوێیەکەمانە سڵاوی لێ بکە.

ڕەیحانە چاوەکانی دەرپەڕین لەبەر ئەوەی ئەوە یەکەمین جار بوو کەسێک بیەوێت ببێتە هاوڕێی چونکە ناوبانگی باوکی خراپ بوو بۆیە هەمووان ڕەتیان دەکردەوە هاوڕێیەتی بکەن، بۆیە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی هاوڕێ نوێیەکەی ڕای کرد و لە ئامێزی گرت.

جنۆکەکە بەم لەئامێزگرتنە کەمێک سەرسام بوو، ئەمڕۆ زۆر شت فێر بوو کە پێشتر هیچی لەبارەیانەوە نەدەزانی:

تەوقەکردن لەگەڵ پیاوێکی مرۆڤدا، قسەکردن لەگەڵی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، ئێستاش لەئامێزگرتن.

هەستی بە شڵەژانیی دەکرد بۆیە گوتی:

– ڕەیحانە، میوانەکەمان بەردە و بڕۆ کەمێک ئاو لە بیرەکە بهێنە.

ڕەیحانە سەری هەڵبڕی و وەکوو منداڵێکی بچووک: ئایا هەر لێرە دەبیت تا دەگەڕێمەوە؟

– ئێ، لە ڕاستیدا من...

ڕەیحانە قسەکەی پێ بڕی تکای لێ کرد:

– تکایە، تکایە، تکایە ... پاشان گوتی:

– بێ گومان سامری و قومری بە بینینت دڵخۆش دەبن.

مەیسەم گوتی:

– هاوڕێکەمان بێزار مەکە، ڕەنگە بڕیار بدات بڕوات و نەیەتەوە.

ڕاستەوخۆ چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک کە ئەو هەستەی پێ درا دەکرێت دوای ئەو هەموو ساڵە لە تەنیایی دووبارە هاوڕێیەکی نوێ لە دەست بدات، جومانا کەوتە سەر ئەژنۆ تاکوو بگاتە بااڵی ئەو پاشان فرێسکەکانی چاویی سڕی و گوتی:

– باشە لێرە چاوەڕێت دەبم، پاشان تاکوو دڵخۆشی بکات گوتی:

– کە گەڕایتەوە دەمەوێت بە هینە... ئەوانم بناسێنیت وتت ناویان چی بوو؟

– سامری و قومری.

– بەڵێ، سامری و قومری، پێ دەچێت وەکوو تۆ جوان بن.

ڕووی کردە باوکی و هەردووکیان تەماشای یەکیان کرد و پێکەنین.

– ئایا قسەیەکی پێکەنیناویم کرد؟

مەیسەم بۆی ڕوون کردەوە:

– سامری و قومری کەرن.

لە شەرماندا ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕان:

– ببووره ڕەیحانە نەمزانی.

– پێویستە بە داوای لێبووردن ناکات خۆزگە وەک ئەوان جوان بوومایە.

پاشان ڕۆیشت تاکوو ئاو لە بیرەکە بهێنێت.

**

دوای ئەوەی کە ڕۆیشت جومانا پرسیی:

– ئەوە یەکەمین جارە ببینم مرۆڤێک هەست بە دڵخۆشی بکات ئەو کاتەی پێی دەڵێن لە کەر دەچیت.

– ڕەیحانە کەمێک جیاوازە، بە شێوازێکی تر لە شتەکان دەڕوانێت، ئەو پێی وایە کە مردووەکان ڕۆحیان نامرێت بەڵکوو دەچێتە جێیەک کە پێی دەوترێت زەویی ڕۆحەکان، جارێکیان کە ڕێم لێ گرت خۆی بکوژێت بەوەم زانی.

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی دەیویست بچێت بۆ لای دایکی، تا لەوێدا بە تەنیا نەبێت.

پاشان مەیسەم گوتی:

– ئەی نەتدی کە پەنجە گەورەی قاچی لێ بووەتەوە؟

– بەڵێ، کە هات و لە ئامێزی گرتم بینیم.

– خۆی وای لە خۆی کردووە.

– بۆچی؟!

– لەبەر ئەوەی پێی وایە ئەگەر بیخەیتە ژێر خۆڵەوە و ئاوی بـدەیت ئەوا ڕۆژێـک لە ڕۆژان گەورە دەبێـت و دەبێـتە پێیەکـی تەواو، ئەو کاتە دەیخاتە جێی قاچە بڕاوەکەی من.

جومانا بەو خەیاڵپڵاوییە پێکەنین گرتی و پرسیی:

– ئەی چی دەربارەی دوو کەرەکە؟

– وەکوو نزیکترین هاوڕێی خۆی تەماشـایان دەکـات، هەسـت دەکات کە ئەوان لە قسەکانی تێدەگەن و تەواوی کاتەکە قسـەیان لەگەڵدا دەکات، هەر بۆیە هەستی بە دڵخۆشـی کرد کاتێک ئەوت بەوان چواند و گوتی:

– ئەگەر هەڵە نەبـــم ئەمـــڕۆ بـــابەتی ئەو دەبیـــت لای دوو کەرەکە باست دەکات لەو کاتەی ئاو دەهێنێت و دەگەڕێتەوە.

**

لە ئێـوارەدا جومانـا نەگەڕایەوە بـۆ مـاڵەوە تـاکوو ڕەیحـانە گەڕایەوە لە بیرەکە و سێ ڕۆژی خۆشـیان پێکەوە بەسـەر بـرد، ئەو بابەتە دووبارە دەبووەوە.

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیـــاتر لەو خێـــزانە نزیـــک دەبـــووەوە و دەبوو بە هاوڕێی نزیکیان.

لەگەڵ ئەوەشـدا هەوڵـی دەدا کە ئامۆژگـاری بکـات و واز لە دزیکردن بهێنێت لەجیاتی ئەوە کاری پاک بکات:

– دەتـوانم لە خەزێـنەی خێـزانەکەم پێـت ببەخشـم تـاکوو بتوانیت کاروبارەکانی ژیانتی پێ بەڕێوە ببەیت.

– نامەوێت ببمە ئەرک بەسەر کەسـەوە بە ئـارەقی ناوچـاوانم پەیدای دەکەم.

– ئارەقی ناوچاوان؟ تۆ دزیت مەیسەم.

– دزێکی باش.

– دزی باش و خراپ بوونی نییە، کارەکە هەر خۆی خراپە.

بە تووڕەیی گوتی:

– بەڵام ئەو کـــاتەی کە برســـێتی تەنـــگ بە خێـــزانەکەت هەڵدەچنێت و قاچێکت دەبڕنەوە ئەو کاتە دەزانیت کە دزبـوون واتای چییە.

چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک:

– قاچی خۆتت بڕیەوە تاکوو بیکەیتە خواردن بۆ خێزانەکەت.

بێـدەنگ بـوو وەک ئەوەی کە نهێنییەکـی گەورەی ئاشـکرا کردبێت؛ بەڵام ئەو قسـەیەی کە لە دەمـی خـاوەنەکەی هـاتبووە دەرەوە دەبوو هۆکارەکەشی ڕوون بکاتەوە.

– لە ڕابـردوودا لە دێـیەکەدا برسـێتی زۆر تەنگـی بە لادێکە هەڵچنیبـوو بـوو، بە جۆرێـک چیتـر ئاسـمان بـارانی نەدەبارانـد و زەوییش بەرووبـوومی نەدەدا مرۆڤەکانی ئێرەش لە برسـێتی و تینوێتیدا دەمردن.

## ٧

مەیسەم لە ڕابردوودا پشتی بە هاوکاری و یارمەتیدانی ئەوانی تر دەبەست بۆ تێرکردنی کچەکەی بەڵام لە یەکێک لە سااڵەکاندا قاتوقڕییەک ڕووی لە الدێکە کرد کە پێشتر شتی وا ڕووی لە الدێکە نەکردبوو.

هەر بۆیە ئەوانیتر چیتر یارمەتییان نەدەدا، نەک لەبەر لووتبەرزی و خۆبەزلزانی بەڵکوو لەبەر ئەوەی هەموو سەرکردەی خێزانێک بە ئەستەم دەیتوانی خواردن بۆ خێزانی خۆشی دابین بکات.

ڕەیحانەی کچیشی هێندەی نەمابوو لە برسان بمرێت.

ئەو کاتە مەیسەم دانەدانەی تاکەکانی خێزانەکەی لە دەست دا جگە لە کچکەی، بۆیە ئامادە بوو هەموو کارێک بکات تاکوو پارێزگاریی لێ بکات هەر بۆیە برپارێکی قورسی لە ژیانیدا دا.

ئەو ڕۆژە بە دوو قاچەوە لە مااڵەکە چووە دەرەوە بەڵام کە هاتەوە تەنیا یەک قاچ و گۆچانێکی دارینی بە دەستەوە بوو لەسەر پشتیشی گۆشتێکی تازەی پێ بوو کە خرابووە نێو تورەگەیەکی قوماشەوە.

جومانا قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

– ئایا کچەکەت بە بابەتەکە نازانێت؟

– ئەو کاتە تەنیا تەمەنی سێ ساڵ بوو بۆیە ئاگای لێ نییە.

– ئایا خۆشت لێت خوارد؟

– نەخێر.

هەناسەیەکی پڕ لە داخی هەڵمژی و گوتی ئەوەی زیاتر بابەتەکەی قێزەون کرد ئەوە بوو کە ڕەتی کردەوە بەتەنیا بیخوات.

– ئەو کات خواردت؟

لەگەڵ ئەوەی باسەکە بەرەو ناخۆشی دەچوو بەڵام مەیسەم بە گاڵتەکردن بەو ڕابردووەی گوتی:

– لەگەڵ ئەوەی کەمێک جیڕ بوو بەڵام تامەکەی خۆش بوو.

بە جۆرێک وتی کە کاری کردە سەر هەستەکانی جنەکە:

– نازانم چی بڵێم بەم چیرۆکە پێبکەنم یان بگریم.

مەیسەم بە پێکەنینەوە گوتی:

– پێبکەنە، خودای گەورە ئەوانەی خۆش دەوێت کە پێدەکەنن.

جومانا پێکەنی، بە گاڵتەوە گوتی:

– پارووێک دەخۆی؟

زیاتر دەنگی پێکەنین بەرز بووەوە.

مەیسەم بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە:

– دوای ئەو ڕووداوە سوێندم خوارد کە چیتر یارمەتی لە

کەسانی تر وەرنەگرم و بە ئارەقەی ناوچاوانم کچەکەم بەخێو بکەم.

– ئایا جگە لە دزی هیچ کارێکی ترت دەست نەکەوت؟

– هیچ کەس لە لادێکەدا کاری پێ نەدەدام، هەمووان دەیانگوت کە من ڕەشپێستم، قاچێکم بڕاوە ئەوەش کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر کارەکەیان، بۆیە بێجگە لە دزیکردن هیچ چارەیەکی ترم لە بەردەمدا نەبوو.

دوای بیستنی ئەو چیرۆکە، جومانا وانەیەکی گرنگ فێر بوو ئەویش ئەوە بوو کە هەرگیز بڕیار لەسەر ئەوانیتر نەدات بەر لەوەی هۆکارەکان ببیستێت:

– دەمەوێت منیش لەگەڵ تۆدا ببمە دز.

– ئەی نەتگوت کە دزیکردن کارێکی خراپە؟

– باوەڕم بەوە هێنا کە تۆ دزێکی باشیت، ئایا بەوە قایل نابیت ببمە هاوبەشت؟

دوای زۆرلێ کردن و قایلکردن مەیسەم ڕازی بوو، بەڵام بە سێ مەرج:

– لە هەژاران دزی نەکەین، ئەوەشی پەیدای دەکەین بەشی نەدارانی پێ بدەین، دەستدرێژیش ناکەینە سەر کەس.

بەو جۆرە لەجیاتی ئەوەی وای لێ بکات واز لە دزیکردن بهێنێت وای لێ کرد ئەویش لەگەڵیدا هاوبەشی بکات.

هاوبەشییەکەیان زۆر ڕاستگۆیانە بوو بە جۆرێک پلانیان بۆ هەموو شتێک دادەنا و هەر یەکەیان بەرپرس بوو لە بەشێکی

پـلانەکە، لەوە گرنگتـر ئەوە بـوو کە لەگەڵ یەکـدا ڕاسـتگۆ و دەستپاک بوون.

بەڵام تـاکە شـت کە جومانـا ئەنجـامی دەدا لە پشـتی هاوبەشـەکەیەوە ئەوە بـوو دوای ئەوەی کە دزیـیەکەی دەکـرد هەندێک پارەی دەگەڕاندەوە بۆ خەزێنەی کەسەکە.

**

هاوبەشییەکەیان بە سەلامەتی بەڕێوە دەچوو.

تاکوو ڕۆژێک بۆ هەمیشە هەموو شتێک گۆڕا.

## ٨

لە بەیانی ڕۆژێکدا، باوکە **مەیسەم** لە خەو ڕابوو بە هاوکاریی گۆچانەکەی کە لە لای سەریدا دابنابوو بەرەو ژووری کچەکەی بەڕێ کەوت و پێی گوت:

– ئێستا کاتیەتی ڕەیحانە.

دوای ئەوەی دەرگای ژوورەکەی ڕەیحانەی کردەوە، ڕەیحانە سەری هەڵبڕی و تەماشای باوکی کرد بە چاوێکی داخراو و چاوێکی نیوەکراوەوە سەرینەکەی گرتبوو بە دەموچاوە ڕەشەکەیەوە.

خۆی چەماندەوە و پێی گوت:

– بەیانیت باش ئەی مێرووی بێزارکەری بچووک.

ڕەیحانە وەک هەمیشە زەردەخەنەیەکی کرد و چاڵەکەی ڕوومەتی دەر کەوت بەرەو دەرگاکە بەڕێ کەوت تاکوو لە بیرەکە ئاو بهێنێت.

مەیسەم بەدەم ڕێوە گوتی:

– **قومری** مەبە لەگەڵ خۆتدا ئەمڕۆ دەیبەمە بازاڕ هەندێک پێویستیمان هەیە.

سەری لەقاند و گوتی باشە پاشان ماڵەوەی جێ هێشت.

**

وەکوو هەمیشە بەر لەوەی ئاژەڵەکان بکاتەوە قسەی لەگەڵدا دەکردن:

– دەزانم کە وەک من ماندوویت سامری باشتر وایە لەگەڵ هاوژینەکەتدا بمێنیتەوە.

پاشان گوتی:

– بەڵام دەبێت کەسێکمان بچێت ئاو بهێنێت تاکوو نەمرین لە تینووا وایە؟

سامری ڕووی کردە **قومری** لاکردنەوەیەکی ئاسایی بوو، بەڵام ڕەیحانە لێکدانەوەی بۆ دەکرد:

– نەخێر، قومری ئەمڕۆ لەگەڵماندا نایەت چونکە دەبێت لەگەڵ باوکمدا بچێت بۆ بازاڕ.

**

دوای ئەوەی ئامادە بوون، گوتی:

– وەکوو هەمیشە من قسە دەکەم و تۆش سەرت بلەقێنە.

لەو کاتەدا سامری سەری لەقاند بەهۆی هەندێک مێرووی بێزارکەرەوە بەڵام ڕەیحانە ئەو سەرلەقاندنەی بەوە دادەنا کە قایل بووە بە قسەکەی:

– دەی با بڕۆین.

هەردووکیان لە پاڵ یەکدا دەڕۆیشتن.

دوای کاتژمێرێک: نیوەی ڕێگەکەیان بڕی بوو کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد، ڕەیحانەش وەک هەمیشە لە چەنەبازی نەدەوەستا سامریش سەر و کلکی دەلەقاند، هەموو شتێک ئاسایی بوو تاکوو چاویان بە کچێکی جوانکیلە کەوت.

**

کچێکی بالابەرزی سپیپێست بوو.

ڕوخسارێکی جوانی هەبوو، جلێکی سپیی درێژی لە بەردا بوو، بە شێوەیەکی جوان گوتی:

– دەتوانیت یارمەتیم بدەیت کچە باشەکە؟

باوکی ڕەیحانە پێی گوتبوو کە قسە لەگەڵ کەسی نەناسراودا نەکات، بەڵام ڕوخساری ئەم کچە لە کەسێکی خراپ نەدەچوو، بۆیە گوتی:

– هەرچیم پێ بکرێت بەڵام بە مەرجێک یارمەتیم بدەیت خانمەکەم.

کچە سپی پێستەکە گوتی:

– باوکم نەخۆشە، ناتوانێت بجووڵێت.

– دەتەوێت حەکیمەکەتان بۆ بانگ بکەم، تۆزێ زماندرێژە بەڵام لە چارەسەرکردندا زیرەکە.

– نا، چونکە تێچووی دەرمانەکان زیاد دەکات، بەردەوام حەکیمەکان کە بچن بۆماڵان پارەی زیاتر وەردەگرن.

ڕەیحانە لە مەبەستەکە تێگەیشت بۆیە نزیک بووەوە لە کەرەکەی:

– دەتەوێت سامری باوکت بگەیەنێتە لای حەکیم؟

– بەڵێ، ئەگەر بەلاتەوە ئاسایی بێت.

ڕاستەوخۆ کەرەکە زەڕاندی بۆیە ڕەیحانە هەوڵی دا ئارامی بکاتەوە:

– دەزانم کە بە درەنگ گەڕانەوەمان نیگەران دەبێت بەڵام باوکی پێویستی بە یارمەتی هەیە.

سامری سەری داخست و ڕەیحانە پێی گوت:

– دەمزانی تۆ کەرێکی دڵباشیت، پاشان بە کچەکەی گوت:

– بمانبە بۆ لای دەیگەیەنینە ماڵی حەکیم.

لەو کاتەدا شنەبایەک دای لە قاچی کچەکە و هەندێک لە جلەکانی بەرز کردەوە ڕاستییەکەی دەر کەوت بەڵام زوو بە زوو خۆی داپۆشی.

ڕەیحانە سەرنجی نەدا لەبەر بایەکە بەڵام کەرەکە سەرنجی لەسەری بوو بۆیە ڕاستەوخۆ چاوی ترسی لێ نیشت و بە

دەنگی بەرز دەستی بە زەرین کرد، تاکوو ڕەیحانە ئاگادار بکاتەوە بەوەی دیویەتی.

ڕەیحانە لە مەبەستەکە تێنەگەیشت هەرچەندی کەرەکە ئاماژەی بۆ دەکرد بەڵام هیچ دوو هەنگاو چووە دوایەوە و گوتی:

– ئایی، پێت وایە باوکم لێمان تووڕە دەبێت ئەگەر دوا بکەوین.

بەڵام بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن کچەکەش دەستی گرت و بە پێکەنینێکی پیسەوە گوتی:

– منیش هەروەها، باوکم لێم تووڕە دەبێت ئەگەر بەبێ ژەمە خۆراک بگەڕێمەوە بۆ لای.

ڕەیحانە نەیدەتوانی بە هیچ جۆرێک بەرگری بکات لەبەر ئەوەی جەستەی کەوتبووە بەر کاریگەریی جادوەکە کە کچەکە ئەنجامی دابوو، بەڵام سامری بە ئاسانی ڕزگار بوو.

# دەروازەی دووەم

بیـرەکە زۆر دوور نەبـوو لە لادێـکەوە، هەر لەبەر ئەوەش بـاوکە مەیسـەم هەسـتی بە نیگەرانـی کـرد بەهـۆی دواکەوتنـی کـچەکەیەوە ئەو هەمـوو کـاتە، ئەو کـاتەی لە بـازاڕ بـوو، چـاوی دەگێڕا بەڵکوو لە هەر ساتێکدا بێت بگەڕێتەوە.

لە یەکێک لە ڕێرەوەکاندا شـتێکی ترسناکی دی ئەویش ئەوە بوو کە کەرێک بە تەنیا و بە بـارودۆخێکی پشـێوەوە خـۆی کـرد بە ناو بازاڕەکەدا و هەر بۆیە زانیی شتێک ڕووی داوە.

ئەوەی لە دەسـتی بـوو فرێـی دا و ڕاسـتەوخۆ پەلامـاری گۆچـانە تەختەیـیەکەی دا و بە هەمـوو خێرایـی خـۆی بە یەک قـاچەوە ڕاسـتەوخۆ بەرەو لای کەرەکە ڕۆیشـت و هـاواری لـێ کرد:

**– ڕەیحانە لە کوێیە بۆ خاتری ئەڵڵا، بۆچی لەگەڵ تـۆدا نەگەڕاوەتەوە سامری؟**

**

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی لادێکە ڕقیان لە مەیسەم دەبووەوە چونکە دز بوو بەڵام لەو بارودۆخەدا کە پێویستی بەوان هەبوو ڕاستەوخۆ ڕایان کرد بە دوایدا تاکوو یارمەتی بدەن.

سامری لەو شوێنە نزیک بووەوە کە ڕەیحانە و کچەکە یەکیان بینیبوو بەڵام هەموو ئەوەی دۆزییانەوە تەنیا تاکە پێڵاوێکی هەڵگەڕاوەی ڕەیحانە بوو.

مەیسەم تاکە پێڵاوەکەی هەڵگرت و نووساندی بە سنگییەوە:

– ئەوە پێڵاوەکەیەتی. هەمووان زانییان کە ڕەیحانە ڕفێندراوە و هەرگیزیش ناگەڕێتەوە.

مەیسەم ئەو ڕاستییەی دەزانی بەڵام هەستی دەکرد ڕێگەیەک هەبێت کچەکەی لەو کێشەیە دەر بکات.

چووە سەر پشتی کەرەکە و چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، جا بەدەم تکاوە گوتی:

– دەزانم لە زمانی مرۆڤەکان تێدەگەیت وەکوو ڕەیحانە دەڵێت سامری، بۆیە باش گوێ بگرە. پاشان بە دەنگێکی پڕ نیگەرانییەوە گوتی: ئەگەر دەتەوێت هاوڕێکەت بگەڕێتەوە ئاوا بەرەو ئەم ئاڕاستەیە بە خێرایی بڕۆ.

سامری بەرەو دارستانە تاریکەکە دەڕۆیشت.

وەکوو ئەسپێکی باڵدار خێرا بوو، بە جۆرێک کە بایەکە پاڵی بنێت.

**

دوای ماوەیەک، مەیسەم ڕووبەڕووی دارستانە تاریکەکە بووەوە هەستی بە ترس دەکرد، لەبەر ئەوەی دەیزانی کە بوونەوەرێکی ترسناک لە ژوورەوە چاودێریی دەکات.

لەسەر پشتی کەرەکە دابەزی:

– تۆ لێرەدا بمێنەرەوە.

پاشان بە یارمەتیی گۆچانەکەی بەرەو دارستانەکە چوو.

بەڵام نەیدەزانی بەرەو مردنی خۆی دەڕوات.

## ٢

هەر ئەوەندەی پێی نایە نێو دارستانەکەوە ڕاستەوخۆ تارای کوبرای جن پەلاماری دا، بەڵام بەر لەوەی بیکوژێت ڕاستەوخۆ دەنگێک بەرز بووەوە:

– تارا.... مەکەەەە. تکایە ئەوە هاوڕێی منە.

تارا وەستا وەکوو ڕێزێک بۆ خاوەنی دەنگەکە بەڵام ئامادە بوو بۆ هێرشکردن:

– هاتووەتە نێو دارستانەکەوە بە پێی یاسای خێزانەکە دەبێت بیکوژین.

جومانا لە جێی خۆی ون بوو لە نێوان مەیسەم و تارادا دەر کەوتەوە ڕەنگی چاوەکانی سوور بووبوو لە تووڕەییدا گوتی:

هەر کەس هەوڵ بدات زیان بە هاوڕێکەم بگەیەنێت کەواتە دوژمنی منە ئەمەش یاسای هاوڕێیەتییە.

لەگەڵ ئەوەی جومانا بەهێز بوو، هێشتا تارا دەیتوانی بە ئاسانی مرۆڤەکە بکوژێت بەڵام وای نەکرد بەڵکوو چاوی داخست و ڕووی وەرگێڕا بەرەو دەرەوەی دارستانەکە و گوتی:

– بەخێرایی لێرە بیبە دەرەوە.

– سوپاس تارا هەرگیز ئەم چاکەیەت لە بیر ناکەم.

**

جومانا بردییە دەرەوەی دارستانەکە و گوتی:

– دەی پێم نەگوتیت نەیەیت بۆ ئێرە مێشکت چیی لێ هاتووە؟

– تکایە جومانا ڕزگاری بکە، ڕەیحانەیان ڕفاندووە.

– کەی و لە کوێیە؟

– کەمێک بەر لە ئێستە لە ڕێگای بیرەکە.

پاڕایەوە:

– ئەو تاکە هۆکاری ژیانمە، تکایە لەبەر هاوڕێیەتییەکەمان ڕزگاری بکە.

جومانا دەیزانی چەندە بەهێزە چونکە کچی جەباری ئیمپراتۆر بوو لەگەڵ ئەوەی زۆر بەهێز بوو بەڵام لەسەر هونەری شەڕ ڕانەهێرابوو لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی بە تەنیا بەسەر چیادا هەڵگەڕێت.

ویستی داوای هاوکاری لە خێزانەکانی بکات، بەڵام ڕاستەخۆ ئەو بیرۆکەیەی لە مێشکی کردە دەرەوە لەبەر ئەوەی خێزانەکەی هیچیان لە بارەی پەیوەندیی نێوان ئەو و مەیسەمەوە نەدەزانی ئەگەر بیانزانیبا ئەوا دەکەوتە کێشەیەکی گەورەوە.

– بڕۆ ماڵەوە منیش بۆت دێم.

مەیسەم فریای چاوتروکانیش نەکەوت جومانا لە پێش چاوی ون بوو و چووە جێیەکی تر.

**

لە نێو دارستانە تاریکەکەدا:

مارە کوبرا جنەکە خۆی بە چاوی خۆی ئەوەی دی کە مەیسەم لەوێ دوور دەکەوێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا هەستی دەکرد لە دواوە چاوانێک چاودێریی دەکەن، بەخێرای ئاوڕی دایەوە بەڵام کەسی نەدیت.

لەگەڵ ئەوەی ئەو پاسەوانی دارستانی ئیمپراتۆر بوو، فێری ئەوە بووبوو کە متمانە بە هەستەکانی خۆی بکات، چەند مەترێک چووە دواوە بەهۆی زمانیەوە هەستی پێ دەکرد.

پاشان زمانی هێنایەوە ژوورەوە چاوەکانی زەق بووبوونەوە لەو کارەساتەی کە لە بەر چاویدا ڕوویان دەدا.

لەسەر چیایەکی سەخت لە نیو یەکێک لە ئەشکەوتەکاندا پیاوێکی پیر هەبوو کە ناوی حەجاج بوو، بەتەنیا لەوێدا دانیشتبوو لەسەر بەردێک نینۆکە درێژەکانی بە بڕبەنێکی ئاسنین تیژ دەکردنەوە و گۆرانیی دەگوت:

**ئای کچەکەم ئای سکم، بە ڕاستی گۆشتی مرۆڤ خۆشە.**

**ئەگەر بێیتەوە بەبێ گۆشت ئەوا نینۆکمت تێدەچەقێم.**

پاش کەمێک کچەکەی کە ناوی غەلیلە بوو گەڕایەوە و کچێکی ڕەشپێستی لە بندەستدا بوو ئەوەش مانای ئەوە بوو ئەوە ژەمە خۆراکەکە بوو، هەر کە حەجاج بینیی ڕاستەوخۆ بڕبەنە ئاسنینەکەی فڕێ دا و بەرەو ڕووی ئەو ڕای کرد.

بەڵام بەر لەوەی نینۆکەکانی پێی بگات غەلیلە ئاگاداری کردەوە.

– وەکوو جاری پێشووت بەسەر دێت.

پیرەکە ئەوەی لە بیر کردبوو کە چی ڕووی دابوو جاری پێشوو کە ویستبووی پەلاماری نێچیرەکەی بدات ڕاستەوخۆ دەموددانی شکابوو گوتی:

– بەڵام من ئارەزووی گۆشتی خاو دەکەم.

کچەکەی بە میهرەبانییەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد دەترسا لەوەی باوکە پیرەکەی زیان بە خۆی بگەیەنێت:

– بەڵام پێدەچێت گۆشتەکەی جیڕ بێت و ئازاری ناو سکت بدات، با بۆت بکوڵێنم ڕەنگە بەو جۆرە ئاسانتر هەرسی بکەیت.

تۆزێ دەموچاوی دا بە یەکدا و گوتی:

– خێراکە زۆرم برسییە.

– بەسەر چاو باوکە.

**

لە دەرەوە:

غەلیلە مەنجەڵەکەی پڕ لە ئاو کرد و ئاگرێکی لەسەرخۆی بۆ پێکرد و لەو کاتەدا ئاوەکە دەگەیشتە ئەو ئاستەی کە کچەکە بکوڵێت.

غەلیلە پێشتر کێچ و کوڕی زۆری کوڵاندبوو. هەموویان هەوڵی بەرگریکردن، هاوارکردن یاخود تکاوپاڕانەوەیان داوە، بەڵام ئەم منداڵە جیاواز بوو:

– بۆچی بەم جۆرە بێدەنگیت؟ تۆ دەترسیت؟

بە متمانەبەخۆبوونەوە گوتی:

– تۆ دەبێت بترسی نەک من.

لەو کاتەدا هەر بە ڕاستی هەستی بە ترس دەکرد کە وای پێ گوت بۆیە بەڕەڕچی دایەوە:

– بۆچی دەبێت من بترسم؟

– لەبەر ئەوەی هاوڕێکەمت بەرەڵا کرد.

لەو کاتەدا هیچ ترسی نەما و پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەی کرد:

– پێم مەڵێ کە کەرەکەت دێت و ڕزگارت دەکات.

– پێم وا نییە لەوە دڵنیا بم.

زۆری پێ نەچوو غەلیلە ئەو قسەیەی بیستبوو و پێی وا بوو کە لە خەیاڵدایە، پاشان لە نێو گیرفانیدا قوتوویەکی بچووکی دەر هێنا لە دەمی ڕەیحانەی نزیک کردەوە و گوتی:

– بیخۆرەوە.

– ئەمە چییە؟

غەلیلە وەڵامی دایەوە:

– ئەم گیراوەیە یارمەتیت دەدات هەست بە ئازار نەکەیت.

– ئایا زیاترتان لایە؟

– تامەکەیت بە دڵ بوو ئازیزم؟

بەرە بەرە هۆشی لە دەست دەدا، گوتی:

– نا بەڵام تۆ و باوکیشت پاش کەمێکی تر پێویستتان دەبێت.

***

لە ڕاستیدا تامەکەی بە دڵ بوو.

غەلیلە هەستی بە داخ دەکرد بۆی ئەوە یەکەمین جار بوو هەست بە تاوان بکات لە کاتی کوشتنی نێچیرەکەیدا، ڕەنگە ئەو ڕۆژە ئەگەر باوکی کەمتر برسی بووایە نەیکوشتایە و بە سەلامەت بیگەڕانایەتەوە بۆ لادێکە.

**

پاش کەمێکی تر:

ئاوەکە دەستی بە قوولپەقوولپ کرد ئیتر کاتی ئەوە بوو کە نێچیرەکەی سەر ببڕێت و گۆشتەکەی بکاتە نێو مەنجەڵەکەوە تاکوو بە ئاسانی هەرس بکرێت.

نینۆکە تیژەکانی نزیک کردەوە لە ملی ڕەیحانە بەڵام بەر لەوەی لە یەکی بکاتەوە گوێبیستی دەنگێک بوو وەکوو تێکشکاندنی بەردەکان وا بوو، ئەو دەنگە سەرنجی ڕاکێشا بۆیە دەبوو بزانێت چییە، ئاوڕی دایەوە بەڵام هیچی نەدۆزییەوە پێی وا بوو تەنیا دەنگی شنەباکە بووە بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ سەر چێشتلێنانەکەی.

کاتێک غەلیلە تەواو بوو لە چێشتەکەی، گەڕایەوە بۆ ئەشکەوتەکە و قاپە خواردنە گۆشتە کۆلاوەکەی بە دەستەوە بوو کە پارچەپارچەی کردبوو لەسەر زەوییەکە داینا و گوتی:

– خواردنەکەت.

ڕاستەوخۆ حەجاج بەرەو ڕووی ڕای کرد و لێی خوارد.

کە دیتی کچەکەی لەگەڵیدا خواردنەکە ناخوات پرسیی:

– ئەی تۆ برسیت نییە؟

– برسیم نییە.

– پێم مەڵێ بەزەییت پێیدا هاتووەتەوە!

– نا بەڵام زۆر بەداخ بووم بۆ کوشتنەکەی.

– بۆ، چی تێدایە؟

– هیچ نۆشت بێت.

حەجاج لە خواردن تەواو بوو تاکوو ئەشکەوتەکە بەجێ بهێڵێت، بەڵام جەستەی قورس بووبوو بە ئەستەم دەیتوانی دەر بچێت، دیتی لە نێو ئەشکەوتەکەدا ئەو کچەی بڕیار بوو بیخوات خەوتووە.

لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئەگەر کچەکە هێشتا زیندوو بێت کەواتە ئەو گۆشتە چی بوو لێت نابوو؟

لەو کاتەدا غەلیلە لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە و بەرەو ڕووی ڕۆیشت.

ڕوخساری لە پێشوو جیاواز بوو کە لێی نزیک بووەوە، بوو بە کچێکی تر کە یەکەمین جار بوو ببینێت: کچەکە دوو چاوی قاوەیی بوندوقیی هەبوو، هەندێک وردەخاڵ بە دەموچاویەوە بوو بۆنی یاسەمینی لێ دەهات:

– ئەو خواردنەی بۆم دروست کردیت گۆشتی غەلیلەی کچت بوو.

بەر لەوەی دەرفەتی بدات هیچ بکات ڕاستەوخۆ جومانا لێی دا.

**دەبوو دەستبەجێ حەجاج بمرێت، بەڵام دڵی کەوتە دەستیەوە.**

بەڵام هەر زوو بە زوو پیرەکە توانیی بە هەموو هێزی خۆی هاوار بکات و تاکەکانی هۆزەکەی کۆ بکاتەوە بەر لەوەی جومانا بۆ هەمیشە بێدەنگی بکات.

دەنگی زۆر بەرز نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جومانا دەیزانی دەبوو ڕەیحانە هەڵبگرێت و ون ببێت. ئەوەی سەیر بوو نەیتوانی ون ببێت لەبەر ئەوەی کێشەە هەبوو لە وزەی ئاگرەکەی ناخیدا.

دووبارە و سێیارە هەوڵی دایەوە بەڵام بێسوود بوو:

**هەستی دەکرد شتێک کاری تێ دەکات.**

هەمیشە جومانا ئامۆژگاریی لە دایکی وەردەگرت ئەو کاتانەی کە ڕاهێنانی پێ دەکرد، جنەکان بە سروشتی خۆیان هێزەکانیان لە دەست دەدەن ئەگەر بێتوو کەسێک چاودێرییان بکات بێ چاوتروکان، پێدەچوو ئەوەی کە زانیارییەکەی دەزانی تەواوی کاتەکە بە چاوی کراوەوە تەماشای کردبێت.

جومانا وێستی هێرشی بکاتە سەر.

بەڵام بەر لەوەی یەک هەنگاویش بنێت ڕاستەوخۆ وەستا.

نەک لەبەر ئەوەی بیرکرنەوەی وەستابێت چونکە هۆکارێکی ئاسانتری دۆزیوەتەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هۆزێک لە سەعالی (دێو، جۆرێکە لە جۆرەکانی جنۆکە) چاویان تێ بڕیبوو لە هەموو لایەکەوە، تاکەکانی هۆزەکە هاواریان لێ دەکرد و وەکوو سوپایەکی مەیموونی تووڕە وەها بوون، لەو کاتەدا زانیی کە جگە لە مردنی هیچ شتێکی تر دڵیان چاک ناکەتەوە، هەر بۆیە بڕیاری دا بەر لەوەی ڕۆحی زیاتریان لێ بکوژێت، ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوو.

**بەڵام لە پڕێکدا**

**بێدەنگی باڵی کێشا بەسەر شوێنەکەدا.**

## ٥

ئەو بێدەنگییە بەهۆی کەسێکەوە بوو کە لە نێوان دێوەکاندا ( سەعالیبەکاندا) دەر چوو کە ناوی غەیسا بوو. پشتێکی کەمێک چەماوەی هەبوو بە یارمەتیی گۆچانێک دەڕۆیشت چونکە قاچەکانی هاوسەنگ نەبوون تەواوی کاتەکان تاکێک لە قاچەکانی مرۆڤ بوو ئەوەی تریش هی کەر.

غەیسا زیاتر هاتە پێشەوە تا لە بەردەمیدا وەستا و پرسیی:

– تۆ لە کام خێڵەی جنیت هەی شکستخواردوو؟

– ....

– قسە بکە هەی نەفرەتی.

– بۆچی پرسیاری خێزانەکەم دەکەیت، ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بە بابەتەکەوە نییە.

دێوەکە پێکەنینی لە پێکەنینداد دانە زەرد هەڵگەڕاوەکانی دەر کەوتن، بەو جۆرە وەڵامەکەی درک کرد:

– کەواتە تۆ لە ئیمپراتۆری، هەر لەبەر ئەوەش بێدەنگ بوویت.

جومانا بێدەنگ بوو ئەوەش مانای بەڵێ بوو.

– کچی کامیانی؟

– جەبار.

هەر کە غەیسا ئەو ناوەی بیست ترس و شڵەژان دایگرت، لەبەر ئەوەی دەیزانی جەبار چیی لێ دەکات ئەگەر بێتوو بزانێت یەکێک لە خێڵەکەی غەیسا ئازاریان داوە، گوتی:

– ئەم شوێنە جێ بێڵە و مەگەڕێوە هەرگیز.

بەڵام غەیسا کە وای گوت ڕاستەوخۆ هاتوهاوار و دەنگەدەنگ لە نێو تاکەکانی خێڵەکەدا بەرز بووەوە، لەو کاتەدا دەیزانی کە دەبێت قایلیان بکات گوتی:

– بەڵام ئەو کچە ڕەشپێستە لێرە دەمێنێتەوە.

جومانا تونـدتر ڕەیحانەی گرت بە خۆیەوە گوتی: بۆ بمێنێتەوە؟

– خوێنی دەڕێژین هەر وەک چۆن خوێنی خەڵکەکەی ئێمەت ڕشتووە.

– ئەی ئەگەر بڵێم نەخێر.

– داوای مۆڵەتی تۆم نەکردووە.

لەو کاتەدا سیان لە دێوە بەهێزەکان توند دەستی جومانایان گرت تاکوو نەجووڵێت و ڕەیحانەیان لە بندەستی دەر هێنا.

ئەویش بەرزی کردەوە و گوتی:

**– خوێنی ئەم کچە ڕەشە بەرانبەر بە خوێنی غەلیلە و حەجاجە.**

دووبارەی کردەوە بە دەنگێکی بەرزتر:

**– خوێنی ئەم کچە بەرانبەر خوێنی غەلیلە و حەجاجە.**

جارێکی تر بەرزتر:

– خوێنی ئەم کچە ڕەشە بەرانبەر خوێنی غەلیلە و حەجاجە.

تەواوی تاکەکانی هۆزەکە دووبارەیان دەکردەوە.

جومانا بە هەموو هێزێکیەوە هەوڵی دەدا کە ڕەیحانە ڕزگار بکات بەڵام سەعالییەکان زۆر بەهێز بوون خۆیان دابوو بەسەر جومانادا و نەیاندەهێشت بە هیچ جۆرێک بجووڵێت و جوماناش ناچار بوو ئەو دیمەنە ببینێت.

غەیسا دەستی بەرز کردەوە نینۆکە درێژە پیسەکانی دەر کەوتن و بەرەو ملی ڕەیحانە ئاڕاستەی کرد.

## ٦

جومانا نەیتوانی بەرگەی ئەو دیمەنە بگرێت بۆیە چاوەکانی داخست و بە هەموو هێزی خۆی قریشکەی لێ بەرز بووەوە.

کە چـــاوی کـــردەوە کەللەســـەرێک کەوتە بەردەم پێـــی کە کەللەسەرەکە هی ڕەیحانە نەبوو بەڵکوو هی غەیسای سـەعالی بوو.

لەو کاتەدا هەستی دەکرد خەون دەبینێت بەڵام دیتی هەموو سەعالییەکان بە دەوریەوەن و سەریان لە لاشـەیان بووەتەوە و لەسەر زەوین.

خوێن وەکوو باران دەباری لە سەرە بڕاوەکانەوە.

**

جومانـــا هەرگیـــز نەیـــدەزانی کە خـــاوەنی ئەو هێـــزەیە بە هاوارێک دەتوانێت سەری هۆزێک لێ بکاتەوە.

بۆیە ڕەیحانەی هەڵگرت و شوێنەکەی جێ هێشت.

نەیدەتوانی وزەی گواستنەوە بەکار بهێنێت لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری وزەکەی بەکار هێنابوو بۆیە بە پێ تەواوی ڕێگەکەی بڕی تاکوو گەیشتە لادێکە.

**

لەگەڵ ئەوەی ماندوو بووبوو بەڵام دڵخۆش بوو.

لەبەر ئەوەی ڕەیحانەی ڕزگار کرد و توانیبووی لە جێی گومانی باشی هاوڕێکەیدا بێت.

لەو کاتەدا هەموو ئەوەی دەیویست بینینی چاڵی ڕوومەتی کچەکە بوو کە پێدەکەنی.

دەیزانی کە لێی دەپرسێت کە بۆچی بەو جۆرە قوربانی بە ژیانی خۆی دا وە ئەویش پێی دەڵێت:

**هاوڕێیەتی شایەنی هەموو شتێکە، تەنانەت شایەنی ئەوەیە مرۆڤ ژیانی لە پێناویدا دابنێت.**

**

کە گەڕایەوە ماڵەکەی مەیسەم لە دەرگاکەی دا.

کەمێک وەستا بەڵام نەکرایەوە پێی وا بوو کە دەبێت چاوەڕێی بکات گوێی لە دەنگی دەرگاکە نەبوو، ئەم جارە تووندتر لێیدا.

بەڵام وەڵامی دەست نەکەوت بۆیە دەرگاکەی شکاند و چووە ژوورەوە.

**

بەڵام بەر لەوەی بگاتە ژوورەکە لە جێی خۆیدا وشک بوو بەوەی کە بینی:

**خوێن...**

**خوێنێکی زۆر لە یەکێک لە دەرگای ژوورەکانەوە دەهاتە دەرەوە.**

**

ڕەیحانەی داگرت و دەرگاکەی کردەوە:

**شتێکی دیت کە ئاواتی دەخواست بمردایە بەر لەوەی ببینیایە.**

## ٧

مەیسەم لە سەر زەوییەکە لە نێو خوێنی خۆیدا گەوزا بوو، خوێنی زۆر لە جەستەی دەڕۆیشت وەک بڵێیت مردن لەسەر سەری خولابێتەوە.

هەستی بە تینوویەتی زۆر دەکرد هەستی دەکرد کە شتێک بەسەر دڵیدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەدا گوتی:

– کوا کچەکەم؟

جومانا هێندە ترسابوو نەیدەتوانی قسە بکات.

– ئایا توانیت ڕزگاری بکەی جومانا؟ ئەو باشە؟

– بەڵێ، باشە.

کە گوێی لەوە بوو پێکەنی بەو جۆرە چاڵی ڕوومەتی دەر کەوت و گوتی:

– چۆن بزانم کە تۆ هەڵم ناخەڵەتێنیت.

لێی نزیک بووەوە لە نێو خوێنەکەدا و گوتی:

– با برینەکەت ببینم ڕەنگە...

قسەکەی پێ بڕی: خەمی منت نەبێت کوشندەیە بێ گومان چاکبوونەوەی نییە.

سەری مەیسەمی بەرز کردەوە و بە تووڕەییەوە گوتی:

– کێ وای لێ کردوویت؟

– نازانم.

چاوی داخست و کردییەوە:

– لێدانەکە بە سنگت کەوتووە کەواتە بکەرەکەت بینیوە.

– پێت دەڵێم بەڵام بە مەرجێک لای کەس هیچ نەڵێیت.

– دڵنیا بە کە هۆکارێکم نابێت بۆ تۆڵەکردنەوەت.

– ئەوە کۆتا داواکاریمە پاشان گوتی تکایە ئازاری مەدە باشە؟

– ...

– باشە؟

– ...

– جومانا پێم بڵێ کە کۆتا داواکاریم بەجێ ناهێنیت؟

– تەواو ڕێکەوتین.

بە گوێیدا چرپاندی:

– دایکت بوو.

## ٨

جومانا لەو کاتەدا هەستی بە تێکەڵبوونی هەستەکانیی دەکرد: هەستی بە شەرمەزاری دەکرد لەبەر ئەوەی دایکی هۆکار بوو هەروەها هەستی پەشیمانی، زۆر پەشیمان لەبەر ئەوەی ئەگەر زوو پەیوەندیی لەگەڵدا بپچڕاندایە ئەمە ڕووی نەدەدا.

مەیسەم دەستە گەورە ڕەشەکانی خستە سەر ڕوومەتە سپییەکانی و وەکوو ئەوەی ئەوە بخوێنێتەوە کە لە میشکیدایە:

– نامەوێت هەست بە پەشیمانی بکەیت، ناسینی تۆ جوانترین شت بووە بەسەرمدا هاتبێت لە تەواوی ئەو هەموو ساڵانەدا.

– ئایا لەمەبەدوا چیتر هاوڕێ نین؟

– دەبین بەڵام هەرگیز یەک نابینینەوە.

وەسێتی دەکرد:

– هەمیشە لە یادت بێت لەبیرکردن ئازاری مردووەکان دەدات.

گوتی:

– لە نەبوونتدا گرنگی بە ڕەیحانە دەدەم.

– نەخێر، دایکت لێی ناگەڕێت.

– ئەی ئاوا بێسەرپەرشت بەجێی بهێڵم؟

– دز چاوەڕێی مردنە لە هەر ساتێکدا بێت، بۆیە پێم گوتووە کە چی بکات دوای ئەوەی شتێکم لێ دێت، خەمت نەبێت خۆی دەزانێت چۆن ڕەفتار بکات.

پاشان بە سەختی پاڵی دایەوە بە دیوارەکەی پشتیەوە.

– خوێنی زۆرم لێ ڕۆیشتووە دەمەوێت بە ئاسوودەیی بمرم بەڵام شتێک هەیە ڕۆحمی قورس کردووە ناهێڵێت دەر بچێت.

– چییە؟

– نهێنییەکی کۆن کە بۆ خۆمم هەڵگرتووە، بەڵام ئێستا دەمەوێت لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە تاکوو ڕۆحم ئاسوودە ببێت و بە ئاسوودەیی بڕوات بۆ ئاسمان.

جومانا گوێی شل کردبوو بۆ قسەکەی.

ئەویش چاوەکانی پڕ بووبوون لە فرمێسک تاکوو لە کۆتاییدا نهێنییەکەی بدرکێنێت.

## ٩

– لەم جیهانەدا چاوم هەڵهێناوە کۆیلە بووم، کۆیلەی یەکێک لە خێزانە دەوڵەمەندەکانی **مەملەکەتی ئەژدیها** بووم، لە نێوان ئەو ئافرەتانەی خێزانەکەدا ئافرەتێک هەبوو ناوی **ڕەیحانە** بوو.

هەستی دەبزووا کە ناوی دەهێنا، قسەکەی تەواو کرد:

– یەکگرتنمان چیرۆکێکی درێژە پێم وا نییە کاتی تەواوم لە بەردەستدا بێت بۆت باس بکەم بەڵام ئەوەی لە چیرۆکەکەدا گرنگە ئەوەیە هەر یەکەمان ئاشقی ئەوەی تر بووین بڕیارمان دا ڕابکەین هاوسەرگری بکەین، ئەمە ڕووی دا:

ڕایان کرد بۆ مەملەکەتی ئەبابیل و لە دێی جەساسە نیشتەجێ بوون و بە یەکەم منداڵ خودا بەسەری کردنەوە کە کوڕێک بوو.

دوای حەوت ساڵ، لە ڕۆژێک لە ڕۆژاندا کە ژنەکە بە منداڵی دووەم دووگیان بوو تووشی نەخۆشییەک بوو، هاوسەرەکەی هەڵی گرت و بردی بۆ لای حەکیم و پێی گوت:

بارودۆخی زۆر مەترسیدارە و پێویستی بە دەرمان هەیە ئەگەر نا خۆشی و منداڵەکەی نێو سکیشی دەمرن.

دەرمانەکە لە بازاڕ هەبوو بەڵام زۆر گران بوو مەیسەم پێی دابین نەدەکرا، لەو کاتەدا نەشیدەتوانی ببینێت هاوسەرەکەی بە بەرچاویەوە دەمرێت و هیچی لە دەست نەیەت:

– ئەوە هاوسەرمە جومانا، ئەو ژنەی کە وازی لە خێزان و سامانی دونیا و هەموو شتێک هێنا لەبەر من.

– چیت کرد؟

بە دەنگی پڕ پەژارەوە گوتی: دەرمانەکەم بۆ پەیدا کرد.

– چۆن پەیدات کرد؟

چاوەکانی داخست و فرمێسکەکانی دەخواردەوە.

پێدەچوو ئەوە ئەو نهێنییە بێت کە ڕۆحی قورس کردووە:

– کوڕە حەوت ساڵانەکەمم فرۆشت.

بە سەرسامییەوە جومانا پرسیی:

– بە کێ؟

– بازرگانێک لە بازاڕی کۆیلەکان.

– ئەی هاوسەرەکەت کاردانەوەی چی بوو کە بە ڕاستییەکەی زانی؟

– لە خەفەتاندا مرد.

بەردەوام بوو:

– بە دوایدا بۆ مردنیش دەڕۆیشتم بەڵام حەکیمەکە گوتی توانیویەتی کە منداڵەکەی نێو سکی ڕزگار بکات و بۆیە بڕیارم

دا که کچەکەم بەخێو بکەم و ژیانمی بۆ تەرخان بکەم و ناوی بنێم ڕەیحانە.

– ئەی کوڕەکەت چی بۆچی هەوڵت نەدا بیگەڕێنیتەوە؟

– نەمتوانی، بازرگانەکە گوتی ئەو ئێستا خاوەنی کوڕەکەمە و ئەگەر بمەوێتەوە ئەوا دەبێت دووبارە بە نرخێکی بەرزتر بیکڕمەوە، داوام لێ کرد هیچ نەبێت ڕێگەم بدات بۆ کۆتا جار قسەی لەگەڵدا بکەم و ئەویش قایل بوو.

لەو ڕۆژە ناخۆشەدا مەیسەم کە چوو بۆ لای کوڕەکەی بینی کە لە نێو قەفەسێکدا بەندی کردووە:

لێی نزیک بووەوە و بانگی کرد:

– ئەیووب.

بەڵام کوڕەکە وەڵامی نەدایەوە سەرەتا وای زانی گوێی لێی نییە بۆیە دووبارە بانگیی کردەوە:

– هەی مێرووی بێزارکەری بچووک، تەماشای ئێرە بکە، باوکت.

ئەیووب وەڵامی دایەوە بەبێ ئەوەی لای بۆ بکاتەوە:
– من ئێستا کۆیلەم کۆیلەش دایک و باوکی نییە.

– ئەم قسانە چین؟ کێ ئەم قسانەی بۆ کردوویت کوڕەکەم؟

لەو کاتەدا کارمەندەکانی بازرگانەکە هاتن و کەلوپەلەکانی هەڵدەگرت بۆ ڕۆیشتن یەکێکیش لەوان دەبوو قەفەسەکە ببات کە کوڕەکەی تێدا بوو.

مەیسەم هەوڵی دا ڕێگرییان لێ بکات بەڵام ئەو کەسەی بەرپرسی سەلامەتیی قافڵەکە بوو پاسەوانێکی بەهێز بوو بۆیە بە تووندی کێشای بە سەری مەیسەمدا و لە هۆش خۆی برد.

دوای کاتژمێرێک کە مەیسەم بە هۆش هاتەوە دیتی کە لەسەر زەوییەکەدا بە تەنیا کەوتووە بە خێرایی ڕایکرد بە دوای قافڵەی بازرگانەکەدا، بەڵام دەیزانی هیچ شتێک ناتوانێت کوڕەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە بە بوونی ئەو هەموو پاسەوانە.

هەموو ئەوەشی دەیویست بە کوڕەکەی بڵێت ئەوە بوو:

**– تکایە بمبووڕە کوڕەکەم، پێم بڵێ لێم خۆش دەبێت.**

قافڵەکە دوور کەوتبووەوە بەڵام ئەیووب گوێی لە دەنگی باوکی بوو هیچ وەڵامی نەدایەوە مەیسەم بەردەوام بوو لە ڕاکردن بە دوای قافڵەکەدا "تکایە بمبووڕە تکایە بڵێ دەمبووریت ماندوو بوو لە جێی خۆی کەوتە سەر زەوییەکە ئیتر قافڵەکە لە نێو تۆز و خۆڵەکەدا ون بوو دیار نەما.

## ١٠

.

که ئەو نهێنییەی درکاند هەستی کرد که ئیتر ڕۆحێ سووک بووە و بە ئاسانی دەیەوێت لە هەر ساتێکدا جەستەی جێ بهێڵێت داوای پارچە کاغەزێکی کرد، جومانا کاغەزێکی بۆ هێنا:

– دەمەوێت نامەیەک بۆ کچەکەم جێ بهێڵم.

جومانا کاغەزەکەی خستە بەر دەستی و دەستی کرد بە نووسین.

هەر بەو خوێنەی لێی ڕۆیشتبوو نامەکەی نووسی کە تەواو بوو داوای لێ کرد بیداتە کچەکەی دواتر بیخوێنێتەوە.

**

چەند خولەکێکی قورسی بێدەنگی تێپەڕی.

مەیسەم هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد کە ئەو نهێنییەی درکاندووە، بەڵام هەستی بە پەشیمانیش دەکرد لەبەر ئەوەی دەترسا جومانا شەرم بکات لەوەی هاوڕێیەکی وەکوو ئەوی هەیە.

ئەوەش وای کـرد ترسـەکەی بە سـەریدا زاڵ بێـت، ئەوەی ڕاسـت بـوو ئەوە بـوو کە مەیسـەم کـارێکی کردبـوو شـایەنی لێخۆشبوون نەبوو.

لەو کاتەی کە کۆتا هەناسەکانی دەدا بیری لەمە دەکردەوە:

– خێزانێـک هەیە کە لە نێویـدا لەدایـک دەبـین و خێـزانێکیش خۆمان دیاری دەکەین کە گەورە دەبین، پرسیی:

– ئایا هەرگیز **هیلانات** بیستووە؟

سەری لەقاند بە ئاماژەی نەخێر.

مەیسەم:

– هیلانا واتە خێزان.

هیلانـا دەسـتەواژەیەکی کـۆنە، کە شارسـتانییەتە کۆنەکـان بەکاریان هێناوە بە تەواوەتی بە مانای ئەمە دێت:

**ئەو خێزانەی کە بە دەستی خۆت دەستنیشانی دەکەیت ئەو کاتەی گەورە دەبیت.**

یەکێک لە یاساکانی هیلانای پێ گوت:

– لەو خێـزانەدا گرنـگ نیـیە ئەنـدامەکانی لە هەمـان ڕەگەز و پێست و جۆر و خوێن بن، لەو خێزانەدا گرنگ ئەوەیە کە بتوانن سوود بە یەکتر بگەیەنن.

هەروەکوو چۆن جاری یەکەم دەستی درێژ کرد بۆی تاکوو ببنە هاوڕێ بە هەمان شێوە دەستی درێژ کرد بۆ کۆتاییەکەی و گوتی:

– به هەمان شێوە من و تۆش هیلانایەک بووین.

جوماناش زەردەخەنەی بۆ کرد: من و تۆ هیلانایەکین.

دواتر بەرەبەرە زەردەخەنەکەی نەما و دەستی کەوتە سەر زەوییەکە.

.

**

لە ڕۆژانی داهاتوودا جومانا درکی بەمە کردبوو:

دەکرێت مرۆڤ بەرگەی هەموو ئازارێک بگرێت تەنیا ئازاری لەدەستدانی خۆشەویستانی نەبێت، چونکە ئەو لەدەستدانە بینینەوەی نییە.

**

چاوەکانی داخست و داوای لیخۆشبوونی بۆ کرد لای خودا بەرانبەر هەڵەکانی.

پاشان بردی بۆ گۆڕستانی دێی جەساسە و لەوێدا ناشتی، بێ گومان لە بیری نەکرد، ئەو نامەیەی کە بۆ کچەکەی نووسیبوو لای سەریدا بۆی دانا کە بە خوێن لێی نووسیبوو:

دایک و باوکت مردن، تاکوو کەسیان بە تەنیا نەمێننەوە.

## ١١

که جومانا تەواو بوو لە ناشتنی ئامادە بوو بۆ ئەوەی بزانێت چـی بکـات بەڵام سەرسـام بـوو بەوەی دیتـی کەسـێک لە بەردەمیەتی کە چاوەڕێی بینینی نەبووە:

– تۆ؟

ئەو کەسە تاجی دایکی بوو، هەر بۆیە سەرسام بوو بە بینینی لەو کاتەدا پێی وا بوو دوای کوشتنی مەیسەم بۆ چەند مانگێک ون دەبێت.

بە هەموو هێزیەوە ویستی ڕووبەڕووی ببێتەوە بێ گومان نەیدەویست بیکوژێت بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر تووڕە بوو.

ئەویش نەیدەویست بچێتە ڕووبەڕووبوونەوەی کچەکەی بۆیە خۆی دوور خستەوە و گوتی:

– چاوەڕێی ئەو هیچوپووچییەت نەبووم.

جومانا: «هیچوپووچ ئەو کەسەیە کە ئەنجامی کارەکانی لە بیر دەکات و کاردانەوەی ئەوانی تری بەلاوە گرنگ نییە.»

– لەو کاتەوەی بەم مرۆڤە ئاشنا بوویت ئاگات لێیە چەندە خۆت دەخەیتە بارودۆخی مەترسیدارەوە؟ هەر لەبەر ئەوەش بوو دەبوو بیکوژم تاکوو بتپارێزم.

– چۆن توانیت بیکوژیت؟

– هاتە نێو دارستانە تاریکەکە، بۆیە باوکت فەرمانیی دا و منیش کوشتم.

ئەو دەمەقاڵێیە هۆکارێک بوو کەمێک لە تووڕەییەکەی کەم ببێتەوە بە جۆرێک هێور بووەوە کە ڕاستەوخۆ وەسێتەکەی مەیسەمی بیر کەوتەوە و چیتر هێرشی نەکردە سەر.

**باشترە ئەو جێیە بەجێ بهێڵین کە تێیدا گفتوگۆکردن سوودی نامێنێت،** ئەوە یەکێک لە یاساکانیان بوو کە فێری بووبوو.

بۆیە دەبوو هەمیشە هێمن بێت تاکوو بتوانێت شوێنێکی گەورە بە دەست بهێنێت لە دڵی ئەوانی تردا و لەو کاتەی کە کاتی گونجاو هات هێرش بکات، تەنیا دوورکەوتنەوە لە تاج بەس بوو بۆ لەناوبردنی.

– من چیتر پێویستم پێت نییە.

لە سەرەتادا تاج لەو هەڕەشەیە نەترسا و جومانا گوتی:

– باوکم ڕێگەی داویت بێیتە نێو قەڵاکە تەنیا لە کاتێکدا کە پێویستم پێتە، ئێستا من پێت دەڵێم کە چیتر پێویستم پێت نییە بۆیە لەم ساتە بە دواوە قەدەغەیە بێیتە نێو قەڵاکەوە.

ڕاستەوخۆ تۆنی دەنگی تاج گۆڕا کە هەستی بەو سزا گەورەیە کرد بۆیە هەوڵی دا داوای لێبوردنی لێ بکات بەرانبەری:

– من دایکتم.

بەڵام جومانا تەواوی ڕێگەکانی لێ داخست:

– لەم ساتەوە تۆ چیتر دایکی من نییت، من هەرگیز لەم هەڵەیەت نابوورم ، هەرگیز.

پاشان ون بوو.

تاج هەستی بە دڵتەنگییەکی زۆر کرد دوای ئەوەی کچەکەی جێی هێشت لە پاڵ گۆڕەکەی مەیسەمدا دانیشت و لەگەڵ گۆڕەکە کەوتە قسە:

– ئەوەی لە دەستت هات کردت ئێستا نۆرەی منە.

لە ڕاستیدا تاج دوای ئەوەی کە دیتی مەیسەم پێی خستووەتە نێو زەویی دارستانە تاریکەکە ئەوەی بە هەل زانی بۆ کوشتنی.

دوای ئەوەی مەیسەم لە دارستانەکە گەڕایەوە و چووە ماڵەوە ئافرەتێکی نامۆی دیت: لەگەڵ ئەوەی پیر بوو بەڵام هێشتا بە جوانی مابووەوە و ئەوەش مانای ئەوە بوو کاتێک گەنج بووە زۆر فیتنە و فەساد بووە.

لە ڕێگەی ڕوخسار و زمانی جەستەیەوە ئەوەی بۆ دەر کەوت کە هاتووە ئازاری بدات.

بیری لەوە کردەوە کە چەقۆکە لە ژێر جلەکانی دەر بکات و هێرشی بکاتە سەر وەکوو ئەوەی خۆی ئامادە کردبوو.

– چەقۆکەت با لە جێی خۆی بێت من بەو جۆرە نامرم.

– تۆ کێیت؟

– من تاجم، پێم وا بێت کچەکەم پێشتر باسی منی بۆ کردوویت.

– چیت دەوێت؟

بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێی گوت:

– هاتووم بتکوژم بابەتەکە گفتوگۆ هەڵناگرێت.

تاکوو ترسی زیاتر دایبگرێت گوتی:

– دواتریش کچەکەت دەکوژم... بەڵام ئەگەر بێتوو...

– ئەگەر چی؟

– ئەگەر داوا لە جومانا بکەیت کە تۆڵەم لێ بکاتەوە.

تـــاج به ئاســـانی دەیتـــوانی بیکوژێـــت بەبـــێ ئەوەی هـــیچ ئاســـەواریک جێ بهێڵێت بەڵام چونکە دەیزانی کە کـچەکەی بـێ گومـــان شـــوێنەواری دەدۆزیـــتەوە و جـــگە لە تـــاجیش کەس بەرژەوەندیی لەگەڵ کوشتنی مەیسەمدا نەبوو.

ئەو پێی وا بوو کە مردن گەڕانەوەی نییە گوتی:

– داوای لێ ناکەم تۆڵە بکاتەوە بەڵام بە مەرجێک.

– لەم بابەتەدا هیچ مەرجیک بوونی نییە بەڵام هەر بیڵێ.

– ڕەیحانە تەنیایە لەم ژیانەدا.

– پێم مەڵێ دەتەوێت گرنگی پێ بدەم.

– نـا بەڵام دەمەوێت بیگەڕێنیـتەوە بـۆ خێزانـی دایکـی کە لە مەملەکەتی ئەژدیهان.

تـاج بێـدەنگ بـوو بێدەنگییەکەشـی بە واتـای ئەوە دەهـات کە ڕازییە.

ئەویش گوتی: دوام بکەوە شتێکت پێ دەدەم.

چووە ژوورەوە.

لەوێـدا ملـوانکەیەکی دەر هێنـا کە دەگەڕایەوە بـۆ خێزانـی هاوسەرەکەی.

دەستی بۆ درێژ کرد و گوتی:

– بەم ملـوانکەیە خێـزانەکەی دەیناسـنەوە و گرنگیـی پـێ دەدەن.

ملوانکەکەی لێ وەرگرت پاشان پرسیی:

– نـازانم بـۆچی کـچەکەم بەم جـۆرە خـۆی کـردووە بە قوربانیی ئێوە؟

وەڵامی دایەوە بەوەی کە جومانا هەمیشە دەیگوت:

– لەبەر ئەوەی هـاوڕێیەتی جـوانترین شـتە کە مـرۆڤ قوربانیی لە پێناودا بدات.

– قسە بێماناکانی مرۆڤەکان وەکوو هەمیشە.

پاشان زرمێکی لە سکی دا و بەر لەوەی جێی بهێڵێت لە نێو خوێنی خۆیدا گوتی:

**– ئەگەر پابەند بیت بە لایەنی بەڵێنەکەتەوە منیش پابەند دەبم بە لایەنی خۆمەوە.**

جومانا لە ژوورەکە دەر کەوت و کەلوپەلەکانی دەشکاند بەو جۆرە تووڕەبوونی خۆی بەتاڵ دەکردەوە تاکوو هەموو شتەکانی لە نێو برد.

لە نێو هەموواندا دانیشت و سەری خستبووە نێو سەرینەکەی و بیری لە ڕووداوەکان دەکردەوە.

یەکەم شت: **پێویستە هۆگر بوویت پەنگە ئەوە هۆکاری ڕۆیشتنی بووبێت، بۆیە بڕیاری دا جارێکی تر هێندە هۆگری هیچ نەبێت تاکوو لە دەستی نەدات.**

دووەم: **هەرگیز هێندە بە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کەسدا نەکردبوو وەکوو ئەوەی لەگەڵ دایکیدا کردی، بەڵام دەیزانی کەس حیساب بۆ کەسە باشەکان ناکات، بۆیە ئەگەر دەتەوێت کەمترین زەبرت بەر بکەوێت، باش مەبە.**

سێیەم و کۆتای: دوای تێڕامانێکی زۆر گەیشتە ئەم باوەڕە:

**هەموان هەزار جار بیر دەکەنەوە بەر لە هەڵسانی هەر هەنگاوێک بەرانبەر کەسێکی بەهێز بەڵام لاوازەکان کەس بیریان لێ ناکاتەوە.**

بە خۆی گوت:

– ئەوەی لە یەکەم پێوەدان ئاقڵ نەبێت، شایەنی هەزار جار پێوەدانە.

لەسەر ئەو قسەیە بڕیاری دا کە داوا لە باوکی بکات مەشقی پێ بکات و بتوانێت پەرە بە هێزەکەی بدات.

لەو کاتەی هەوڵی دەدا لە واقع ڕابکات دەخەوت، بەڵام ئەو جارە کات زۆر تێپەر بووبوو هەر نەخەوتبوو، بۆیە ژووڕەکەی جێ هێشت و ڕۆیشت بۆ ئەو جێیەی کە ئارامیی پێ دەبەخشی.

**

لە بەردەم دەریاچەکەدا دانیشت.

ئەو دەریاچەیە سنووری دارستانە تاریکەکە بوو کە هەستی دەکرد چەند هەنگاوێک لێی نزیک دەبووەوە، پێویستیشی بەوە نەبوو ئاوڕ بداتەوە چونکە دەیزانی کێیە.

کە ڕوخساری وەکوو خۆرێکی کوژاوەی لێ هاتبوو.

بە باشی دەیزانی باوکی نەهاتووە تاکوو باسی ڕووداوەکەی لەگەڵدا بکات بەڵکوو هاتووە تاکوو لە خەمەکەی کەم بکاتەوە، بۆیە ڕاستەوخۆ خۆی هەڵدایە باوەشی باوکی.

ئەو کاتانەی بێدەنگی دەیباتەوە، هیچ پرسیارێک ناکرێت.

دوای چەند چرکەیەک گوتی:

– ئایا دەزانیت من و ئەساتیری برام چۆن دەنووستین کاتێک منداڵ بووین؟

– بەڵێ چیرۆکم بۆ دەگێڕانەوە.

– ئەی بیرتە لە کۆتایی هەموو چیرۆکەکاندا چییت پێ دەگوتین؟

– بیرمه.

به گاڵتەوە گوتی:

– ئێستا گەورە بوویت، ناکرێ چیرۆکی پێش خەوتنت بۆ بگێرمەوە کچەکەم.

– دەتوانم ئەمشەو بگەڕێمەوە بۆ منداڵیی ئەو کچە بچووکە؟

دەیزانی کە پێویستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە نییە بەڵکوو دەیەوێت گوێی لە قسەیەک بێت دڵی هیور بکاتەوە، وەکوو دەنگی باوک بۆ کچەکەی.

– کەواتە باسی چیرۆکەکەی پێغەمبەر سولەیمانت بۆ دەکەم.

چاوەکانی داخست و خەیاڵی دەکردەوە کە ئەویش لە نێو شانۆی ڕووداوەکاندایە.

جەبار بەم جۆرە دەستی بە چیرۆکەکە کرد:

– زەمەنێکی زۆر کۆن، کۆن کچەکەم...

## ١٢

– پێغەمبەر سوولەیمان ئەو ڕۆژە لەسەر عەرشەکەی دانیشتبوو بە چواردەوریشیدا وەزیرەکانی و ڕاوێژکارانی مەملەکەتەکەی دانیشتبوون لە نێویاندا پیاوێکی نامۆ هاتە ژوورەوە.

هەموویان یەکەم جاریان بوو ئەو پیاوە ببینن لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر سولەیمان بە جۆرێک قسەی لەگەڵ دەکرد وەک ئەوەی هاوڕێیەکی دێرینی خۆی بێت.

کە پیاوەکە ڕۆیشت لە نێو مەجلیسی وەزیراندا، وەزیرێک هەستا و لە عەرشەکە نزیک بووەوە و لە پێغەمبەری پرسی:

– ئەو پیاوە کێ بوو ئەی پێغەمبەری خودا؟

– بۆچی دەپرسیت؟

– لەبەر ئەوەی بە جۆرێک تەماشای دەکردم دڵمی پڕ ترس کردووە، بۆ خاتری خودا کێ بوو پێمان بڵێ؟

پێغەمبەر وەڵامی دایەوە:

**– ئەوە فریشتەی گیانکێشان بوو لەسەر شێوەی پیاوێک هاتبوو بۆ لام.**

ترسێکی زۆر کەوتە دڵی وەزیرەکەوە لەبەر ئەوەی فریشتەی مردن بوو، ئێنجا جگە لە ئەو تەماشای کەسی نەکرد، وەزیرەکە گوتی:

– ئەی پێغەمبەری خودا دەمەوێت فەرمان بە با بکەیت بمگوازێتەوە بۆ وڵاتی هیندستان.

ماوەی نێوان مەملەکەتی سولەیمان و هیند دوور بوو، بۆیە ئەو کەسەی گەشتی دەکرد چەند مانگێکی پێ دەچوو تاکوو دەگەیشتە ئەوێ، هەر بۆیە وەزیرەکە داوای کرد با بیگوازێتەوە بەو جۆرە کەمتری پێدەچوو.

پێغەمبەر سولەیمان دەیزانی کە ڕاکردن لە قەدەر نییە بۆیە گوتی:

– ئەگەر خودای گەورە بیەوێت ڕۆحت بکێشێت ڕاکردنت سوودی نییە.

وەزیر گوێی بە ئامۆژگارییەکەی نەدا بەڵکوو لێی پاڕایەوە تاکوو پێغەمبەر فەرمانی بە با کرد بیبات بۆ وڵاتی هیندستان.

**

ڕۆژی دواتر پیاوە نامۆکە (فریشتەی مردن) هاتەوە بۆ سەردانی مەجلیسی سولەیمان و سولەیمان لێی پرسی:

– وەزیرەکەمان دوێنێ زۆر ترساوە بۆچی بەو جۆرە تەماشات دەکرد؟

فریشتەی مردن وەڵامی دایەوە:

– لەبەر ئەوەی فەرمـــانم پـــێ کرابـــوو کە دوای چەنـــد کاتژمێرێک لە کاتی سـەرزەوی و لە خاکێک دوور لە خـاکەکەت ڕۆحـی بکێشـم، بـۆیە سەرسـام بـووم کە لە نێـو مەجلیسـەکەتدا بینیم لە کاتێکدا پێم وا بوو لە جێیەکی تری.

– لە کوێ فەرمانی مردنی دەر چووە؟

– لە وڵاتی هیند.

– ئەی چییت کرد؟

– لە کـاتی دیـاریکراودا کە فەرمـانم پـێ کرابـوو وەزیـرەکەتم دۆزییەوە، چووم و ڕۆحیم کێشا.

**

لە ڕاستیدا جەبار لە خۆڕا ئەو چیرۆکەی نەگێڕایەوە.

بەڵکوو تـاکوو کـچەکەی تێبگەیەنێت کە مـردن بـۆ هـاوڕێکەی نووسـرابوو هەر لەبەر ئەوەش مـردووە چـونکە ویسـتی خـودای گەورە بـووە، بـۆیە ئەگەر تـاجیش نەبـووایە هەر کەسـێکی تر بـا دەیکوشت.

جومانـــا لەوە تێگەیشـــت و ســـوودی لە چیـــرۆکەکە دی، دڵتەنگییەکەی کەمێک ڕەوییەوە.

که چیرۆکەکە تەواو بوو ڕستەی کۆتایی پێ گوت وەکوو هەمیشە:

– تەواوی تەمەنت لە بیرت بێت کچەکەم خودای گەورە وەڵامی نزای نزاکاران دەداتەوە.

– هەر نزایەک باوکە؟

– بەڵێ، هەر نزایەک بێت.

**

باوکی ئەو شەوە بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆک بۆی، تاکوو لە باوەشیدا خەوی لێ کەوت.

دوای ئەوە جەبار شتێکی سەیری ئەنجام دا:

تەلیسمێکی بە سەردا خوێند و بە جۆرێک چاوی چووە خەوەوە کە ئەگەر لە بنگوێی تەپڵیان بکووتایە هەستی پێ نەدەکرد.

پاشان فەرمانی بەو چاوانە کرد کە تەواوی کاتەکە لە نێو درەختەکاندا چاودێریی دەکرد:

– ئێستا کاتیەتی نزیک ببەوە.

## ١٣

لە نێو درەختەکانی دارستانە تاریکەکەدا مارە کوبرا جنەکە تارا کە وەکوو تاریکایی شەو ڕەش بوو بەسەر زەویـیەکەدا سکی دەخشاند و نزیک بووەوە:

– تۆ دڵنیایت گەورەم؟

– تارا ئەمڕۆ لە دەستمان دەدا، پێت وایە چی ڕووی دەدا ئەگەر ساتێک درەنگتر بگەیشتمایە بە چیای سەعالییەکان؟

لە ڕاستیدا جومانا ئەو کەسە نەبوو کە هۆزی سەعالییەکانی لە ناو بردبە‌ڵکوو جەبار بوو، بۆ ئەوەی هەست بە لاوازیی خۆی نەکات وەها خۆی وەن کرد کە جومانا پێی وا بوو ئەو کردوویەتی.

تارا گوتی:

– بەڵام ئەوەی داوای دەکەیت گەورەم لە نێو هەموو یاساکانی زەوی و ئاسماندا قەدەغەیە و سزای گەورەی لەسەرە.

– دەزانم، لەبەر ئەوەشە ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات دەبێت بۆ هەمیشە لە نێوان خۆماندا بە نهێنی بمێنێتەوە.

تارا بابەتەکەی بە دڵ نەبوو بەڵام بە ئاماژەی بەڵێ سەری لەقاند.

جەبار:

– دەست بە کارەکەت بکە.

## ١٤

تارا له جەستەی کەوتووی جومانا نزیک بووەوە پاشان دەمی لە گوێی نزیک کردەوە ئینجا جادوێەکی بە گوێیدا خوێند کە ناوی **نیوەی جادوی بەرزەخ** بوو جەستەی دەستی بە لەرزینێکی زۆر کرد.

ئەو وێردانەی دووبارە و دووبارە دەکردەوە تاکوو جەستەی گەڕایەوە دۆخی سەرەتا.

تارا دوای ئەوە زمانە ڕەشەکەی دەر هێنا و بە جەستەیدا هەڵیسوو تا ئێرە سەرکەوتنی کارەکەی دڵنیا کردەوە بۆ گەورەکەی:

– ئێستا ڕۆحی جەستەیی جێ هێشتووە وەکوو مردوویەک وایە.

– بڕۆ بۆ هەنگاوی دواتر.

– هێشتا دەتوانین بگەڕێینەوە گەورەم.

ڕەنگی چاوی جەبار لە تووڕەییاندا سوور هەڵگەڕا و لە جێی خۆیدا ون بوو، تا لە چرکەی دواتردا توند قورگی تارای گرتبوو:

– من دەزانم چەندە مەترسیدارە، بەڵام با بیرت بهێنمەوە ئەمە یەکەمین جار نییە و کۆتا جاریش نابێت، پاشان هاواری بە سەردا کرد:

– لە نێو گڕکانەکانی سەقردا تۆم ڕزگارکرد تاکوو پارێزگاریی لە دارستانەکە بکەیت و فەرمانت پێ بکەم و جێبەجێی بکەیت ئێستاش ئەوەی پێت دەڵێم جێبەجێی بکە تارا ئەگەر ناتەوێت تەواوی ڕۆحەکان لە جەستەت دابماڵم ئەوە بکە کە پێت دەڵێم.

تارا نەیدەتوانی هیچ بکات لەبەر ئەوەی جەبار قورگی بە تۆندی گرتبوو، سەری لەقاند و سەری لێبووردنی داخست، جەبار ملی بەردا و گوتی:

– بچۆ هەنگاوی دواتر.

تارا جەستە گەورە تۆندەکەی بە دەوری جومانای نیوەمردوودا لوول دا و دواتر:

**قوتی دا.**

لەو کاتەی هێشتا جومانا لە نێو لەشیدا بوو تارا بەرەو دەریاچەکە کەوتە ڕێ و خۆی چەماندەوە بۆ ناوی.

کەمێک لەوێدا مایەوە و هەندێک تەلیسم و وێردی تری خوێند ئەوەی کە مابووەوە لە مەراسیمی جادوەکە جەبار چاودێریی ناوچەکەی دەکرد تاکوو کەس نەیەت و بە ڕاستییەکە بزانێت.

دوای کاتژمێرێک که تارا تەواو بوو گەڕایەوە بۆ سەر دەریاچەکە و جومانای فڕێ دایە دەرەوە.

جەبار پرسیی: ئایا کارەکە بە باشی بەڕێوە چوو؟

– بەڵێ گەورەم.

– کەی هۆشی دێتەوە؟

– جەستەی ماندووە بەڵام سبەی بە ئاگا دێتەوە.

– ئایا هەست بە شتێکی جیاواز دەکات کە بە ئاگا دێتەوە؟

– نەخێر، هەستی پێ ناکات.

– نامەوێت هیچ شتێک بزانێت مەگەر زۆر گرنگ نەبێت.

– فەرمانتە گەورەم.

جەبار کردییە باوەش و بەرەو قەڵاکە کەوتە ڕێ.

نه به خەیاڵی تارا و نه به خەیاڵی جەباردا نەدەهات کە کەسێک لە نێو دارەکانەوە چاودێریی هەموو ڕووداوەکانی کردووە.

# دەروازەی سێیەم

## دوای سێ ساڵ

خەڵکی ئەبابیل ئەو بەیانییە کە هەستان لە خەو خۆیان بۆ ئەو مەترسییانە ئامادە کردبوو کە دوای چەند ڕۆژێک ڕوویان دەدا **بەهۆی ڕێکخراوی جاسووەوە**، ئەو ڕووداوەی لە سەرەتای هەموو ساڵێکدا ڕووی دەدا.

خەڵکی لادێکان دەبوو باج بدەنە ڕێکخراوەکە تاکوو لەگەڵیدا تووشی کێشە نەبن پارەیەکی زۆریان دەدا تەنیا لە پێناو ئەوەی سەلامەت بن.

بەڵام دێی جەساسە ئەو ساڵە ئامادە نەبوون ئەوە بکەن بۆیە بە سەرکردایەتیی شێخەکەیان کە ناوی **هیمام** بوو ویستیان چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە.

چونکی دەیانزانی کە دێیەکەیان بەرەو نەمان و تەفروتوونا بوون دەچێت هیمام بڕیاری دا کە ڕێگە بە تەواوی تاکەکانی لادێکە بدات ڕای خۆیان بدەن تاکوو بگەنە ئەنجامێکی چارەنووسساز

شێخ هیمام گوتی:

– ساڵێکی قاتوقڕی بوو، باران بە پێی پێویست نەباریوە زۆربەی بەرهەمەکانمان لە ناو چوون و برسییەتی تەنگی پێ هەڵچنیوین.

بە ترسەوە گوتی:

– جاسووم بەڕێوەیە بۆ جەساسە.

تەواوی سەرنجی چاوەکانی لەسەر بوو کە گوتی:

– هەر کە دەگەنە ئێرە و دەبینن بەو جۆرەین ئەوا دەبێت نزا بکەین بە برسییەتی و تینوویەتی بمرین بەڵام نەکەوینە دەستیان.

گەنجێکی خوێنگەرم و تووڕە لە بارودۆخەکە هەڵی دایێ:

– ڕووبەڕوویان دەبینەوە، بەڵام هەرگیز بە ئاسانی ڕۆحمان بە دەستەوە نادەین.

تەواوی گەنجەکانی تریش گوتیان کە وا دەکەن بەڵام دانەیەکیان بە ناوی **شالیش** گوتی:

– دوژمنەکەمان بە ئاسن و چەک خۆی پاراستووە ئێمە جگە لە جووتیارێک هیچ نین، نەک چەکمان پێ نییە بەڵکوو سکیشمان برسییە.

گەنجەکان بەوە ڕازی نەبوون بەڵکوو سوور بوون لە ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام شالیش ڕاستییەکی ترسناکی خستە بەردەمیان:

– هێشتا گەنجن و خوێنتان گەرمە بەڵام ئایا پێتان وایە جەنگ یاریی منداڵانە؟

ئایا له خۆتان نەپرسیووە دواتر چارەنووسی خێزانەکانتان چی لێ دێت کە ئێوە دەمرن؟

دەرفەتی نەدان بیر بکەنەوە خۆی وەلامی خۆی دایەوە.

– ژنەکانتان دەبەن و منداڵەکانتان دەخەسێنن و دەیانکەن بە کۆیلە کە گەورە بوون لە نێو ماڵی خانەدانەکاندا دەبێت خزمەت بکەن یاخود بۆ چێژی خۆیان بەکاریان بهێنن.

هەموویان بە بێدەنگی گوێیان دەگرت:

– ئەی جەستەکانتان؟ جەستەکانتان لە زەویی گونـدەکەدا دەمێنێتەوە تەنانەت کەس ناتوانێت بتانێژێت دەبێت ببنە خواردنی داڵە برسییەکان.

**

ئەو ڕۆژە کۆبوونەوەکە بەردەوام بوو تاکوو خەڵکی لادێکە دابەش بوون بۆ دوو دەستە، دەستەیەک کە بڕیاری خۆبەدەستەوەدانیان دا: دەستەیەک کە بڕیاری جەنگیان دەدا.

هەر بۆیە شێخ هیمام لە بڕیاری کۆتاییدا گوتی:

– وەفدێک دەنێرین بۆ پادشا و داوای یارمەتی لێ دەکەین ئەگەر قایل بوو باشە ئەگەر نەبوو ئەو کات جەنگ هەڵدەگیرسێ.

## ٢

کۆشکەکەی **تاغین** دەکەوتە دوورگەی ئەربابەوە.

تاغین لە ترسی گیانی خۆی تەواوی ڕێگەکانی دوورگەکەی داخستبوو، بۆیە تەنیا لە یەک ڕێگەوە بە دەریا دەیانتوانی بگەنە ئەوێ.

هەر بۆیە شێخ هیمام و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون بەڕێ کەوتن بۆ دێی جادوگەرەکان و لەوێدا مینا تاکە کەس بوو کە بتوانێت بیانپەڕێنێتەوە بۆ دوورگەکە.

**

لەو کاتەدا کە نزیک بوونەوە لە دێیەکە ڕاستەوخۆ سەرۆکی لادێکە کە ئافرەتێکی پیری ناشرین بوو بە ناوی **شەواهیر** هاتە پێشەوە لێیان و گوتی:

— مەرجێک هەیە دەبێت ئەنجامی بدەن، بەر لەوەی گوێ لە داواکارییەکەتان بگرم.

پاشان پەنجەی بۆ ئافرەتێکی گەنج ڕاکێشا کە لە نێو جادوگەرەکاندا وەستابوو:

– ئەو کچە جوانە.

شێخ پرسی چییەتی؟

– دەمانەوێت ئەمشەو لەگەڵیدا بخەوین.

– ئێمە بۆ ئەمە نەهاتووین و زۆر بەپەلەین شەواهیر.

شەواهیر بە جۆرێک قسەی دەکرد کە گوێی لە قسەکەی نەبووبێت:

– ئەو کەسەشی لەگەڵیدا دەبێت تۆ دەبیت ئەگەر دەڵێیت نا ئەوا پیاوەکانت ببە و لێرەن بڕۆن.

**

لە نێوان خۆیاندا ئەندامانی وەفدەکە مشتومڕیان بوو بەڵام دواتر سەرسام بوون بەوەی شێخ هەستا و گوتی بە مەرجەکە ڕازیم.

بەر لەوەی شێخ بچێتە ژوورەوە و کچەکە لەگەڵ خۆیدا ببات جادوگەرەکە پێی گوت:

– تەواوی هەوڵی خۆت بدە یا شێخ دوای حەوت مانگ ئەگەر منداڵی نەبێت ئەوا دەکوژرێت.

بارودۆخەکە زۆر شەرمهێن بوو، شێخ نەیدەزانی چۆن ڕەفتار بکات لەبەر ئەوەی لەو تەمەنەدا نەمابوو کارێکی لەو

جـۆرە بکـات، ئـافرەتەکە لە نێـو دەرگـاکەدا بە چـاوەڕوانی وەستابوو.

شـێخ بەرەو لای چـوو دیتـی ئەو ئـافرەتە دامـاوە وەکـوو مریشکی سەربڕاو دەلەرزێت لە ترساندا.

پێی گوت:

– مەترسە کچەکە، وەرە بۆ ئێرە و دابنیشە.

ئافرەتەکە چووە پێشەوە و دانیشت.

– ناوت چییە؟

– ف...ف...فەیرووز گەورەم.

– کەمێک ئاوت بۆ بهێنم فەیرووز؟

ئافرەتەکە کەمێک ترسی ڕەوییەوە بەرانبەری گوتی:

– تکایە گەورەم ڕزگارم بکە لەو جادوگەرە پیسانە.

– قسـەکانت ئەوە دەگەیەنـن کە تـۆ خەڵکـی ئێرە نەبیـت، ئایـا تۆش وەک ئەوان جادوگەر نییت؟

– نەخێر، لەبەر ئەوەی جادوگەرەکانی ئەم لادێیە پیر دەبـن و هاوسەرگری ناکەن.

– ئەی چۆن ژمارەیان زیاد دەکات؟

– وەکوو من کچی گەنج دەهێنن و لەگەڵ پیـاوانی وەک تـۆدا جووتیـان دەکەن و دوای حەوت مانـگ منـدالّی کچیـان لێیـان دەوێت.

– ئەی ئەگەر کوڕ بێت؟

– زینـدەبەچاڵیان دەکەن، پاشـان گـوتی: دایـکەکەش یـان دەیکـوژن یـاخود دووبـارە دەیـدەن بە پیـاوان، بەرەڵای نـاکەن تاکوو کچێکیان بۆ دروست نەکات.

– ئەی چی لە کچە لەدایکبووەکە دەکەن؟

– پەروەردەی دەکەن و وەکوو خۆیان دەیکەن بە جادوگەر.

شـێخ کەمێـک سەرسـام بـوو چاوەکـانی وەکـوو تریـی داگیرساوە زەق بووبوونەوە، شتێکی بۆ دەر کەوت:

– لە چاوتدا خۆشەویستی دەبینم.

– مـن جگە لە خۆشەویستیی خـودا هـیچ پـێ نـازانم، ئەگەر ئەوەشت لە چاومدا دیوە تکایە دەستم بۆ مەبە مـن جگە لە ئەو هی کەسی تر نیم.

– ئەوەی خۆشت دەوێت لە کوێیە؟

– نازانم بەڵام ئەگەر لەم شێوە بچمە دەرەوە دەزانم لە کوێ بە دوایدا بگەڕێم.

شێخ کەمێک بیرەنگ بوو بەزەیی بە کچەکەدا دەهاتەوە:

– ئایا شەواهیر بە پێدانی پارە قایل دەبێت تۆ ئازاد بیت؟

– ئایا بە ڕاست وا دەکەیت گەوزەم؟

– بەڵێ من شێخی دێی جەساسەم و پارەم زۆرە.

لە ڕاستیدا شێخ جگە لە سێ پارچە ئاڵتوون هیچی تری نەبوو، بڕیاریشی دابوو لە بارودۆخی گرنگدا نەبێت بەکاریان نەهێنێت، بۆیە درۆی بۆ کرد و گوتی:

– دوام بکەوە.

**

شێخ لە کوخەکە دەر چوو فەریووزیش بە دوایەوە بوو، کە سەرکردەی دێیەکە بینینی هەستی کرد شتێک لە نێوانیاندا ڕووی داوە بۆیە گوتی:

– کارەکەت چۆن بوو یا شێخ.

هیمام قوماشێکی دەر هێنا لە نێو گیرفانەکەی:

– ئەمە بەهای کچەکەیە.

شەواهیر بە سەرسامی تەماشای کرد و گوتی:

– بۆچی دەتەوێت ئازادی بکەیت؟

– تۆ کێشەت چییە؟ ئایا ئەو نرخە بەس نییە؟

– تۆ بازرگانیی ئافرەت ناکەیت ئەی شێخ بۆیە یان هۆکارێکی باشم پێ بدە ئینجا کچەکە بەرە، یان پارەکەت و پیاوەکانت ببە و بڕۆن لێرە.

شێخ لە حەفتاکانی تەمەنیدا بوو هێشتا هاوسەرگیری نەکردبوو، بابەتی هاوسەرگری نەکردنی هۆکارێکی قووڵی لە

پشت بوو، چیرۆکەکەی لە نێو یادەوەرییەکانیدا شاردبووەوە سوێندی خواردبوو کە بە هیچ کەس نەڵێت تاکوو لە بیری بکات.

بەڵام دوای چەندان ساڵ مرۆڤ فێر دەبێت کە ناتوانێت ئەو چیرۆکە خۆشەویستییانەی تەواو نەکراون لە بیریان بکات، هەموو ئەوەی لە دەستیان دێت تەنیا ئەوەیە لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بژین کە هەیە.

جارێکیان هیمام بە خۆی گوت:

ئەوەی دەڵێت لە بیرم کردووە درۆ دەکات، چونکە ئەوەی وا دەڵێت ئەزموونی خۆشەویستیی نەکردوە.

**

شەواهیر گوتی:

– ئێمە چاوەڕێی تۆین.

– چیرۆکێکی کۆنە شەواهیر.

– ئەگەر دەتەوێت کچەکە ببەیت قسە بکە.

ڕاستە سوێندی لەسەر باسنەکردنی چیرۆکەکە خواردبوو، بەڵام دەبوو ئەو نهێنییە بدرکێنێت تاکوو ئەو کچەی پێ ڕزگار بکات.

گوتی:

– لە ڕابردوودا باوکم نازناوی **شاهینی کوڕی سەمائی** پێ درابوو، شێخی دێی جەساسە بوو، شوانێکیشمان هەبوو ناوی **نوح** بوو کچێکی هاوتەمەنی منی هەبوو.

## ٣

شێخ شاهین جگە لە یەک کوڕ کە هیمام بوو کوڕی تری نەبوو، هەر لەبەر ئەوە زۆر لە سەری دەترسا و تەنانەت قەدەغەی چوونەدەرەوەشی لێ کردبوو، بۆیە هیمامی بچووک جگە لە یاریکردن لەگەڵ ئەندامانی ماڵەکەدا کەسی تری نەدەدیت.

نوحی شوانیش کچێکی هاوتەمەنی هیمامی هەبوو کە یاریی لەگەڵدا دەکرد و پێکەوە پێدەکەنین و دڵخۆش دەبوون، بۆیە ئاسایی بوو هەر لە منداڵییەوە ئاشقی یەک بووبن.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زەمەندا هەردووکیان زیاتر ئاشقی یەک دەبوون.

ئەو کاتەی کە هیمام گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری چووە لای باوکی ئەویش هاوسەرگری کردبوو لەگەڵ کچی شوانەکەدا، بەڵام شاهین ڕەتی کردەوە و بە تووڕەبوونەوە پێی گوت:

– کوڕی گەورەپیاو دەبێت کچی خانەدان بهێنێت، کچی شوانیش با باوکی لە نێو سەرەمەڕەکاندا بە دوای زاوادا بگەڕێت بۆی.

ڕۆژی دوای ئەوە شێخ شاهین لەبەر پاراستنی کۆڕەکەی نوح و کچەکەی دەر کرد، نەک تەنیا لە ماڵەکەی بەڵکوو لە لادێکەش و پێی ڕاگەیاند:

– ئەگەر بگەڕێنەوە ئێرە چارەنووستان مردن دەبێت.

هیمام تووشی دڵتەنگییەکی گەورە بوو، تەنیا بە دەردی ئەو کچەوە نەیدەڵاند کە خۆشی دەویست بەڵکوو لەگەڵ ئەو خەمەشدا دەژیا کە ئەو ئافرەتە ون بووە.

دێ بە دێ پرسیاری دەکرد تاکوو لە یەکێک لە لادێ دوورەدەستەکاندا دۆزییەوە.

هەر یەکیان بینیەوە هێندە تامەزرۆ بوون هیچ وشەیەک نەبوو بتوانن گوزارشتی دڵخۆشییەکەیانی پێ بکەن.

هیمام بە کچەکەی گوت:

– با ڕابکەین.

– نابێت هیمام لەبەر ئەوەی باوکم شەرمەزار دەبێت.

– شەرمەزاری ناکەیت، با ڕابکەین و هاوسەرگری بکەین.

– کەواتە بۆ ڕابکەین.

– لەبەر ئەوەی ئەگەر باوکم بزانێت هاوسەرگری دەکەین بەرهەڵستیمان دەکات و ناهێڵێت.

– ئەی باوکم بۆ کێ بەجێ بهێڵم؟ ئەو پێویستی بە منە تا ئاگاداری ببم.

– باوکت دەتوانێت خۆی یارمەتی بۆ خۆی دابین بکات:

– تکایە کەسمان بە زیندوویەتی ناتوانین بەبێ ئەوەی ترمان بمێنینەوە.

کچەکە بێدەنگ بوو، هیمام گوتی:

– وەڵامێکم لێت دەوێت.

کچی شوانەکە کەمێک دوودڵ بوو لە نێوان باوکی و ئەو کوڕەی خۆشی دەوێت کامیان هەڵبژێرێت.

بەڵام هیمام تەنیا بارودۆخەکەی لە یەک لایەنەوە دەبینی ئەویش ڕاکردن و هیچی تر نا، لەو کاتەدا هیچی نەگوت، دەیویست کچەکە ئازادانە بڕیار بدات.

هیمام: سبەی شەو لای بیری لادێکە چاوەڕێت دەکەم، ئەگەر هاتیت پێکەوە ڕادەکەین، ئەگەر نەهاتیت بە تەواوی لێک جیا دەبینەوە.

لەو شەوەدا هیمام چووە لای بیرەکە چاوەڕێ بوو.

کاتێکی زۆری خایاند بەڵام کچەکە نەهات.

دڵتەنگی دایگرتبوو دەیویست بڕوات وەلێ هەستێک لە ناخیدا پێی دەگوت:

– بمێنەرەوە، ڕەنگە ئیتر نەیبینیتەوە.

سێیەکی شەو تێپەڕی و نەهات بۆیە هیمام گەڕایەوە بۆ ماڵەوە پێی وا بوو وەڵامەکەی دەست کەوتووە.

سااڵنێکی زۆر بە تەنیا ژیا و بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ڕقی لە هەموو ئافرەتانی تر دەبووەوە.

چەندان مانگ و ساڵ تێپەڕ بوون شاهینیش مرد لە دوای خۆی هیمام بوو بە شێخ، چەندان مانگ و ساڵی تر ئاوا تێپەڕی.

ڕۆژێکیان دیتی پیاوێکی پیر بە دوایدا دەگەڕێت.

لێی نزیک بووەوە و پرسیی:

– تۆ نوحی شوانیت وایە؟

شوانەکە بەهۆی تەمەنەوە کوێر بووبوو گوتی:

– تۆ هیمامیت بێ گومان، دەنگت دەناسمەوە.

**

گفتوگۆیەکی زۆر لە نێوانیاندا ڕووی دا و هیمام دەیویست دەربارەی کچەکەی پرسیاری لێ بکات نەک لەبەر ئەوەی بیری کردووە بەڵکوو لەبەر ئەوەی کونجکۆڵ بوو بزانێت چیی لێ هاتووە، هەمیشە پیاو وەهایە حەز دەکات بزانێت چارەنووسی ئەو کچە چیی لێ هاتووە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆشی ویستووە.

بەڵام بەهۆی لووتبەرزییەوە نەیتوانی بپرسێت.

نوح دەیزانی کە چی لە دڵی هیمام دا دەخولێتەوە بۆیە گوتی:

– ئەو تۆی جێ نەهێشت بەڵکوو بارودۆخێکی لەناکاو ئێوەی لە یەک کرد.

پاشان ڕووداوەکەی بۆ باس کرد:

– ئەو ڕۆژە کـــچەکەم زۆر بە دڵخۆشـــی گەڕایەوە دوای ئەوەی تـۆ ئـێمەت دۆزیبـووەوە داوای مـۆڵەتی لـێ کـردم لەگەڵ تۆدا ڕابکات، گوتی کە بەڵێنی هاوسەرگریت پێی داوە.

چـاوی شـوانەکە پـر بـوو لە فرمێسـک کە ڕووداوەکـانی بیـر دەکەوتەوە:

– هیمام ئەو ڕۆژە لە خۆشیاندا دەفڕی لەبەر ئەوەی تەواوی تەمەنی لەگەڵ ئەو کەسەدا بەسەر دەبرد کە خۆشی دەویست.

– ئەی چی ڕووی دا.

ئەو شـەوەی کـچەکە بە ڕێـگەوە بـوو بـۆ لای هیمـام، شـێخ شـاهین ڕێـی پـێ گرتبـوو، کوشـتبووی پاشـان بـۆ ئەوەی کەس نەزانێـت ئەو بـــووە جەســتەکەی لە دوور ناشـتبوو دواتـــریش هەندێک بەکرێگیراوی ناردبوو تاکوو شوانەکە بکوژن.

بەڵام لەبەر ئەوەی بکوژەکـان هـاوڕێی نـوحی شـوان بـوون ئاگاداریان کردەوە بەوەی فەرمانیـان پـێ کراوە و ئامۆژگارییـان کرد کە ڕابکات.

جەنابی شوانیش ئامۆژگارییەکەی وەرگرتن و ڕایکرد.

بکوژەکان گەڕانەوە بۆ لای شێخەکەیان و پێیان گوت کە هیچ ئاسەوارێکی شوانەکەیان نەدۆزیوەتەوە.

دوای ئەوەی هیمام بە ڕاستییەکەی زانی، بڕیـاری دا هەرگیـز هاوسـەرگری نەکـات، لەو کاتەشـەوە یـارمەتی هەمـوو ئاشـقێک دەدات کە لە ژیانیدا دیبێتی وەکوو ئەوەی بڵێیت ڕوخسـاری ئەو کچە ببینێتەوە لە خۆشەویستەکەیدا.

**

که هیمام تەواو بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، سەرکردەی دێی جادوگەرەکان پارەکەی بۆ گێڕایەوە و گوتی:

– ئێوەی ئاشق دامەزراون، لەگەڵ ئەوەی خۆشەویستی دەتانکوژێت بەڵام هێشتا بۆی دڵسۆزن.

پاشان ڕووی کردە فەیرووز و گوتی:

– لە ئێستاوە تۆ مووڵکی شێخیت، ئەوە بکە کە فەرمانت پێ دەکات.

کە فەیرووز بوو بە مووڵکی شێخ، یەکەم کارێک کە بۆی کرد ئەو بوو ئازادی کرد لە کۆیلایەتی و گوتی:

– بە دوای ئەو کەسەدا بگەڕێ کە چاوەڕێت دەکات بەڵام پێش ئەوە داواکارییەکم لێت هەیە.

– داوا بکە ئەی شێخ.

– ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان منداڵێکت بوو ئەوا ناوی ئەو کچەی لێ بنێ کە خۆشم دەویست.

– ناوی چی بوو جەنابی شێخ؟

– ناوی سرابی بوو.

فەیرووز زەردەخەنەیەکی کرد و بەڵێنی پێ دا بەر لەوەی بڕوات:

– ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کچم بوو ئەوا ناوی سرابی دەبێت.

**

دوای ئەوەی فەیروز ڕۆیشت و دێی جادوگەرەکانی جێ هێشت، شەواهیر بە شێخ هیمامی گوت:

– ئێستا دەتوانیت داواکارییەکەتمان پێشکەش بکەیت، بۆچی دەتەوێت جەنابی پادشا تاغین ببینیت؟

## ٤

خەڵکی دێی جەساسە سەرکەوتنە نێو بەلەمەدارینەکە کە سەرۆکی دێیەکە پێی دابوون، دڵخۆش بوون بە چوونیان بۆ دوورگەی ئەرباب و بینینی پاشا.

نەیاندەزانی چ کارەساتێک چاوەڕێیان دەکات.



دواتـر که خەڵکـی لادێـکه گەیشـتنه لای پادشـا تـاغین وەک ڕێزێک کڕنووشیان بۆی برد و دڵسۆزیی خۆیان بۆی پشتڕاست کردەوە.

تاغین:

– ئێستا دەتوانن تەماشای ڕوخساری خاوەنشکۆ بکەن.

هەموویان سەریان بەرز کردەوە و دیتیان.

داوای لە هیمام کرد کە قسە بکات و ئەویش گوتی:

– ئەی جەنـابی پادشـا دەزانـین کە ئێسـتا وڵات بە قەیرانـدا تێدەپەڕێت و وە...

تاغین قسەکەی پێ بڕی:

– پێویست بەو پێشەکییە ناکات یا شێخ.

– ڕێکخراوی جاسووم گەورەم.

– چییانە؟

– هەموو ساڵێک دەمانخەنە نێوان دوو بژاردەوە، یـان دەبێت بمـــرین بە شمشـــێرەکانیان یـــاخود لە هەژاری و نەداری و برسییەتیدا، ئێستا وامان لێ هاتووە تەواوی ساڵەکە بۆ ئەوە کار دەکەیـن کە نەکـوژرێین، ئەم بـابەتەش ئەگەر زیـاتر بخایەنێـت بەرەو لەناوچوونمان دەبات.

پادشا تـاغین دوو چـاوی شینی مەستی هەبوو ڕوخسـارێکی جـوانی هەبـوو، ئاسـوودە دەبـوو بەوەی لەسـەر عەرشـەکەی دابنیشـێت و خەڵکـی مەمـلەکەتەکەی بـێن و باسـی خراپیـی

بارودۆخی خۆیان بکەن و لێی بپارێنەوە، زۆر چێژی لە زەلیلی و لاوازییان دەبینی و بەو جۆرە هەستی بە بەهێزیی خۆی دەکرد:

– خۆتان دەزانن کە پاسەوانەکانمان ماوەیەکی زۆرە هەوڵی لەناوبردنی جاسووم دەدەن، بە ئێستاشەوە نەوەستاون، بەڵام من دەمەوێت بە خەڵکی لادێکە بڵێیت کە تەواوی هەوڵی خۆمان دەدەین تاکوو لە ناویان ببەین.

شێخ دوو هەنگاو نزیک بووەوە لە تاغین و گوتی:

– بەڵام دەتوانیت فەرمان بە جادوگەرەکانت بدەیت و بیانگرن.

ڕاستەوخۆ تووڕەیی دڵی تاغینی داگرت لەبەر ئەوەی شێخ خۆی تێکەڵی سنووری کارێک کرد کە نەدەبوو بیکات بە تووڕەییەوە گوتی:

– جادوگەرەکان تەنیا بۆ خزمەتی من تەرخان کراون جەنابی شێخ.

– بەڵام گەورەم ئەوەی ڕوو دەدات لە زیانی گەلەکەتە.

تاغین بە تووڕەییەوە لەسەر تەختەکەی هەستا:

– کەس لە من ناچێت من خودام هیمام.

شێخ دانی بە خۆیدا گرتبوو، بێدەنگ بوو و نەدەترسا لە تووڕەبوونی تاغین.

لەبەر ئەوەی زۆر ژیابوو، هەموو ئەوەی لێی دەترسا پادشا یارمەتی خەڵکی لادێکە نەدەن و ڕێکخراوی جاسووم لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بێن و لەگەڵیاندا تووشی گرژی و ئاڵۆزی ببن.

لێی پارایەوە:

– تکایە یارمەتیمان بدە.

– خۆتان یارمەتیی خۆتان بدەن.

– چۆن لە کاتێکدا چەکت لێ قەدەغە کردووین؟

– ئەوەیان کێشەی من نییە.

– تۆ بەرپرسیت لە پاراستنی گەلەکەت، تۆ پادشایت.

تاغین تووڕە بوو گوتی:

– مەن ئەو خودایەم کە بە سەرتانەوە چاودێرم لەوە زیاتر کێشەی من نییە.

دوای ئەوەی هیمام تێگەیشت گفتوگۆ سوودی نییە گوتی:

– هەردووکمان دەزانین کە تۆ خودا نییت.

تاغین ئاگاداری کردەوە:

– داوای لێخۆشبوونم لێ بکە هیمام، پاشان گوتی:

– من تاکە خودای ئێوەم.

– تۆ جگە لە گوو هیچی کە نییت.

هیمام وای گوت و پاشان پشتی هەڵکرد.

بەو جۆرە تاغین تووڕە بوو بەو سووکایەتییەی کە شێخ پێی کردووە بۆیە بڕیاری دا وانەیەکی توندی پێ بدات فەرمانی کرد:

– خـۆی و ئەوانەی لەگەڵیـدان دەستبەسـەریان بـکەن و لە سێدارەیان بدەن.

**

لە نێـو مەیـدانەکەی دەرەوەدا لە بەردەم کۆشـکدا جەڵـلادەکە سـەری دانە بە دانەی خەڵکەکەی پەڕاند کە هـاتە نـۆرەی هیمـام، تاغین لێی نزیک بـووەوە و شـتێکی بە گوێیدا چپاند و پاشـان بە جارێک جەللادەکە سەری لە لاشەی کردەوە.

سـەری هیمـام کەوتە سـەر زەویـیەکە بەڵام بەر لەوە حەپەسابوو بە بیستنی ئەو قسەیەی کە پێی گوترابوو.

تاغین ئەمەی پێ گوت:

– من ناتوانم لە دژی جاسووم بوەستمەوە هیمام، نەک لەبەر ئەوەی سەربازەکانی مەملەکەتی ئەبابیل ناتوانن بیانگرن، بەڵکوو لەبەر ئەوەی **من و نابفیل یەک کەسین مـن خـۆم سـەرکردەی ڕێکخراوی جاسوومم.**

**

ڕۆژی دوایـی تـاغین دەترسـا بەوەی لادێـکە کودەتـای بە سـەردا بکەن دوای ئەوەی هەواڵەکەیان پێ دەگات، بۆیە داوای کرد لە بەهێزترین پیاوەکانی ڕێکخراوەکە کە **بەحر و ئەیووب** بوون.



لە نێو یانەیەکی دوورەدەستدا.

گەنجێک هەبوو کە لە کۆتایی تەمەنی بیستەکانیدا بوو.

لەسـەر یەکێـک لە کورسـییەکانی بەرانـبەر خواردنەوەکـان دانیشـتبوو، بـاڵایەکی بەرز و لاوازی هەبـوو، ڕوخسـارێکی تیژی وەک ئەوەی بڵێیت لە هەڵوە وەرگیرابێت ناوی **بەحر** بوو.

لە بەرانبەریدا کوڕێکی ڕەشپێست دانیشتبوو.

دوو ساڵ یان سیان لەو منداڵتر بوو ئەویش باڵای بەرز و جەستەی بە ماسولکە بوو لەگەڵ ئەوەی دڕندە دەر دەکەوت بەڵام هێشتا قۆز بوو، ناوی **ئەیووب** بوو.

زیاتر لە سێ کاتژمێر.

تەواوی ئەو کاتە دەیانخواردەوە و بە بێدەنگی تەماشای یەکیان دەکرد، وەکوو ئەوەی بیانەوێت تا کۆتا پەرداخی خواردنەوەی یانەکە بخۆنەوە.

شوێنەکە بێدەنگ بوو،

نەک لەبەر ئەوەی کەسی لێ نەبوو بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو ئەیووب و بەحر تەواوی میوانەکانی یانەکەیان کوشتبوو، لەبەر شەڕفرۆشتن یاخود شتێکی تر نا بەڵکوو تەنیا لەبەر ئارەزووی خۆیان کوشتبوویانن.

بۆ کاتژمێرێکی تر بێدەنگ مانەوە، بەحر گوتی:

– بێزار بووم.

– دەتەوێت مەیگێڕەکەش بکوژین؟

مەیگێڕەکە ترسا.

– نا، ئەگەر بیکوژین دواتر کێ خزمەتمان بکات.

– کەواتە چیتە؟

– سوودی ئەم ژیانە چییە ئەگەر لە کۆتاییدا بمرین؟

– ڕاست ئەکەیت، دەتەوێت بمریت؟

– نا بەڵام بە جددی بیر لە بابەتەکە دەکەمەوە.

– پێم بڵێ بەر لەوەی ئەنجامی بدەیت.

– بۆچی؟

– تاکوو بە دواتدا بێم چونکە ژیان بێ تۆ بێمانایە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون و بەردەوام بوون لە شەرابخواردنەوە، بە تەواوی سەرخۆش بوون.

ئەیووب دوای کەمێک سەرنجی شتێکی دا:

– نەفرەتی، من و تۆ لە گەورەترین دەرگای بەهەشتەوە دەچینە ژوورەوە.

– ئاوا باشترە، هەموو هاوڕێکان لەوێن، بەو جۆرە ئەگەر یەکێکمان بچێتە بەهەشت بێزار دەبین.

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین، تاکوو ئەیووب لەسەر کورسییەکەی کەوتە خوارەوە.

ئەیووب پێی وا بوو کە هاوڕێکەی لەسەر کورسییەکە کەوتووەتە خوارەوە نەک خۆی:

– ئازارت پێ گەیشت؟

– من نا، بەڵام دەپرسم ڕەنگە زەویەکە ئازاری پێ گەیشتبێت بەوەی کەوتووەتە سەری.

ئەیووب ئینجا زانیی خۆی کەوتووە بە زەویدا بە پێکەنینەوە بە بەحری گوت:

– بەحر دابەزە دەمەوێت قسەت لەگەڵ بکەم.

– تۆ بۆ نایەیتە سەرەوە؟

– دابەزینی تۆ ئاسانترە.

– ڕاست دەکەیت.

پاڵی بە کورسییەکەوە نا بۆ دواوە تاکوو بەحریش کەوت بە زەویدا و بەرانبەری دانیشت:

– پێم بڵێ چیتە؟

ماوەیەکی زۆر بوو شتێک لە سەری ئەیووبدا دەخولایەوە ماوەیەکی زۆر بوو خۆی لێ بێدەنگ کردبوو بەڵام ئێستا کاتی ئەوە بوو قسە بکات:

– دوای مردن چیمان لێ دێت؟

– نازانم، کەس ناناسم لە مردن گەڕابێتەوە و پێمان بڵێ.

– ئەی خودا؟

– چییەتی؟

– ئایا باوەڕت بە خودا هەیە؟ بەهەشت و دۆزەخ و هەموو ئەوانەی کە بۆمان باس دەکەن؟

بەحر دەنگی نزم کردەوە و ڕستەی دواتری گوت:

– باوەڕم بەوەیە کە خودا تاغین نییە.

پاشان بە دەنگی بەرز پێکەنی.

بەڵام دوای چەند چرکەیەک هەستی کرد تەنیا خۆیەتی گوتی:

– بۆ پێناکەنیت، داوای هەندێک شەرابت بۆ بکەم؟

– من بە جددیمە بەحر، دووبارەی کردەوە پرسیارەکەی:

– ئایا باوەڕت بەوە هەیە خودایەک هەبێت؟

– خۆ پێم گوتیت نازانم.

پاشان کەمێک بێدەنگ بوون، دواتر ئەیووب گوتی:

– دەمەوێت واز لە کارکردن لەگەڵ جاسوومدا بهێنم.

چاوەڕێی ئەوە بوو کاردانەوەی هاوڕێکەی ببینێت.

بەحر لێی پرسی:

– بۆچی؟

– دەمەوێت دایکم ببینم.

– بەڵام مردووە.

– هەموو دایکان دەچنە بەهەشتەوە دەمەوێت لەوێ ببینم.

– کەواتە تۆ باوەڕت بە قسەی قەشەکان هەیە.

– بـــاوەڕم بەوە هەیە لەبەر بوونمـــان لە زەوی کەواتە لە ئاسمانیش یەک دەبینین دوای مردنمان، دەربارەی ئەوەشی کە چیمان کردووە، ئەوەی کاری باش بکات دەچێتە بەهەشتەوە ئەوانەی تر دەچنەوە دۆزەخ لەوێ بۆ لای هاوڕێکانیان.

بەحر بێدەنگی دایگرت ئەیووب بەردەوام بوو:

– ئایا هیچ شتێکت هەیە پێوەی پابەند بیت بۆ دوای مردن؟

– باوەڕم بەوە هەیە کە کرمەکان بە مردنت دڵخۆش دەبن ئەی گۆشتە زلەکە.

بەحر پێکەنی و ئەیووبیش لەگەڵیدا، ئینجا کە لە پێکەنین وەستان ئەیووب گوتی:

– ئایا ناتەوێت واز لە کارکردن بهێنیت لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا؟

کەسێک هاتە ژوورەوە و گفتوگۆکەی پێ بڕین کە نامەبەری تاغین بوو، حەپەسا بەوەی ئەو دوو سەرکردەیە لەسەر زەوی

کەوتـــوون، بەڵام سەرســـامییەکەی شـــاردەوە و ئەوەی بـــۆی هاتبوو گوتی:

– نابفیل دەیەوێت هەر ئێستا چاوی پێتان بکەوێت.

بەحر پرسیی:

– بۆچی دەیەوێت بەم نیوەشەوە بمانبینێت چی ڕووی داوە؟

پەیـامبەرەکە تەواوی ڕووداوەکـانی گێـڕایەوە، هەر لە کـاتی گەیشتنی خەڵکی جەساسەوە، تا ئەو کاتەی سـەریان لە لاشـەیان لێ کراوەتەوە.

بەحر چپاندی بە گوێی هاوڕێکەیدا:

– بـا بـــڕۆین بـــۆ بینینـــی، دواتـــر وەڵامـــی پرسیارەکەشـــت دەدەمەوە.

دوای ئەوەی هەرســـێکیان بەرەو لای پادشـــا بەڕێ کەوتـــن مەیگێڕەکە ڕاستەوخۆ بەرەو دێیەکە ڕایکرد و ئەوەی بیستبووی پێی گوتن.

**

تاغین ئەگەری هەر کودەتایەکی دانابوو لە پیـاوانی داهـاتووی جەساسـە، هەر بـۆیە پێـی گـوتن کە **تەواوی نێرەکـانی دێـیەکە بکوژن.**

دواتر لەبەر ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەر بکات، ئەو شەوە بەحر و ئەیووبی ڕاسپارد.

## ٥

کاتژمێرەکـان زۆر بە سـەختی تێـدەپەرین بەسـەر خەڵکـی گونـدی جەساسـە، گشـتیان چـاوەڕێی هەواڵ بـوون بە هەمـوو پشوودرێژییەکیانەوە.

لەگەڵ ئەوەی کـاتێکی زۆر تێپەڕیبـوو چاوەڕوانییـان بێسـوود بوو.

پاشان لەپڕ هەواڵێکی سەیر بـڵاو بـووەوە بە نێو لادێکەدا کە سـەرچاوەکەی نادیـار بـوو، دەنگۆیەکـان دەیـانگوت کە پادشـا سـەری شـێخ هیمـام و هەمـوو ئەوانەی لەگەڵـی بـوون پەڕاندوویەتی.

ئەوە گڕوتینی لە دڵی گەنجەکاندا دروست کرد و دەیانویست تۆڵە بکەنەوە، بەڵام گەورەکان لەبەر لەدەستنەدانی کوڕەکانیان دەیـانگوت کە ڕەنگە درۆ بێت و بـا چەند ڕۆژێکی تر چـاوەڕێ بکەین تاکوو دڵنیا دەبینەوە.

بەڵام لە بەیـانی ئەو ڕۆژەدا بە تەواوی دڵنیـا بـوونەوە کە هەواڵەکە ڕاسـتە، ئەو کـاتەی کە دێتیـان سێسـەد جەنگـاوەری جاسووم هاتوون و هێرشێکی سەختیان کردووەتە سـەر خەڵکی لادێکە.



خەڵکی لادێکە هەوڵیان دا بە هەموو جۆرێک پارێزگاریی لە خۆیان بکەن، بەڵام بەپێی پێویست بەهێز نەبوون، ئەوان سێسەد سەرباز دەبوون بە شمشێر و ڕمەوە، بە زرێی ئاسنینی بەهێزەوە لە کاتێکدا خەڵکی لادێکە تەنیا ڕمی دارینیان پێ بوو.

بارودۆخەکە زیاد لە پێویست سامناک بوو.

هەموو نێرەکانی لادێکە بەرەو لەناوچوون دەچوون.

هەر کە هەواڵەکە بڵاو بووەوە و گەیشت بە جەباری پادشای ئیمپراتۆرەکان، ڕاستەوخۆ فەرمانی دا کە کەس لە دارستانەکە نەچێتە دەرەوە تەنانەت ئەگەر زۆر پێویستیش بێت.

هەمووان کۆ بوونەوە جومانا نەبێت، ئەو کاتە زانیی کە جومانا بەبێ پرس چووەتە دەرەوە بۆ لادێکە و بۆ پاراستنی ڕەیحانە.

**

لە ماڵی مەیسەمەوە دەر کەوت.

لە ماڵەکەدا بە شوێنیدا گەڕا.

هەستی بە نیگەرانی دەکرد لە سەرەتادا لەبەر ئەوەی کە مەیسەم پێی گوتبوو: **دز چاوەڕێی مردنە لە هەر ساتێکدا بێت، ئەو کاتە زانیی کە دەکرێت کێشەیەکی بەسەر هاتبێت، پێی گوتبوو کە خەمی نەبێت و کچەکەی دەزانێت چۆن ڕەفتار بکات.**

بەڵام دواتر.

چی دەبێت ئەگەر ڕەیحانە نەزانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات؟

چی دەبێت ئەگەر ئەویش لەو شەڕەوە تێوە بگلێت. بیرۆکەی سەیر و ناخۆش بە مێشکیدا دەهات بۆیە بڕیاری دا کۆڵان بە کۆڵانی لادێکە بە دوایدا بگەڕێت.

لەو کاتەی بە دوایدا دەگەڕا پاسەوانانی جاسووم لە نێو لادێکەدا بوون.

هەندێک ڕووداوی نەخوازاراو لە بەرچاویدا ڕووی دەدا، بەڵام هیچی نەدەکرد لەبەر ئەوەی بەڵێنی بە باوکی دابوو کە هێزەکەی بەکار نەهێنێت بە پێی یاسای خێزانەکە:

**یاساکە دەڵێت کە نابێت هێز لە بەرچاوی مرۆڤ بەکار بهێنیرێت.**

زۆر گەڕا.

بەڵام هیچ ئاسەوارێکی ڕەیحانەی نەدۆزییەوە بۆیە لە ناخی دڵیەوە هیوادار بوو کە سەلامەت بێت.

دواتر بەڕێ کەوت بۆ دارستانە تاریکەکە بەڵام هەر کە یەکەم هەنگاوی نا، ڕاستەوخۆ یەکێک لەسەر ڕێگەکەی پەیدا بوو و فڕاندی.

## ٦

ئەو ئەسپسـوارە نـاوی **غـوفران** بـوو دەموچـاو و لەشـی بە جۆرێـک داپۆشـرابوو کە نەدەناسـرایەوە تەنیـا لە ڕێـگەی درزی کڵاوەکەیەوە نەبێت.

جومانا لەگەڵ هەموو ئەو بەربەستانەدا ئامـادە بـوو بیکوژێت و لە کۆڵی بکاتەوە بەڵام نەیکرد و پابەند بوو بە یاساکانەوە.

هەر بۆیە لە بەردەمیدا هـاواری کرد، وەکوو کـاردانەوەیەکی ئاسایی.

**

هاوارەکەی سەرنجی بەحری ڕاکێشـا و کە ئـاوڕی دایەوە و ئەو ترسانەی بینی لە چاوە قاوەییەکانی و قژە نەرمەکەی، هەسـتێکی سـەیر لە دڵیدا دروسـت بـوو ئەوە یەکەمـین جـار بـوو لە ژیانیدا بەو جۆرە هەستی بجووڵێت:

– غوفران واز لەو کچە بێنە.

غوفران زۆر ئافرەتی ترێ وا بینیبوو، بۆیە گوتی:

– ئەمە بۆ منە، من سەرەتا دۆزیمەوە، دەیبەم بۆ لای ئافرەتەکانی ترم.

بەحر تاکە کەسی ڕێکخراوەکە بوو کە بەبێ زرێ و کڵاوی ئاسنین دەجەنگا، هەر بۆیە ڕوخساری بۆ جومانا ئاشکرا بوو.

لەگەڵ ئەوەی ڕوخسارێکی تۆندی هەبوو بەڵام قۆز بوو، جومانا تکای لێ کرد:

– تکایە پێی بڵێ وازم لێ بهێنێت.

– غوفران وازی لێ بێنە ئێمە نەهاتووین بۆ دزینی ئافرەت.

غوفران دەمی جومانای بە دەستە پیس و خۆلاوییەکەی داخست و خستییە سەر پشتی ئەسپەکەی لەگەڵ دەسکەوتەکانی تریدا، پاشان گوتی:

– ئەوە هەرگیز ڕوو نادات، بەحر من دەیبەم.

لەو کاتەدا بەحر بە خێرایی بەبێ هیچ پێشەکییەک شمشێرە دووسەرەکەی دەر هێنا و کردی بە چاوی غوفراندا و لەودیوەوە دەری هێنایەوە.

تەنانەت کڵاوەکەشی کون کرد ئەوەندە لێدانەکە بەهێز بوو.

جومانا بەو دیمەنی خوێنە ترسا کە لە کەللەسەری ئەسپسوارەکە دەر چووبوو، بەحر گەڕایەوە بۆ لای:

– مەترسە.

پاشان لە ئامێزی گرت و خستییە سەر پشتی ئەسپەکەی:

– بە باشی خۆت بگرە، لێرە دەتبەمە دەرەوە.

ئەو کاتەی کە سەربازەکانی تری ڕێکخراوەکە ئەو دیمەنەیان بینی سەرکردەکەیان یەکێک لە هاوڕێکانی کوشتووە لەبەر ئافرەتێک، وەکوو خیانەتێکی گەورە تەماشایان دەکرد بە خێرایی بڕیاریان دا لە دژی بوەستنەوە و حوکمی لەسێدارەدانی بۆ دەر بکەن، بۆیە هەموو بە جارێک ڕووی شمشێرەکانیان تێکرد.

یەکێکیان گوتی:

– ئەم ئافرەتە جادوی لێ کردووی بەحر، بۆیە لەبەر ئەو غوفرانت کوشت؟

بەحر دەیزانی ئەوەی ئەنجامی داوە بە ناپاکی هەژمار دەکرێت هەرچەندی هەوڵ بدات قایل نابن بە قسەکانی، بۆیە لەبەر ئەوەی نەکەوێتە کێشەی ترەوە دەبێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

بانگی هاوڕێکەی کرد:

– ئەیووب پێویستم پێتە.

لە بەشی پشتەوەی سەربازەکانی جاسووم، ئەسپسوارێکی ڕەشپێست دەر کەوت کە بە زرێکەی ئەوەی دەهاتە بەردەمی، دەیکوشت، تاکوو گەیشتە پاڵ هاوڕێکەی و مردنی دەبینی کە لە هەموو لایەکەوە دەورەی داوە، جا گوتی:

– دیمەنەکە لەم لایەوە ترسناکترە.

بەحر وەڵامی دایەوە: «هێشتا دەتوانیت بکشێیتەوە.»

ئەیووب زەردەخەنەی کرد و هەموو دانە سپییەکانی دەر کەوتن، تەنیایەک دانی ئالّتوونی نەبێت.

پاشان گوتی:

– پیاوه ڕەشەکە هەرگیز واز لە هاوڕێکەی ناهێنێت.

یەکسەر جەنگەکە دەستی پێ کرد:

– بەحر بەردەوام بوو لە کوشتن و بە هاوڕێکەیی ڕاگەیاند:

– پێدەچێت کۆتاییمان نزیک بێت ئەیووب، ببوورە نەدەبوو تۆش بخەمە کێشەکەوە.

– کێشە نییە هاوڕێکەم، داوای لێبووردن مەکە، دڵخۆش دەبم بەوەی بێمە دۆزەخیش لەگەڵتدا.

شەڕەکە بەردەوام بوو تاکوو ئەو کاتەی کە سوارچاکەکان دەبوو تەواوی هێزی خۆیان بەکار بهێنێت بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکە، کەسێک تیرێکی بە ئاڕاستەی بەحر هاویشت.

ڕاستەوخۆ تیرەکە بەر یەکێک لە دەمارەکانی ڕانی کەوت و کەوت بە زەویدا و خوێنێکی زۆری لێ دەڕۆیشت، ئەوەش وای کرد ڕاستەوخۆ لاواز ببێت.

بەحر بە ئەیووبی هاوڕێیی گوت کە دیتی لە شکست نزیک دەبێتەوە:

– کچەکە ببە و برۆ، من خۆم لەگەڵیاندا ڕەفتار دەکەم.

– تا کۆتایی لەگەڵتدا دەمێنمەوە.

– گوێ لە قسەم بگرە.

– نەخێر بەجێت ناهێڵم.

بەحر یەکسەر سەرنجی لە دەست دەدا و بەرچاوی تەڵخ دەبوو بەهۆی خوێنلێچوونەکەیەوە.

دوای ئەوەی جومانا ئەو دیمەنەی دیت لەو کەسە لەبەر ئەو ئاوای لێ هاتووە، بۆیە بڕیاری دا یاساکانی خێزانەکەی بۆ بشکێنێت و هێزەکەی بەکار بهێنێت لەم بارودۆخەدا.

ڕەنگی چاوی بوو بە سوور، ڕاستەوخۆ سووچێکی جلەکەی بەحری گرت و پاشان بەرەو ڕووی ئەیووب هاواری کرد:

– تۆ دەستم بگرە.

ئەیووب هێندە سەرقاڵ بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازەکانی تر، تێنەگەیشت بۆچی ئەو کچە داوای شتێکی وای لێ دەکات، دووبارە هاواری کردەوە و گوتی:

– دەی دەستم بگرە.

هەر کە دەستی گرت، دەمودەست هەرسێکیان لە خاکی شەڕەکە ون بوون و چوونە ئەشکەوتێکی دوور و سەلامەت.



ئەیووب بە ترساوییەوە لێی پرسی:

– چۆن ئەوەت ئەنجام دا؟

– دواتر بۆت ڕوون دەکەمەوە.

پاشان بە شڵەژاوی دەستی خستبووە سەر برینەکەی بەحر:

– خێراکە دەبێت ڕزگاری بکەین، خوێنی زۆر لێ ڕۆیشتووە.

جومانا لەبەر ئەوەی هیچی دەربارەی جەستەی مرۆڤ نەدەزانی، بۆیە گوتی:

– با ئەو ڕمە لە جەستەی دەر بێنین بەڵکوو بەوە چاک ببێت.

ئەیووب گوتی:

– کاتێک کەسێک ڕم یاخود تیر بەر جەستەی دەکەوێت، شوێنەکەی چاڵ دەبێت، بەوەش زیاتر خوێنی لێ دەڕوات، واتە ئەگەر ئێمە ئەو تیرەمان دەر هێنا ئەوا ڕێڕەوی خوێنەکە دەکرێتەوە.

– دەی چی بکەین؟

ئەیووب پیاوی جەنگ بوو، بۆیە پارەی تەواوی نەبوو بۆ وەرگرتنی دەرمان، بەڵام لەو کاتەدا کراسەکەی خۆی دڕاند و لە برینەکەی پێچا و گوتی:

– دەبێت حەکیمێک ببینێت.

## ٧

لە ڕێگەدا کە بە دوای حەکیمکدا دەگەڕان، جومانا زۆر لادێی کرد.

پێی وا بوو بابەتەکە ئاسانە، بەڵام سەخت بوو، لەبەر ئەوەی سەرەتا حەکیمەکان داوای ناسنامەی کەسی نەخۆشیان دەکرد، بۆ ئەوەی دواتر لەگەڵ یاسادا تووشی کێشە نەبنەوە و لە وەڵامیشدا دەیانگوت:

– یەکێکە لە ئەندامەکانی جاسووم، ناتوانین چارەسەری بکەین.

هەندێکی تریشیان تووڕە دەبوون و دەرگایان بە ڕووادا دادەخست.

بەو جۆرە دێ بە دێیان دەکرد و شوێن بە شوێن تاکوو گەڕانەوە بۆ جەساسە.

لەوێ بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانییان دەکرد، لادێکە کشومات بوو، بە جۆرێک تەواوی ئەندامانی ڕێکخراوەکەی لێ نەمابوون.

ئەو بابەتە سەرنجی ڕاکێشا، لەبەر ئەوە دەیویست بزانێت چی ڕووی داوە.

## تەواوی ئەندامانی ڕێکخراوەکە کوژرابوون.

ئەوەی سەیر بوو دەنگێک لە پشتەوە هات:

– شازادە جومانا!

ڕاستەوخۆ ڕووی وەرگێرا بەرەو لای سەرچاوەکە و دیتی وەزیرەکەی باوکیەتی (خەیزەران). کە وەکوو ڕێزێک کەوتووەتە سەر ئەژنۆ:

– سوپاس بۆ خودا کە سەلامەتیت جەنابی شازادە.

– چی ڕووی داوە خەیزەران، کێ هەموویانی کوشتووە؟

وەزیر هەستایەوە و گوتی:

– ئەوەیان بۆ باس کردین کە یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەرت، بۆیە دەستبەجێ باوکت سەربازەکانی ناردن تاکوو بتدۆزنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نەدۆزرایتەوە، پێیان وا بوو کە تۆ تووشی کێشەیەک بوویت و ڕاستەوخۆ تاک بە تاکی ڕێکخراوەکەیان کوشت.

جومانا:

– خەڵکەکە دەماودەم هەواڵەکە دەگەیەنن بە نابفیل.

– خەمت نەبێت، گەورەکانی خێزانەکە بڕیاریان داوە.

– چ بڕیارێک؟

– هەموو خەڵکەکە ئاوی لەبیرچوونەوەیان دەرخوارد دراوە، بۆیە ئەوەیان بیر نایەتەوە:

– ئایا نایێیت لەگەڵمدا جەنابی شازادە؟

– نا، چونکە کارێک هەیە ئەنجامی بدەم.

– ئەم نـــاوچەیە ســـەلامەت نیـــیە، نابفیـــل ڕاســـتەوخۆ پیاوکوژەکانی دەنێرێت بۆ لێکۆڵینەوە.

جومانا لەوە زیاتر چەندوچۆنی لەگەڵدا نەکرد، بەهۆی ئەو مەشقانەی باوکی پێی کردبوو، بە ئاسانی دەیتوانی لە دژی هەر مەترسییەک بوەستێتەوە، گوتی:

– من باش دەبەم.

پاشان:

– بگەڕێرەوە و بە باوکم بڵێ من باشم و خەمی منی نەبێت.

– فەرمانتە.

**

جومانا دوای ئەوە یەکسەر بەرەو ماڵی حەکیم کەوتە ڕێ و لە دێی جەساسە، لە دەرگاکەی دا.

# دەروازەی چوارەم

حەکیم دەرگاکەی کردەوە، بەڵام ڕاستەوخۆ چاوەکانیی سڕین، لەبەر ئەوەی کچێکی شۆخوشەنگ لە بەرانبەریدا وەستابوو.

لە قسەی باقوبریقی نەدەزانی و یەکسەر گوتی:

– پێدەچێت تۆ کچی مانگایەکی قەڵەو بیت، وا بەم جۆرە وەکوو شیر سپی دەر چوویت.

بێ گومان سزای خۆی وەردەگرت، بەڵام لەبەر ئەوەی جارێ کاتی نەبوو، جومانا قسەکانیی فەرامۆش کرد:

– تکایە یارمەتیم بدە.

حەکیم خۆی گیڤ کردەوە و گوتی:

– ئایا کەسێک تۆی ئازار داوە، ئایا جگە لە من هیچ سوارچاکێکی ئازا نییە بتپارێزیت؟

– بەڵکوو من بە دوای حەکیمدا دەگەڕێم، ئایا تۆ حەکیم نییت؟

– بە ڕۆژ حەکیمم و بە شەو سوارچاکی جوانەکانم.

– کەسێک بارودۆخی خراپە، دەمەوێت بێیت و چارەسەری بکەیت.

لەو کاتەی زانیی کەسێک پێویستی بە یارمەتی ئەو هەیە، بە جدیاتەوە گوتی:

– چییەتی؟

– هۆشیی لە دەست داوە و خوێنی زۆری لێ ڕۆشتووە، لەبەر ئەوەی تیرێک بەر ڕانی کەوتووە.

بە گومانەوە پرسیی لەبەر ئەوەی کەلوپەلی جەنگ لە بابەتەکەدا هەبوو:

– ئایا ئەو کەسە لە دەرەوەی یاسایە؟

دەیتوانی ڕاستەوخۆ درۆی لەگەڵدا بکات، بەڵام دەترسا دوایی ڕاستییەکە ئاشکرا ببێت:

– یەکێکە لە ئەندامانی جاسووم.

حەکیم حەپەسا:

– هاوڕێکەت کەسێکی نایاساییە، بۆیە ناتوانم یارمەتیی بدەم.

– بەڵام کەسێکی وەک تۆ مرۆڤایەتی لە بیر ناکات.

قسەکەی پێ بڕی: «باشترە مرۆڤ بمرێت و لە دەست مرۆڤەکانی تر ڕزگاری ببێت.»

– تکایە.

– پێم وا بوو دەتەوێت لە مەترسی بتپارێزم، بەڵام هاتوویت بۆ داوکردنی ئەم شتە بێمانایە، دەی برۆ کچێ، بەر لەوەی لێت تووڕە ببم، ئەو کاتە کەست دەست ناکەوێت بتپارێت لە تووڕەبوونەکەم.

دەرگاکەی بە ڕوویدا داخست.

بەڵام دیتی لە ژوورەوە لە بەردەمیدا وەستاوە، وێستی هاوار بکات وەکوو ئەو کچانەی کە سیسرک دەبینن، بەڵام هیچی نەوت.

جومانا لە بارودۆخێکی تردا بووایە ئەوا پێدەکەنی بەو بارودۆخە، دیمەنی حەکیمەکە بە جۆرێک خۆی لە خۆیدا پێکەنیناوی بوو و ئەوەی پێکەنیناویتری کردبوو قژە پڕ لە شەخەڵەکەی بوو.

– ئایا خەزێنەی ئیمپراتۆرەکانت بیستووە؟

سەرسامانە تەنیا وەک ئاماژەی بەڵێ سەرێکی لەقاند و گوتی:

– پێت چۆنە ئەگەر شتێکت لەوە پێ بدەم؟

– ئایا تۆ لە ئیمپراتۆرەکانیت؟

کاتی زیاتری بە فیرۆ دەدا، بەڵام دەیزانی چۆن بیقۆزێتەوە لە سوودی خۆی:

– پارچەیەک ئاڵتوونت لە خەزێنەکەمان دەدەمێ، پارچەیەکی ئاسایی نییە، بەڵکوو مۆری مەملەکەتی پێغەمبەر سولەیمانی پێوەیە، ئەگەر یارمەتیمان بدەیت.

– ئەگەر بڵێم نا؟

– ئازارت نادەم، بەڵکوو بە دوای حەکیمێکی تردا دەگەڕێم.

– کەس یارمەتیی هاوڕێکەت نادات ئەی جنۆکە.

– تکایە ڕازی بە کەواتە.

کەمێک بێدەنگ بوو و بیری دەکردەوە:

– کتێبێکم دەوێت.

– کتێب؟

– دەڵێن ئیمپراتۆرەکان کتێبێکیان هەیە لە نێو خەزێنە نهێنییەکەیاندا.

– کام کتێبەیانت دەوێت؟

– ڕۆژی دوایی سەبا.

– ئایا ئەوە دەبێتە نرخی ئەوەی لەگەڵمدا بێیت؟

– پارچەیەک ئاڵتوون و کتێبەکە.

– باشە.

حەکیمەکە کەلوپەلەکانی ئامادە کردن و پاشان هەمووی کردنە نێو پارچەیەک قوماشەوە و گوتی:

– من ئامادەم، چۆن بڕۆین؟

دەستی درێژ کرد:

– دەستم بگرە، دەگەینە جێ.

– پێت چۆنە باوەشت بکەم، بەو جۆرە زووتر ناگەین؟

– پێشتر کەس پێی گوتیت زمانت درێژە؟

– بەڵێ، بەڵام نامەوێت پێت بڵێم بە چی وەڵامم داونەتەوە.

– منیش نامەوێت بزانم، دەستم بگرە و بێدەنگ بە.

دەستیی گرت و چاوی داخست، کە کردیەوە دیتی لە جێی خۆیەتی، گوتی:

– چییە ڕای خۆتت گۆڕی، دەتەوێت باوەشت بکەم، وایە؟

– دەمەوێت دان بە شتێکدا بنێم بۆت.

– دەزانم، دەزانم، سەرسامم بوویت، مافی خۆتە، من پیاوێکم کە ئافرەتان بەرگەم ناگرن.

بە ترسەوە گوتی:

– ئەی حەکیم دەتوانیت بێدەنگ بیت و گوێ بگریت؟

بۆ ئەوەی ڕوون بێت لە سەرەتاوە گوتی:

– کتێبەکە و ئاڵتوونەکەم پێ نییە، بەڵام دەیدزم و بۆتیان دەهێنم.

– بەڵێنم پێ بدە باوەڕت پێ دەکەم، لەبەر ئەوەی ئیمپراتۆرەکان بەڵێن ناشکێنن.

– باشە بەڵێن بێت.

پاشان ڕۆیشتن.

## ٢

دوای ئەوەی حەکیمەکە لە ئەشکەوتەکە خۆی دییەوە.

هەستی بە سەرسووڕانێکی زۆر دەکرد لەبەر خێرایی گواستنەوەکە و ڕاستەوخۆ خۆی گەیاندە دەرەوەی ئەشکەوتەکە تاکوو ئەوەی لە گەدەیدایە بەتاڵی بکاتەوە.

ئەیووب:

– دوا کەوتیت.

– ببوورە، تەواوی حەکیمەکان یارمەتییان ڕەت کردەوە.

– ئەی ئەمە چۆن قایل بوو؟

– بەرتیلم پێی داوە.

– دڵنیایت ئەمە حەکیمە؟ ئاخر سەروچاوی لەوە ناچێت.

حەکیمەکە یەکسەر دەر پەڕی:

– بیستم.

دەمی بە کراسەکەی سڕی و گوتی: «واز لە ڕوخسارم بێنە، ئەگەر وا بێت ئەوا تۆش چۆن دەبێت مرۆڤ بیت بەم جەستە گەورەیەوە؟ دەبوو گۆرێلا بویتایە.»

یەکەمین شت کە حەکیم ئەنجامی دەدا، دەبوو لەوە دڵنیا بێتەوە کە بەحر بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەناسە دەدات، بۆیە سەرنجی خستبووە سەر بەرز و نزمبوونەوەی سنگی، دیتی زۆر لاوازە هەناسەی.

دەمیی کردەوە تاکوو دڵنیا ببێتەوە، ئینجا گوتی:

– زمانی ڕێگریی لە هەناسەی کردووە.

پەنجەی خستە دەمی و شێوەی زمانیی ڕێک خستەوە، دووبارە سەرنجی لە بەرز و نزمبوونەوەی سنگی دەدا و گوتی:

– بە شێوەیەکی باش هەناسە دەدات.

دوای ئەوە جلەکانیی لە بەر بەحردا دڕین، لە شەرماندا جومانا ڕووی وەرگێڕا و گوتی:

– بۆچی وات کرد؟

– ئەم کوڕە لە جەنگدا وای لێ هاتووە، دەبێت دڵنیا بین چەند برین لە جەستەیدا هەیە.

بەحر جەستەیەکی ڕێکی هەبوو و هەر کە جلەکانی لە بەر داکەند، ڕاستەوخۆ ماسوولکە تونەکانی دەر کەوتن وەکوو ئەوەی لە بەرد داتاشرابن.

حەکیم جەستەیی هەڵگەڕاندەوە و بە تەواوی ئەمدیو و ئەودیوی کرد:

– هیچ برینێکی پێوە.نییە جگە لە ڕانی.

ئینجا هەنگاوی دواتری بۆ ڕوون کردنەوە:

– برینەکە دادەخەم.

پارچەیەک ئاستی لە نێو قوماشەکەی دەر هێنا:

– پێویستم بە ئاگر هەیە تاکوو گەرمی بکەم.

جومانا گوتی:

– من ئەوە دەکەم.

حەکیمەکە ئاگاداری کردەوە:

– دەمەوێت گەرماکەی وەکوو گەرمای دۆزەخ بێت، لەوە کەمتر نا.

دەستێکی گرت و هێزە تایبەتەکەی بەکار هێنا تا گەرمی بکات، بەردەوام بوو دواتر:

– بەسە تەواو، ئەگەر وا بکەیت لە نێو دەستتدا دەتوێتەوە.

**

نوکی تیرەکەی لە گیانی بەحر دەر کرد و پاشان ئامادە بوو تاکوو بە ئاسنەکە برینەکە دابخات، دواتر بە پەڕۆیەک برینەکەی پاک کردەوە.

ئینجا بە تەواوی برینەکەی پێچا و خوێنبەربوونی نەما.

حەکیمەکە دەیتوانی چیتر ئەشکەوتەکە جێ بهێڵێت، بەڵام نەیکرد، بەڵکوو چاوەڕێ بوو تاکوو نەخۆشەکەی قۆناغی مەترسیی تێپەڕاند.

دوای تێپەربوونی سێ کاتژمێر لە چاودێری، دیتی برینەکەی بەرەو وشکبوونەوە دەڕوات و بەرە بەرە پشوو دەدات.

بۆیە بڕیاری دا چەند کاتژمێرێکی تریش بە چاودێریکردنی بەسەر ببات.

**

ئەیووب لێی پرسی:

– ئایا بە بێهۆشی دەمێنێتەوە؟

وەڵامی دایەوە و چاوی لەسەر برینەکەی بوو:

– نەخێر، لە هەر کاتێکدا بێت هۆشی دێتەوە.

– برینەکە دادەخەم.

پارچەیەک ئاسنی لە نێو قوماشەکەی دەر هێنا:

– پێویستم بە ئاگر هەیە تاکوو گەرمی بکەم.

جومانا گوتی:

– من ئەوە دەکەم.

حەکیمەکە ئاگاداری کردەوە:

– دەمەوێت گەرماکەی وەکوو گەرمای دۆزەخ بێت، لەوە کەمتر نا.

دەستێکی گرت و هێزە تایبەتەکەی بەکار هێنا تا گەرمی بکات، بەردەوام بوو دواتر:

– بەسە تەواو، ئەگەر وا بکەیت لە نێو دەستتدا دەتوێتەوە.

**

نوکی تیرەکەی لە ڕانی بەحر دەر کرد و پاشان ئامادە بوو تاکوو بە ئاسنەکە برینەکە دابخات، دواتر بە پەڕۆیەک برینەکەی پاک کردەوە.

ئینجا بە تەواوی برینەکەی پێچا و خوێنبەربوونی نەما.

حەکیمەکە دەیتوانی چیتر ئەشکەوتەکە جێ بهێڵێت، بەڵام نەیکرد، بەڵکوو چاوەڕێ بوو تاکوو نەخۆشەکەی قۆناغی مەترسیی تێپەڕاند.

دوای تێپەڕبوونی سێ کاتژمێر لە چاودێری، دیتی برینەکەی بەرەو وشکبوونەوە دەڕوات و بەرە بەرە پشوو دەدات.

بۆیە بڕیاری دا چەند کاتژمێرێکی تریش بە چاودێریکردنی بەسەر ببات.

**

ئەیووب لێی پرسی:

– ئایا بە بێهۆشی دەمێنێتەوە؟

وەڵامی دایەوە و چاوی لەسەر برینەکەی بوو:

– نەخێر، لە هەر کاتێکدا بێت هۆشی دێتەوە.

## ٣

شەویان بەسەردا هات و کەشەکەش بەرەو ساردی دەچوو، ئەیووب چووە نێو درەختەکانی نزیک ئەشکەوتەکە و هەندێک لقی لێ کردنەوە تاکوو بتوانێت خۆیانی پێ گەرم بکاتەوە.

هەرسێکیان لە دەوری ئاگرەکە کۆ بوونەوە و بێدەنگی دای گرتبوون.

بێدەنگ و نیگەرانی تەندروستی بەحر، نیگەرانییەکە وای لێ کردبوون کە قسە نەکەن، تەنیا حەکیمەکە نەبێت بابەتێکی مەترسیدار و بەپەلەی هەبوو کە باسی دەکرد، بەبێ هیچ سەرەتا و پێشەکییەک:

– دەبێت قاچی ببڕێتەوە.

بەو جۆرە نیگەرانی لە شوێنەکە زیادی کرد و ئەیووب گوتی:

– من ڕێگەت پێ نادەم.

– من تێدەگەم بۆ ڕەتی دەکەیتەوە، منیش نامەوێت قاچی هاوڕێکەت ببڕمەوە تاکوو بۆ جوانی لە مااڵەکەمدا هەڵی بواسم، بەاڵم تیرەکە ئەو دەمارەی بڕیووە کە خوێن بۆ قاچی دەبات.

– ئەمە چ قسەیەکە، بۆچی وا دەڵێیت بۆ خاتری خودا!

حەکیمەک چیتر نەیدەتوانی بەرگە بگرێت:

– قـاچی مـردووه، پێویسـتی به بـڕینەوەیە، ئایـا تێـدەگەیت یاخود به زمانی گۆرێلاکان بۆت ڕوون بکەمەوە؟

جومانا دەستی کرد به گریان.

لێرەدا ئەو بڕینەوەیە بـابەتێکی کۆنی بیری جومانا خستەوە، کە ئەوەش وای دەکرد زیاتر هەست به ئازار بکات.

لەو کاتەی کە قسەیان دەکرد:

– وا مەکە.

هەموویان بێدەنگ بوون به سەرچاوەی دەنگەکە.

سەرسام بوون.

## ٤

دەنگە تازەکە دەنگی بەحر بوو کە بەئاگا هاتبووەوە. ماندوویەتی بە ڕوخسارییەوە دەر دەکەوت، بەڵام هێشتیا پێدەکەنی، پێکەنینەکەشی وای کرد کەمێک لە ئازارەکەیان کەم بکاتەوە:

بەحر: «فرمێسکەکانت بسڕەوە، پێویست ناکات قاچێکی ترم هەیە خۆ.»

لەو کاتەدا ئەویش زەردەخەنەیەکی کرد و فرمێسکەکەی سڕی.

ڕووی لە ئەیووب کرد و ئەیووبیش دڵخۆش بوو، لەبەر ئەوەی هاوڕێکەی باش بووە:

– چۆن ڕزگارمان بوو؟

– بارودۆخەکەم لە ئەستۆ گرت، هەموویانم لەناو برد.

بەحر بەم قسەیە سەرسام نەبوو، چونکە بەر لەوەی هۆشی لە دەست بدات، لە بیری بوو کوشتارگەیەکی گەورە ڕووی دا، دەیزانی کە ئەیووب بە زیرەکییەکەی و هەندێک شانس توانیویەتی بە ئاسانی ڕزگاریان ببێت.

که ئەیووب تەواو بوو لە وەڵامدانەوەکانی، دیتی جومانا سەرسام بووە بە درۆکانی، بۆیە سەری نزیک کردەوە و گوتی: «دواتر هۆکاری درۆکردنەکەت پێ دەڵێم.»

جومانا هەستی بە شتێک دەکرد کە ئەیووب نایەوێت بەحر پێی بزانێت، ئەویش بەوەی کە جنۆکەیە، لە هۆکارەکە تێنەگەیشت، بەڵام وا خۆی پیشان دا کە تێگەیشتووە.

**

بەحر دوای چەند چرکەیەک سەرنجی حەکیمی دا:

– ئەم بزنە کێیە؟

ئەگەر کەسێکی تر ئەو قسەیەی بکردایە ئەوا ڕاستەوخۆ حەکیمەکە وەڵامی دەدایەوە، بەس لەبەر ڕوخسارە تووڕەکەی، حەکیمەکە بە شێوازێکی جوان گوتی:

– ئەو بزنە ئەوەیە کە ژیانتی ڕزگار کرد.

بە دەنگێکی پرسوپاسەوە وتی:

– سوپاس بۆ تۆ، کارەکانت بەو جۆرە تەواو بکە، ئەوەی کە بە گونجاوی دەزانیت.

ئەیووب بە ناقایلبوونەوە گوتی:

– زیادەڕۆیی زۆر دەکەیت، چۆن دەکرێت بەم جۆرە قسە بکەیت وەک ئەوەی قاچی خۆت نەبێت؟

پاشان گوتی: «تۆ جەنگاوەریت بەحر، بڕینەوەی قاچت وا دەکات ئاسان بپێکرێیت لە لایەن دوژمنەوە.»

بەحر ڕووی کردە حەکیم و پرسیی:

– ئایا هیچ ئەگەرێک هەیە قاچم چاک ببێتەوە؟

– وەک پێم گوتیت تیرەکە گەیشتووەتە دەمارەکەت و دەمارەکەی بڕیوە.

– باسی ئەوە ناکەم مەبەستم ئەوەیە ئایا دەکرێت چاک ببمەوە یاخود نا؟

– نەخێر.

– ئایا هیچ ڕوو دەدات ئەگەر بێت و ئەو کارە نەکەم؟

بە شێوەیەکی سەربەرزانە و حەکیمانە گوتی:

– دەکرێت هیوا ببێتە هۆی بەدیهێنانی پەرجوو.

بەحر هاواری لەسەر کرد:

**– لاڵ بوویت یان چی گەر بە بەڵێ یاخود نەخێر وەڵامم بدەوە!**

حەکیمەکە بە داخەوە گوتی:

**– نەخێررر.**

بەحر:

– بیستت؟ بۆچی دەتەوێت ئەو کارە بکەم؟

حەکـــیمەکە کەلوپەلەکـــانی بـــڕینەوەی لە نێـــو پـــارچە قوماشەکەیدا دەر هێنان، بەڵام جومانا وەستاندی:

– زۆربەی کـات دەربـارەی زیرەکـی و لێهـاتوویی حەکیمـی دێی جەساسـە بیسـتوومانە و لە چارەسـەردا چەنـدە لێهـاتووە، بەڵام بـۆم دەر کەوت کە وەهـا نیـیە، هـیچ چارەسـەرێکی لا نیـیە جگە لە بڕینەوەی پەلوپۆ.

بە تکاوە بە حەکیمەکەی گوت:

– تکایە.

لە ڕاســتیدا ئەو بیــرۆکەیە هەر لە ســەرەتاوە لە مێشــکیدا دەخولایەوە، بەڵام مەحاڵ بوو ئەوە جێبەجێ بکات، بۆیە چـاری نەما و لە کۆتاییدا گوتی:

– بیرۆکەیەم هەیە، بەس کەمێک گەمژانەیە.

هەموان گوێقوڵاخ بوون بۆ قسەکەی.

ئامادە بوو بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکەی.

## ٥



– ئەفسانەیەکی کۆن دەڵێت **حەوت دڵۆپ لە فرمێسکی باڵندەی عینقا بەسە بۆ چاککردنەوەی مرۆڤ لە هەر دەردێک،** بەڵام:

بەداخەوە هیچ کام لەو کەسانەی کە چوون بۆ ئەو کارە، نەگەڕاونەوەتەوە.

بەحر بیرۆکەکەی بەلاوە گەمژانە بوو:

– بە ڕاستی گەمژانەیە کەسێک ژیانی خۆی لەناو ببات لە پێناو قاچێکی مردوودا.

– دەزانم، بەڵام هەر بۆیە پێم گوتن کە گەمژانەیە.

ئەیووب گوتی:

**– ئەگەر ڕزگارکردنی هاوڕێکەم کارێکی گەمژانە بێت، ئەوا پێم خۆشە گەمژە بم.**

پاشان گوتی:

– من فرمێسکەکە دەهێنم.

حەکیم لە بەرپرسیاریەتەکە خۆی کشاندەوە:

– خاکی عینقا ناوچەیەکی زۆر مەترسیدارە ئەیووب.

ئەیووب هەستایەوە:

– کێشە نییە، گۆرێلاکان بەبێ بیرکردنەوە لە بەربەستەکان بەرەو مۆزەکان دەچن.

جومانا گوتی:

– منیش لەگەڵت دێم.

بەحر کەسێکی خۆشەویست بوو، بەبێ ئەوەی هیچ ئەرک بکێشێت دەچووە نێو دڵی ئەوانی ترەوە، هەموو خەڵک خۆشییان دەویست، بەڵام ئەو خۆی خۆش نەدەویست، چونکە خۆی دەیزانی کە کەسێکی چەندە خراپە.

ئەوەش وای کرد قوربانییەکە ڕەت بکاتەوە.

– سوپاستان دەکەم، بەڵام من بڕینەوەم دەوێت.

حەکیم بە سرووشتی کارەکەی هەموو ڕێنماییەکانی جێبەجێ کردبوون، لە هەمان کاتیشدا هەر لەبەر ئەوەی بەڵێنی دابوو بە چاکبوونەوەی لە بەرانبەر **پارچە ئاڵتوونییەکە و کتێبەکەدا**، بەڵام دەبوو بەشی کۆتایی کارەکە تەواو بکات، گوتی:

– دەچم گیراوەیەک لە میوەی خەشخاش ئامادە دەکەم، ئەو گیراوەیە وات لێ دەکات هەست بە ئازار نەکەیت بەڕێز بەحر.

جومانا وەستاندی:

– ئەرکەکەت ئەوەیە کە نەخۆشەکەت ڕزگار بکەیت، نەوەک یارمەتیدەر بیت ئازاری خۆی بدات.

پێـــدەچوو حەکـــیمە قۆشـــمەچییەکە بە ڕاســـتی نەبێـــت، هۆکارەکەشی زمانە دڕێژەکەی بوو، هەر بۆیە زۆربەی کاتەکان هەرگیز قسە و سووکایەتییەکانی ئەوانی تری لە دڵ نەدەگرت.

بەڵام کە کـــارەکە دەگەیشـــتە ئەرکەکەی و بە کەســـێکی کەمتەرخەم ناو دەبرا، ڕاستەوخۆ تۆنی دەنگی دەگۆڕا و جددی دەبوو:

– بـا بە شـێوەیەکی سـادەتر بـۆت ڕوون بـکەمەوە، پاشـان دەستی ئاماژەی بۆ بەحر ڕاکێشا و گوتی:

– ئەم پیاوە قاچی مردووە، ئەگەر نەیبڕمەوە ئەوا بە لەشـیدا بڵاو دەبێتەوە تاکوو دەگاتە دڵی، هەر بۆیە پێت دەڵێم کە دەبێت بیبڕیتەوە، من دەمەوێت ڕزگاری بکەم.

بە سەرسەختییەوە:

– ئـێمەش دەمانەوێـت بە تەواوی لەگەڵ قاچیـدا ڕزگـاری بکەین.

– کات بەفیڕۆ دەدەن، ئێوە سەرکەوتوو نابن.

پاشان گوتی: «ئایا دەتەوێت بە گۆرانییەوە پێت بڵێم تاکوو زیاد تێبگەیت؟»

گوتی:

– مـادام زینـدووە، کەواتە هێشـتا زووە بـۆ ئەوەی خۆمـان بدەین بە دەستەوە یاخود خۆمان بە شکستخواردوو دابنێین.

– حیکمەتەکە جوان بوو، بەڵام بۆ نووسین جوانتر بوو نەوەک بۆ ژیان. ئایا پێشتر نەتبیستووە کە ئەو کەسانەی بۆ ئەوێ چوون بە دۆڕاوی هاتوونەتەوە؟

– لە خۆتەوە بیستم کە گوتت پیاوان نەوەک ئافرەتان.

– پێت وایە کە ئافرەتان لە پیاوان باشرن؟

– وا نالێم.

– بەڵام مەبەستت ئەوە بوو.

– من بەرپرسم لەوەی کە دەیڵێم، نەک ئەوەی تۆ تێگەیشتوویت.

هاواری کرد و قژی خۆی ڕاکێشا:

– ئایا مێشکتان کای تێدایە؟ بڵێم چی، جوانەکان لەو شتانە تێناگەن.

– زمانت دەبڕمەوە ئەگەر ئاگاداری نەبیت.

بە گاڵتەجارییەوە گوتی: «کێشە نییە بیبڕەوە، ئەو کاتە ئەو فرمێسکانەی عینقائەکە دەهێنن و منیش زمانمی پێ چاک دەکەمەوە.»

– چاک نابیتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو فرمێسکانە بۆ چاکبوونەوەی مرۆڤە نەوەک گەمژەکان.

مشتومڕەکەیان کۆتایی هات بە شمێشرێک کە ئاڕاستەی ملی جومانا کرا، هی بەحر بوو کە بە تووڕەییەوە گوتی:

– بەسیکە کچێ، لە ئێستا بەدواوە ئەم شمشێرە ئاراستەی ئەو کەسە دەکرێت کە قسەی بەرزونزم دەکات.

ئەیووب دەستی بەرەو شمێشرەکە برد و دووری خستەوە لە ملی جومانا:

– ئارام ببەوە بەحر، ئەم کچە تەنیا دەیەوێت یارمەتیت بدات.

شمێشرەکەی دانەگرت و گوتی:

– پێم گوتیت کە من بەزەیی کەسم ناوێت، پێویستیم بە یارمەتی نییە.

جومانا گوتی:

– من بەزەییم بە تۆدا نایەتەوە، تەنیا دەمەوێت یارمەتیت بدەم وەکوو چۆن ئێوە یارمەتیی منتان دا.

قسەیەکی تری کرد کە چاوەڕێی بیستنی نەبوو:

– من پەشیمانم کە یارمەتیم دایت، ئەگەر کات بگەڕێتەوە دواوە ئەوا ڕێگەم دەدا غوفران بتبات لەم بێنەوبەرەیە ڕزگارم بووایە.

پاشان شمشێرەکەی دوور خستەوە لە ملی و بە ڕووی دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا ئاڕاستەی کرد:

– ون بە لە بەرچاوم، نامەوێت جارێکی تر بتبینمەوە.

ئینجا ڕووی شمێشرەکەی کردە حەکیمەکە و وتی:

– خێرا گیراوەی میوەی خەشخاشم بۆ بێنە.

## ٦

دوای ئەوەی حەکیمەکە گیراوەکەی ئامادە کرد و کردییە نێو دەفرێکەوە، پێشکەشی بەحری کرد:

– زۆر گەرمە و تامەکەشـــی تـــاڵە، بـــۆیە بە وریـــاییەوە بیخۆرەوە.

بە زۆر لە دەستیی سەند و هەندێک فووی لێ کرد:

– ئەم ڕێنماییانە بۆ مریشکێکی وەکوو تۆیە.

– زمانت ببڕێ بەحر، پێت چۆنە ئەوەشت بۆ ببڕمەوە؟

بەحر بە تووندی مۆڕەی لێ کرد، بە جۆرێک هەموو خوێنی گیانی سڕ بوو، حەکیمەکە دەنگی خۆیی گۆڕی.

– بەق بەق.

دوای چەند ساتێک بەحر هەستی بە سەرقورسی دەکرد و چاوەکانیی بە زۆر بۆ دەکرانەوە، لە حەکیمەکەی پرسی:

– کەی هەڵدەستمەوە؟

– دوای ڕۆژ و نیوێک.

– کەواتە کاتی تەواوت لە بەردەستدا دەبێت، دواتر پرسیی:

– ئایا دەتەوێت سەرت لە دەست بدەیت؟

– نەخێر، ئەو کاتە ناتوانم ئەو ڕوخسارە جوانەت ببینم.

– کەواتە تـــا ئەو کـــاتە وەختـــت هەیە کە کـــاریگەریی خواردنەوەکەم لەسەرە، دوای ئەوە کارەکەتت ئەنجام نەدابێت دڵنیا بە دەموچاوم نابینیتەوە.

– لەبەر ئەوەی ئەو کاتە من بەجێ دەهێڵیت و دەچیت بۆ لای حەکیمێکی تر، وایە؟

– نەخێر، بەڵکوو لەبەر ئەوەی سەرت لە لاشەت دەکەمەوە.

بەرە بەرە بە تەواوی خواردنەوەکە کاریگەریی لێ دەکرد و چاوەکانیی داخستن.

**

دوای ئەوەی حەکیمەکە دڵنیا بووەوە کە چیتر هۆشی نەماوە، قسەکانی لە نێو ناخیدا دەگوتنەوە و دەری بڕی:

– جارێک بزن جارێکیش مریشک؟ بۆچی بەردەوام بە مێیەی ئاژەڵانم دەچوونێنێت؟ ئایا خۆی بە چی دەزانێت؟

ئەیووب: «لێی خۆش بە.»

– چۆن هـاوڕێیەکی لەم جـۆرەت هەیە، بە ڕاسـتی کەسـێکی خراپە.

– ئەو بەو جـۆرە نیـیە، بەڵکـوو لەبەر ئەوەی پاریزگـاری لە خـۆی بکـات و وا لەوانـی تـر بکـات بەزەییـان پێیـدا نەیەتەوە وا

دەڵێت، چونکە **خراپترین شت بەلایەوە ئەوەیە ببیتە جێی بەزەیی خەڵک.**

جومانا دەر کەوت بە حەماسەوە:

– بەڵام فێڵەکەی کاری لە ئێمە نەکرد.

حەکیم کە بینیی گوتی:

– مەبەستت چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە ئێمە دەچین بۆ خاکی عینقا و ئەو فرمێسکە دەهێنین.

– بەڵام هیچ شانسێکی ڕزگاربوونی نییە.

– بەڵام لە هەر ساتێکدا بێت بەئاگا دێتەوە.

پاشان بە درۆوە گوتی:

– ئەو گیراوەی خەشخاشەی ئامادەم کردبوو کاریگەریی لاوازە.

– لێی دەترسیت وایە؟

– دەترسم؟ لە کێ، لە ئەو؟ بێ گومان نەخێر دەمتوانی لێی بدەم، بەڵام نەمویست لە بەردەم ئێوەدا سووکایەتیی پێ بکەم، چاوەڕێ بووم تاکوو بڕۆیت ئەو کاتە هەندێک وانەی ڕەوشتیی دابدەم.

– بەڵام من ئەشکەوتەکەم بەجێ نەهێشتبوو و تەواوی کاتەکە هەر لە گەڵ ئێوەدا بووم.

– هەموو شتێکت بیست؟

سەریی لەقاند و بە گاڵتەجارییەوە گوتی:

– بەق بەق.

کە درۆکەی ئاشکرا بوو، گوتی:

– ئـای خـودایە، سـەرم لـێ دەکـاتەوە ئەگەر بێـت و هۆشـی بێتەوە و کارەکەم ئەنجام نەدابێت.

– خەمت نەبێت بەر لەوەی هۆشی بێتەوە دەگەڕێینەوە.

– بەڵام من دەترسم.

– ترسان ڕێگری لە دۆڕانمـان ناکات، بەڵکوو لە سـەرکەوتن ڕێگری دەکات.

ئینجا:

– تکایە ڕازی بە.

حەکیمەکە دەیزانـی ئەوان دەچـن بـۆ هێنـانی ئەو دەرمـانە، جـا بە ڕازیبوونی ئەو یاخود نا، بۆیە گوتی:

– باشە ڕازیم.

ئەیووب وردەکاریی کارەکەی بۆ ڕوون کردەوە:

– مـن و جومانـا دەچـین بـۆ خـاکی عینقـا، تـۆش لێـرە لە لای بەحر بە.

– دەترسم دوا بکەون و ئەندامەکانی تری جەستەی بمرن.

ئەیووب چارەسەری کێشەکەی بۆ کرد:

– گەشتەکەمان یەک ڕۆژی پێ دەچێت، ئەگەر لەوە زیاترمان پێ چوو، ئەوا بزانە تووشی بەڵایەک بووین و هەرگیز ناگەڕێینەوە، ئەو کاتە دەتوانیت قاچی ببڕیتەوە.

پاشان پێی گوت: **«قسەیەک هەیە لە نێوان من و بەحردا کە لە کاتی مالئاواییکردندا بە یەکتری دەڵێین، ئەگەر نەهاتمەوە پێی بڵێ من داوای لێبووردنی لێ ناکەم، چونکە هاوڕێکان داوای لێبووردن لە یەکتر ناکەن.»**

حەکیم دڵتەنگ بوو بەو مالئاواییە، بە تکاوە گوتی:

– ئایا ئێوە باش دەبن؟ ئایا جارێکی تر دەتانبینمەوە؟

مرۆڤ بەوە ئارام دەبێتەوە کاتێک کەسێک نیگەرانی دەبێت و هیوای باشەی بۆ دەخوازێت، بۆیە جومانا دڵخۆش بوو کە دیتی حەکیمەکە بەو جۆرە بەڵایەوە گرنگە، پرسیی:

– ئایا هەر بە ڕاست تۆ نیگەرانی ئێمەیت ئەی حەکیم؟

– بێ گومان، ئەگەر تۆ شتێکت لێ بێت، کێ ئەو شتانەم پێ دەدات کە لەسەری ڕێک کەوتبووین؟

## ٧

ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بچن بۆ خاکی عینقا، بەڵام هیچیان دەربارەی ئەو شوێنە نەدەزانی، هەر بۆیە جومانا بڕیاری دا بچێت بۆ قەڵای خێزانەکەی و کەمێک هاوکاری وەربگرێت.

چووە ژوورەکەی و لەسەر زەوییەکە دانیشت و چاوەکانیی داخست، هێزە تایبەتییەکەی بەکار هێنا تاکوو کەسێک ڕابکشێت و یارمەتیی بدات، نەوەستا لەو تێڕامانە تاکوو دواتر گوێی لە دەنگێک بوو:

– گوێم لە بانگکردنەکەت بوو، پێم وا بوو من خەون دەبینم.

چاوی کردەوە و بە بێدەنگی دیتی کێ هاتووە.

**

جومانا هەستێکی ناخۆشی هەبوو دەربارەی، لەبەر ئەوەی دایکیی خۆش دەویست، بەڵام ڕەفتارەکانیی ڕق لێ بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بە یەک بانگکردن بە دەمییەوە هاتووە.

– کارێکم لێت دەوێت.

تـاج دەیزانـی کە کـچەکەی بـانگی ناکـات دوای سـێ سـاڵ لە دووری، ئەگەر بابەتەکە گرنگ و مەترسیدار نەبێت:

– چیت دەوێت؟

– دەمەوێت لەگەڵمدا بێیت بۆ خـاکی عینقا، تـۆ زۆر چیرۆکت لەو بارەیەوە بیستووە، بێ گومان هاتنت یارمەتیدەر دەبێت.

– گاڵتە دەکەیت، وایە؟ پێم بڵێ کە گاڵتەیە با پێبکەنم!

– پێـت وایە دوای هەمـوو ئەوەی ڕووی دا، گـاڵتەت لەگەڵـدا بکەم؟

– پێدەچێت سەرت بەر شتێک کەوتبێت.

– نا سەرم هیچی نییە.

– کەواتە بۆچی دەتەوێت بچیت بۆ ئەو جێیە؟

– فرمێسکی عینقائم دەوێت بۆ ڕزگارکردنی ژیانی کەسێک.

– ئەوەنـدەی بـزانم فرمێسـکەکە هەمـوو نەخۆشـێک چـاک دەکاتەوە مردوو نەبێت.

– باسی مەیسەم ناکەم.

– مرۆڤێکی تڕە؟

دەبـوو بـارودۆخەکەی لـێ بشـارێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەیزانی نابێت دوا بکەون، بۆیە ڕاستەوخۆ گوتی:

– نـاوی بەحـرە، یەکێکە لە سـەرکردەکانی جاسـووم و لەگەڵ ئەیـووبی هاوڕێیـدا ئەو کـاتەی هێرشـیان کـردە سـەرم، ڕزگـاری کردم.

ئەو زانیاریانە بۆ تاج زۆر بوو تاکوو هەمووی هەڵبگرێت، بۆیە پێویستی بە هەندێک کات هەبوو تاکوو تێی بگات، بەڵام دوای کەمێک گوتی:

– گوتت کە لەگەڵ جاسوومدا کار دەکەن؟

– بەڵێ وام گوت.

چاوی لە سەرسامیدا دەرپەڕی:

– ئایا لە بیرت کردووە کە ئەو ڕێکخراوە کێ بوون؟

دڵنیای کردەوە کە لە بیری نەچووە:

– ئەو ڕێکخراوە بوون کە تاغین سەرکردایەتیی کردن بۆ سەرکەوتن بەسەر باوکمدا و دەستگرتن بەسەر تەختەکەیدا، من ئەوەم لە بیر نەکردووە دایکە، ئەوەشم لە بیر نەکردووە کە جاسووم یەکەم دوژمنی ئێمەن.

– دوژمنن جومانا، چییە لە بیرت چووە نابێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەیت؟ دەبێت دوژمنانمان بکوژین، نابێت هەرگیز لەگەڵیاندا باش بین.

– بەڵام بەحەر و ئەووب لەبەر من لە ڕێکخراوەکە هەڵگەڕانەوە.

– نەهاتووە بە میشکتدا ئەوان هەڵگەڕێنەوە بەسەرتدا دوای ئەوەی دەزانن کێیت؟

– ئەوان جیاوازن...

**– دوو ئامۆژگاریـت دەکەم کە تـایبەتن بە مـرۆڤ، یەکەم ئەوەیە هەرگیز متمانەیان پێ مەکە، دووەمیش ئەوەیە هەرگیز یەکەم لە بیر مەکە.**

کـاتی ئەوە نەبـوو تـاج دژایەتیـی کـچەکەی بکـات، بـۆیە تەنیـا پرسیی:

– ئایا دەزانن کە تۆ جنۆکەیت؟

– تەنیا ئەیووب دەزانێت.

– ئایا دەزانێت تۆ لە خێزانی ئیمپراتۆرەکانیت؟

– نازانێت، بەڵام هەست دەکەم لەمەودوا دەزانێت.

– مەبەستت چییە لەمەودوا دەزانێت؟

دڵنیا نەبوو لەوەی دوای ئەوەی وەڵامی دایکی دەداتەوە، چی ڕوو دەدات، بۆیە گوتی:

– ئەیووب وەرە دەرەوە.

لە نێـو یەکێـک لە تاکەکـانی دۆڵابەکەی ژوورەکەدا، ئەیـووب هاتە دەرەوە.

تاج که ئەو دیمەنەی بینی، لە نێو دۆڵابی قەڵای ئیمپراتۆردا مرۆڤێک هەیە، لاڵ بووبوو، پێویستی بە چەند خولەکێک هەبوو تاکوو بۆی دڵنیا ببێتەوە و ئەو دێوەزمەیە تەواو ببێت.

توند دەستی هێنا بە سکی خۆیدا:

– ئاسمانەکان ئەم سکە بەنەفرەت بکەن کە تۆی هەڵگرتبوو.

پاشان بەرەو ئەووب ڕۆیشت تاکوو مستێکی توندی لێ بدات.

ئەووب بێدەنگ مایەوە لە بەردەم لێدانەکەدا، جومانا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دایکی بووەوە.

تاج درکی بە بەهێزیی کچەکەی کرد، چونکە توانیی مستەکەی دایکی تەنیا بە یەک پەنجە بوەستێنێت، لە نێو جنەکانیشدا جگە لە جەباری ئیمپراتۆر کەس ئەو توانایەی نەبوو.

جومانا گوتی:

– بەڵێنی سەلامەتیم پێی داوە.

تاج ڕووی گرژ و تووڕە کرد و پاشان لە جێی خۆی ون بوو.

دوای ونبوونی دایکی، له بارودۆخی بەرگریکردندا مابووەوە، دەیزانی دایکی دووبارە هێرش دەکاتەوە.

ئێستا هێزێکی زیاتری هەبوو وەک لە پێشتر، ئەوەش هەموویی بەهۆی ئەو مەشق و ڕاهێنانەوە بوو کە باوکی پێی کردبوو، دواتریش زۆر لە ئامادەتر بوو دووبارە هێرش بکاتەوە سەر دایکی.

بەڵام لەوە دەترسا دەنگی شەڕەکە یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە ئاگادار بکاتەوە، ئەو کاتە هەموو شتێک تێک دەچوو، بۆیە گوتی:

– ڕێککەوتنێکم هەیە.

تۆزێکی خایاند تاکوو ئەیووب گوتی:

– ڕەنگە دایکت ژووڕەکەی جێ هێشتبێت.

– نەخێر، تەنیا دەیەوێت وەها خۆی پیشان بدات تاکوو لە بەرگریدا بکشێمەوە و بەم جۆرە هێرشت بکاتە سەر.

پاشان تەماشایەکی دەوروبەری خۆیی کرد: «دەزانم لێرەیت، خۆت پیشان بدە و گوێ لە ڕێککەوتنەکەم بگرە.»

دەنگێک لە نادیارەوە هات:

– ڕێککەوتنەکەت ڕەت دەکەمەوە بەر لەوەی گوێم لێی بێت.

– هێندە پەلەت نەبێت، دڵنیا بە ڕای خۆت دەگۆڕیت دوای ئەوەی گوێت لێی دەبێت.

بە متمانەیەکی زۆرەوە قسەی دەکرد، ئەوەش تاجی ناچار کرد بڵێت:

– گوێم گرتووە.

**– قایل ببە، ئەوکاتە منیش لە بەرانبەر کوشتنی مەیسەمدا لێت خۆش دەبم.**

بەو جۆرە تاج خۆی دەر خست و بە سەرسامییەوە گوتی:

– هەرگیز پێم وا نەبوو کارێکی وەها بکەیت.

لە ڕاستیدا ئەو مەیسەمی لە بیر نەکردبوو، هێشتا ئەو هاوڕێ داماوەی بوو کە لە دەستی دابوو، بەڵام لێبووردنەکەی ژیانی کەسێکی تری ڕزگار دەکرد:

– ئایا تۆ ڕازییت بە ڕێککەوتنەکە؟

– ڕێگەم پێ دەدەیت بگەڕێمەوە بۆ قەڵاکە؟

– بەڵێ، بە باوکم دەڵێم کە پێویستم پێتە، بەو جۆرە ڕێگە بە گەڕانەوەت دەدات.

– ڕازیم.

پاشان گوتی:

– مرۆڤەکە هەڵگرە و دوام بکەوە.

**

تاج بردنی بۆ **کێڵگەی ئەسپەکان.**

کە لە سنووری دارستانە تاریکەکەدا بوو، ئیمپراتۆرەکان ئەسپە باڵدارەکانیان لەوێدا دلەوەڕاندن و بەجێیان دەهێشتن، تاج بە نێویاندا بانگی کرد:

**– سابح.**

هەر کە ئەسپی مەبەست گوێی لە ناوی خۆی بوو، ڕاستەوخۆ بەرەو لای فڕی.

ئەسپەکەی باڵداریکی جوانی قژپڕی سپی بوو.

– بۆچی بە گواستنەوە ناچین بۆ خاکی عینقا؟

تاج لە ئەسپەکەی نزیک بووەوە و دەستی بە قژیدا دەهێنا و وەڵامی دایەوە:

– خاکی عینقائەکان ناوچەیەکی دابڕێنراوە.

– دابڕاو؟

– ناوچەکە بە هیچ جۆرێک ڕێگە نادات جنەکان هێزەکانیان بەکاربهێنن هەر لەبەر ئەوەش بە خاکی دابڕێنراو ناوبراوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت بچینە ئەوێ دەبێت ئەسپ ببەین و ئەسپەکەی خۆت ببە و ئەسپێکی گونجاویش بۆ ئەو مرۆڤە هەڵبژێرە، منیش سابح دەبرم چونکە ئەسپێکی چوست و چالاکە.

**سابح** بە دەنگی بەرز حیلاندی و بە هەردوو قاچی دای بە زەویدا بەو جۆرە شانازی بەو پیاهەڵدانەوە دەکرد.

– جومانا ئەسپەکەی خۆی بانگ کرد کە ناوی عەریق بوو ئەسپێکی باڵداری قاوەیی ڕەنگی کەتە بوو، ئەسپێکی تریش بۆ ئەیووب.

**

هەرسێ ئەسپەکە بەرەو خاکی عینقا بەڕێ کەوتن.

وێنـــاکردنێکی بەرچاویـــان هەبـــوو بـــۆ ســـەختیی ئەو بارودۆخـانەی کە دێـتە ڕێیـان، بەڵام هـیچ کامیـان چـاوەڕوانیی سەختیی ڕاستەقینەیان نەدەکرد.

## ١٠

مرۆڤ دەتوانێت بەرگەی بڕێکی دیاری کراو لە پاڵەپەستۆی هەوا بگرێت، هەرسێ ئەسپەکەش ئەوەشیان دەزانی، هەر بۆیە ئەو دوو ئەسپەی کە جومانا و تاجییان هەڵگرتبوو، بە بڕێکی دیاریکراو بەرز و نزم دەبوونەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەیووبی هەڵگرتبوو لە حەوت هەزار پێ زیاتر بەرزتر نەدەبووەوە.

**

دوای پێنج کاتژمێر لە فڕین جومانا لێی پرسی: «بۆچی لێرە نیشتینەوە؟»

– ئەگەر لەمە زیاتر بفڕین ئەوا دەچینە نێو ئاسمانی خاکی عینقائەوە، ئەو کاتە ڕەنگە باڵندەکان هێرشمان بکەنە سەر، هەر بۆیە ئەسپەکان لێرە دەمێنێنەوە و ئێمە دەبێت بە پێ ڕێگەکە ببڕین.

ئەیووب سەرنجی شتێکی دا کە تاج سەرنجی نەدابوو:

– ئەگەر لەم ڕێگەیە بەردەوام ببین، ئەو کاتە هێرشمان دەکەنە سەر، باشترە بە ڕێگەی جیاوازدا بڕۆین.

بـابەتەکە سـەرنجی تـاجی ڕاکێشـا، بەڵام نەیویسـت دان بە زیرەکیی ئەیووبدا بنێت، بۆیە فەرامۆشی کرد.

جومانا پرسیی: «چۆن لەم بارەیەوە ڕەفتار بکەین؟»

ئەیـووب: «لە دەریـاکەوە دەڕۆیـن» پاشـان ڕوونـی کـردەوە: «هەر یەکەمـــان قامیشـــێکی زەرد هەڵـــدەگرین و خۆمـــان دەشارینەوە، بەو جۆرە دەتوانین نەبینە جێی سەرنج.»

تاج گاڵتەی بە بیرۆکەکەی دەکرد: «بیرۆکەیەکی گەمژانەیە، بێ گومان دەمانبینن.»

– دەزانم، بەڵام پێیان وایە کە ئێمە درەختین.

– خۆ گەمژە نین، دەزانن کە درەختەکان ناجووڵێن.

– لەبەر ئەوەی زۆر بەرز دەفـــڕن، چاوییـــان فێڵییـــان لـــێ دەکات، بۆیە پێیان وایە کە جێگیرین.

تـاج دەیزانـی بڕیارەکـانی پشـت بەو قسـانە دەبەسـتن کە دەیانکـات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هێشـتا خـۆی بە زل دەزانـی و ڕەتـی دەکردەوە، لە بەرانبەردا ئەیـووب دەیزانـی هۆکـاری چییە کە ڕەتـی دەکـاتەوە، بـۆیە وا خـۆی نوانـد کە تـاج بە سـەرکردە دەزانێت؛ بەو جۆرە دەکرا ملیان بۆ دابدات.

– ئەم پـــلانە ســـەر ناگرێـــت بەبـــێ ســـەرکردە کە دەبێـــت ڕێنوێنیمان بکات، پێشم وایە کە خاتوو تاج زۆر گونجاوە بۆ ئەم کارە.

تاج بێدەنگ بوو و بیری لە بابەتەکە دەکردەوە، لەبەر ئەوەی بەو جۆرە پلانەکە ڕێکوپێکتر دەبوو. گوتی:

– با هەر یەکێکمان چڵێکی پڕ لە گەڵا هەڵبگرێت.

**

بەو جۆرە لە ژێر چڵە گەڵاکاندا بەرەو خاکی عینقا دەڕۆیشتن، تواناییان لە کۆتاییدا بچنە ژوورەوە بەبێ ئەوەی کەس تێبینیان بکات.

کاتژمێری کۆتایی ڕۆژ نزیک دەبوونەوە، بۆیە تاج فەرمانی دا:

– شەو دەچینە نێو ئەو جێیەی کە لێی دەحەوێنەوە.

لە ژێر درەختە گەورەکاندا خۆیان شاردەوە و چاوەڕێی شەو بوون، لەو کاتەدا تاج پرسیی:

– ئایا هاوڕێکەت دەتوانێت ئەم سەرکێشییەمان لەگەڵدا بکات؟

ئەیووب بەو قسەیە نیگەران بوو، بۆیە گوتی:

– تۆ تەنیا لەبەر ژیانی هاوڕێکەم سەرکێشی ناکەیت خاتوو تاج، بەڵکوو لەبەر ئەو ڕێکەتنەیە کە لەگەڵ کچەکەتدا کردووتە، کچەکەشت بە هەمان شێوە لە پێناو هاوڕێکەمدا سەرکێشی ناکات، بەڵکوو دەیەوێت ئەو کاتەی هاوڕێکەم بەئاگا هاتەوە، بزانێت کە لەبەر ئەو خۆی خستووەتە چ بارودۆخێکەوە، من تاکە کەسم کە لێرەدا سەرکێشی دەکەم.

ئەیووب بەردەوام بوو لە قسە کردن و پاڵی بە درەختێکەوە دایەوە:

– ئەو ڕۆژەی کە تەمەنی حەوت ساڵیم تێپەڕاند، باوکم داوای لێ کردم لەگەڵیدا بچم بۆ بازاڕ، گوتی دەیەوێت یارمەتیی بدەم لە هەڵگرتنی ئەو کەلوپەل و پێداویستیانەی کە دەیانکڕێت.

ئەیووب هیچی تری لە بیر نەبوو دەربارەی ژیانی ڕابردووی.

هەموو ئەوەی دوای ئەوە ڕووی دابوو لە بیری کردبوو، ئەندامانی خێزانەکەیی بیر نەمابوون: شێوەیان، ناویان، ماڵەکەیان، لادێکەیان کە تێیدا دەژیان، هیچ کامێکی لەوانە لە بیر نەبوون: تەنیا ئەوەی بیر بوو کە لەگەڵ باوکیدا چوون بۆ بازاڕ بە تەواوی **چوونە ئەو بەشەی کە کۆیلە و کەنیزەکی تێدا دەفرۆشرێت.**

## ١١

لەوێدا ئەیووبی حەوت ساڵان لە بازاڕی فرۆشتنی کۆیلەکاندا دیمەنێکی زۆر سەیری بەدی کرد: کوڕ و کچی گەنجی دیت لە نێو قەفەسەکاندا، ڕووت بوون هەر وەک کاتی لەدایکبوونیان، ئەوەشی گوێ لێ بوو کە بارزگانەکان دەربارەی نرخەکایان پرسیاریان دەکرد و بە چاوی کڕیار و فرۆشیار تەماشایان دەکردن.

باوکی بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن تاکوو گەیشتە یانەیەک کە تابلۆیەکی دیت لەسەری نووسرابوو شابەندر عەدنان، باوکەکە فەرمانی بە کوڕەکەی کرد کە لێی دوور نەکەوێتەوە:

– لێرەدا بمێنەرەوە.

ئەیووب لە شوێنی خۆیدا مایەوە و سەرنجی باوکیی دەدا کە قسەی لەگەڵ بازرگانەکەدا دەکرد، نەیدەتوانی گوێی لە گفتوگۆکەیان ببێت، بەڵام توانیی ئەوە ببینێت کە بازرگانە ورگزلە کەچەڵەکە کیسێکی پارەی دەر هێنا کە خەڵک تێیدا پارەی هەڵدەگرت.

باوکی پارەکەی وەرگرت و خستییە گیرفانی، پاشان دوور کەوتەوە بەبێ ئەوەی بەرەو لای کوڕەکەی بگەڕێتەوە.

ئەیووب پێی وا بوو باوکی لە بیری کردووە، بۆیە بە دوایدا ڕایکرد، بەڵام بەردەستەکانی بازرگانەکە گرتیان و خستیانە نێو قەفەسێکەوە، منداڵەکەش بە دووی باوکیدا هاواری دەکرد:

– باوکە، باوکە!

بازرگانەکە بە تووندی هاواری لە بن گوێی کرد و پێی گوت:

– تۆ کۆیلەیت، کۆیلەش باوک و دایکی نییە.

لەو ساتەدا ئەیووب درکی بەوە کرد کە باوکی ئەوی لە بیر نەکردووە، بەڵکوو بەو بازرگانە فرۆشتوویەتییەوە.

ڕقی لێ هەڵنەگرت، لەبەر ئەوەی بابەتی خۆشەویستی و ڕق بابەتێکە پەیوەندیی بە دڵەوە هەیە.

بەڵام متمانەی لە دەست دا و بڕیاری دا هەرگیز لێی خۆش نەبێت، هەر بۆیە کە دواتر باوکی هاتەوە بۆ لای و قسەی لەگەڵدا کرد، گوتی: «تەماشام بکە، منم باوکت.» ئەیووب هەمان قسەی بازرگانەکەی پێ گوتەوە: «من کۆیلەم، کۆیلەش باوک و دایکی نییە.»

**

قافڵەکەی شابەندەر عەدنان بەڕێ کەوت بۆ بازاڕێکی تر، بازاڕەکەی تر گەورە و قەرەباڵەختر بوو، پڕ بوو لە سەردانکەر، کە یەکێک بوو لە بازاڕە جەنجاڵەکانی جەساسە، قەفەسەکانیش

پڕ بوون لە کۆیلەی نمایشکراو بۆ خەڵکی و بە ڕووتوقوتی دەیانبینین.

سەردانکەرێکی دەوڵەمەند لە لای بەشەکەی شابەندەر وەستا، کۆمەڵەیەکی زۆر لە شوێنکەوتەی لەگەڵدا بوو سەرنجی قەفەسەکان و کۆیلەکانی دەدا تاکوو چاوی چووە سەر یەکێکیان و گوتی: «ئەم کۆیلەیەم بۆ دەر بێنە شابەندەر.»

شابەندەریش ئەوەی ئەنجام دا کە داوای لێ کرا: «هەر وەکوو ئەوەی دەتانەوێت.»

کڕیارە دەوڵەمەندەکە لەو کاتەی پشکنینی بۆ کۆیلەکە دەکرد، پرسیی: «تەمەنی چەندە و ناوی چییە؟»

– ناوی ئەیووبە، باوکی پێی گوتم کە لە سەرەتای تەمەنی حەوت ساڵیدایە.

– وەها دیارە تەمەنی نۆ ساڵ بێت، لەبەر ئەوەی جەستەی پتەو و بەهێزە، دەمەوێت.

کڕیارەکە بڕێک پارەی دانا و ئەو پارەیەش لەوە زیاتر بوو کە شابەندەر داوای دەکرد، شابەندەر زۆر دڵخۆش بوو، هەر بۆیە چەرمی گای وەکوو دیاری پێشکەش بە کڕیارەکەی کرد.

هەرچەندە کۆیلەکە لەگەڵ گەورەکەیدا دەڕۆیشت، بەڵام هەر بۆ خۆشی گەورەکەی بە قامچییەکەی لێی دەدا.

بە تووندی کێشای بە پشتیدا و لە جێی برینەکە خوێنی پێدا هاتە خوارەوە، ئەیووب دەستی کردە گریان لە تاو ئازارەکەی.

گەورەکەی هاواری بە سەردا کرد و لێی دایەوە.

– هەستەوە هەی گەمژە، کۆیلە ناگری.

ئەیووب نەیدەتوانی فرمیسکەکانی ڕابگرێت، خەڵکەکەی دەوروبەریشی پێی پێدەکەنین و هانیان دەدا زیاتر و زیاتر لێی بدات، تاکوو لە هۆش خۆی چوو کەوت بە زەویدا.

بە ڕاکێشان گەڕاندییەوە بۆ لای شابەندەر، هەروەکوو ئەوەی ئاژەڵێک بەدوای خۆیدا ڕابکشێت، گوتی:

– پارەکەم بۆ بگەڕێنەوە.

شابەندەر هیچ لە بابەتەکە تێنەگەیشت:

– ئایا کارێکی هەڵەی ئەنجام داوە گەورەم؟

– دەمویست ببێتە پاسەوانم کە گەورە بوو، بەڵام هەر کە لێم دا وەکوو ئافرەت دەستی کرد بە گریان.

شابەندەر داوای لێبوواردنی کرد و پارەکەی بۆ گەڕاندەوە و پێشی گوت کە ئەو پێستەیە هەڵبگرێت لەبەر ئەوەی دیاری بووە و دیاری ناگەڕێتەوە، پاشان بە بەردەستەکانی گوت:

– بەندەکە بگەڕێننەوە نێو قەفەسەکەی، کە بەئاگا هاتەوە چاری دەکەین.

کڕیارەکە بەو قسەیە دڵخۆش بوو و دەستی کردە پێکەنین و ئەوانەشی لەگەڵیدا بوون پێدەکەنین.

ئەیووب لە شەودا بەئاگا هاتەوە.

هیچی نەخواردبوو نەخواردبووەوە.

قورگی وشک بووبوو، گەدەی بەتاڵ بوو و پشتی ئازاری هەبوو بەهۆی لێدانەکانەوە، بێ گومان دەمرد بەهۆی ئەو بارودۆخە دڵتەنگانەیە و برسێتی و تینوویەتییەی تێی کەوتبوو، بەوەی کە بیری دایکیشی دەکرد.

کاتێک بەرە بەرە هەناسەکانی کەم دەبوونەوە، دەستێک هاتە نێو قەفەسەکەوە کە جامێک ئاوی ساردی دا پێی:

– بخۆرەوە.

ئەیووب ئاوەکەی خواردەوە، لەو کاتەی کە ئەو چیرۆکەکەی دەگێڕایەوە جومانا و تاج بیریان لەوە دەکردەوە خواردنەوەی ئاو چ شیرین بووە ئەو شەوە، تەواو بوو ئەو کەسە دەرگای قەفەسەکەی لێ کردەوە و پێی گوت:

– دوام بکەوە.

ئەیووب بە دوای ئەو کەسەدا ڕۆیشت، ئەویش کوڕێک بوو هاوتەمەنی خۆی بوو تاکوو گەیتشە بەردەم ماڵێکێکی گەورە و پێی گوت:

– ئەوە بکە کە پێت دەڵێم.

– چی بکەم؟

– بەسەر دیوارەکەدا سەر کەوە.

– نایەم تاکوو پێم نەڵێیت بۆ کوێم دەبەیت؟

– ئایا لەوە دەچم زیانت پێ بگەیەنم؟

– نەخێر.

– کەواتە بێدەنگ بە و دوام بکەوە.

منداڵەکە بەسەر دیوارەکەدا سەر کەوت و ئەووبیش بە دوایدا سەر کەوت، پاشان چوونە ژوورەوە، لەگەڵ ئەوەی ماڵەکە بە کۆمەڵێک پاسەوان دەورە درابوو، بەڵام ئەوان بە ئاسانی دەیانتوانی هەڵسوکەوت بکەن بەبێ ئەوەی کەس بیابینێت.

کە چوونە نێو ماڵەکە ئەیووب شتێکی بیر کەوتەوە:

– من ناوم ئەیووبە، تۆ ناوت چییە؟

– ئێستا کاتی خۆناساندنە؟

– لانیکەم نابێت ناوی ئەو کەسە بزانم کە شوێنی کەوتووم؟

– ناوم **منداڵە**.

– بەڵام ئەوە ناو نییە.

– پێت چۆنە ئەندامانی ماڵەکە کۆ بکەینەوە و چیرۆکەکەمتان بۆ بگێڕمەوە؟

ئەیووب ویستی قسەیەکی تر بکات، بەڵام هەر زوو بە زوو منداڵە سەیرەکە یاخود با بڵێین منداڵەکە دەر پەڕی:

– پێم گوتیت کە بە بێدەنگی دوام بکەویت، نازانیت بێدەنگ ببیت؟

ئەیووب دەمی داخست و سەری لەقاند.

بە بێدەنگی هەردووکیان لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر دەچوون و بە دوای شتێکدا دەگەڕان کە ئەیووب نەیدەزانی

چییە، تاکوو لە کۆتاییدا گەیشتنە ژوورێک کە پێدەچوو ئەوەی منداڵەکە بە دوایەوە بێت ئەمە بێت، **ژن و پیاوێک لەسەر تەختەخەوی ژوورەکە نووستبوون.**

ژوورەکە تاریک بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕووناکیی مانگ بەس بوو بۆ ئەوەی بەرچاویان ڕووناک بکاتەوە.

منداڵەکە چپاندی:

– تەماشای ئەو پیاوە بکە، دەیناسیت؟

ئەیووب کەمێک سەرنجی دا و گوتی:

– بەڵێ، بەس بۆچی منت هێناوە بۆ ئێرە.

– کەمێک ئارامت هەبێت، ئێستا دەزانیت.

منداڵەکە چەقۆیەکی لە نێو گیرفانی هەڵگرتبوو، بەڵام لە هەنگاوی دواتریدا پێویستی بە چەکێکی تر هەبوو، تاکێک لە پێڵاوەکەی داکەند و بەرەو تەختەخەوەکە ڕۆیشت.

**

سەرەتا ڕووی لە ژنەکە کرد.

پاشان بە بێدەنگی و بێ ئەوەی هەستی پێ بکات دەستی لە سەردەمی دانا تاکوو هاوار نەکات و بە تووندی تاکە پێڵاوەکەی کێشا بە سەری ژنەکە دا تاکوو لە هۆش خۆی چوو، دوا ژنەکە، بەرەو پیاوەکە چوو.

پیاوەکە هەستایەوە و هەستی دەکرد کە مەیموونێک بەسەر پشتییەوەیەتی و چەقۆ تیژەکەی لەسەر ملی دانا و هەڕەشەی لێ کرد:

– ملت لێ دەکەمەوە ئەگەر هاوار بکەیت، پیاوەکە دەیزانی کە منداڵێکی بچووکە و ناگاتە دە ساڵ، بەڵام ئەو چەقۆیە وای کردبوو کە لێی بترسێت:

– بەدوای پارەدا دەگەڕێیت کوڕە؟

– نەخێر.

– کەواتە چیت دەوێت؟

دەستی بۆ دەرگاکە ڕاکێشا و گوتی:

– تەماشای ئەوێ بکە، ئەو منداڵەی لای دەرگاکەدا وەستاوە.

پیاوەکە کەمێک کاتی پێویست بوو تاکوو لە تاریکییەکەدا بەرچاوی ڕووناک ببێتەوە:

– بەڵێ دەیبینم، چییەتی؟

– بیرت کەوتەوە؟

– بەڵێ ئەوە ئەو کۆیلەیە بوو کە ئەمڕۆ لە بازاڕەکە لێم دا.

– سووکایەتیت پێی کرد، هەر لەبەر ئەوەش ئێمە لێرەین.

– دەتوانم بە پارە قەرەبووتْ بۆ بکەمەوە ئەگەر دەتەوێت.

– تەمەنت چەندە ئەی کڕیاری دەوڵەمەند؟

– شەست ساڵ.

– ئایا ژیان فێری ئەوەی نەکردوویت هەندێک شت هەیە کە بە پارە ناکڕرێن؟

– کە گەورە بوویت ئەو کاتە دەزانیت پارە هەموو شت دەکڕێت.

منداڵەکە لە دڕی گوتی:

– ئەمڕۆ لە بازاڕەکە سووکایەتیت پێ کرد، زۆر کەسیش ئەو ڕووداوەیان بینی کە لێت دەدا، ئەو نرخەم پێ بڵێ کە پێت وایە کەرامەتی بۆ دەگەڕێنێتەوە؟

کڕیارە دەوڵەمەندەکە بێدەنگ بوو و نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، منداڵەکە گوتی:

– من پێت دەڵێم، نۆزدە.

– دیناری ئاڵتوونیی؟

– بەڵکوو لێدان بە قامچی، لە نێوەڕاستی بازاڕدا.

– پێم مەڵێ کە دەتەوێت ئەوام لێ بکەیت.

– من؟ نەخێر بەڵکوو ئەیووب دەبێت قامچیت لێ بدات.

– واز لەم گاڵتە بێمانایە بێنە ئەی منداڵ، هاوڕێکەت ببە و بڕۆن لە ماڵەکەم.

– من گاڵتە ناکەم، بەڵام دونیا...

خۆی ڕێک کردەوە:

– تەماشای دونیا بکە. هەمیشە دەورانە، چی لەوانی تر بکەیت دێتەوە سەر ڕێگەت.

– دەنگت دەنگی منداڵە، بەڵام بە زمانی کەسێکی حەفتا ساڵە قسە دەکەیت.

– من هیچ خێزانێکم نییە ئەی کرپاری دەوڵەمەند، من لە کۆڵانەکاندا دەژیم و لە نێو هاوڕێی خراپدام، ئەمڕۆش بە داخەوە لە نێو بازاڕەکەدا بووم ئەو کاتەی لەوت دەدا، دوات کەوتم و ماڵەکەتم دۆزییەوە تاکوو مافیت لێ وەرگرم.

– بەڵام ئەوە کۆیلەیەکی ڕەشپێستە و من گەورەم.

– ئەو مرۆڤە و تۆش مرۆڤیت.

– بەڵام جیاوازیی هەیە.

منداڵەکە دووبارە بەڕەرچی دایەوە:

– هەردووکتان لە خۆڵ دروست بوون، هەردووکتان نۆ مانگ لە سکی دایکتاندا بون، هەردووکتان دەخۆن و دەخۆنەوە و برسی و تینووتان دەبێت و، لە کۆتاییدا هەردووکتان دەگەڕێنەوە بۆ خاک، کامە جیاوازییە کە باسی دەکەیت؟

لیرەدا کرپارە دەوڵەمەندەکە بێدەنگ بوو و نەیزانی چیتر چۆن وەڵامی بداتەوە.

منداڵەکە بە فەرمانەوە پێی گوت:

– ئەیووب وەرە چوارپەلی ببەستەرەوە و دەمیشی، تاکوو هاوار نەکات.

ئەیووب نزیک بووەوە، بەڵام کرپارە دەوڵەمەندەکە هەوڵی ڕزگاربوونی دەدا:

– هێی بچکۆل، من لە هەست و ئازارەکانت تێدەگەم.

ئەیووب گوتی:

– تـاکە رێـگە بـۆ تێگەیشـتن لە ئـازاری بەرانـبەر، ئەوەیە خۆشت بیچێژیتەوە.

پاشان لەو کاتەی سەرقاڵی بەستنەوەی پەلەکانی بوو، گوتی:

– هەست بە ئازارەکەم ناکەیت تاکوو نەیچێژیتەوە.

– ئەوەندە بەس نییە داوای لێبووردنت لێ بکەم؟

– دواتر وەڵامت دەدەمەوە، با تەواو ببم.

جـا دەمـی بەسـت و قـامچییەکەی گـرت بە دەسـتییەوە، ئەو قـامچییەی کە لە بـازارەکەدا ئەوی پێ قامچیکاری کرد، ئامـادەی لێدانی بـوو، بەڵام لەو کاتەدا منداڵەکە ئامـادە بـوو کە وانەیەکـی ڕەوشتیی دابدات:

– ئەیـووب دەڵـێن کە لێبـووردن لـووتکەی ڕەوشـتە، دڵـی سافیش ئەوەیە کە هەمیشە لەوانی تر دەبووریت.

کڕیـارە دەوڵەمـنەدەکە بەو قسـەیە دڵخـۆش بـوو، بەڵام زۆر نەبوو دڵخۆشییەکەی کە منداڵەکە زۆر بە پیسی پێکەنی و گوتی:

– بەڵام بەبێ ڕەوشت دڵمان پاک نابێتەوە...

– لێی بدە ئەیووب.

**

که ئەیووب تەواو بوو لە لێدانەکەی، خوێن لە جەستەی کڕیارە دەوڵەمەندەکەدا دەهاتە خوارەوە و فرمێسک و ئازاری لێ دەباری، منداڵەکە لێی نزیک بووەوە و گوتی:

– من و هاوڕێکەم زۆر داوای لێبووردن دەکەین بەوەی بەرانبەرت کردمان.

پاشان بە گاڵتە جاڕییەوە تەماشای پشتیی دەکرد و گوتی:

– داوای لێبووردن دەکەیت لەبەر ئەوەی هێشتا برینەکانت خوێنیان لێ دەچۆڕێت، پێدەچێت لێبووردن خوێنی برینەکەت کەم نەکاتەوە یاخود برینەکانت سارێژ نەکات ئەی کڕیاری دەوڵەمەند.

ئەیووب هەستی بە بەهێزیی خۆی دەکرد و ڕای کرد بۆ دوور لە ماڵەکە، هەستی بە کەرامەت و نەفسبەرزیی خۆی دەکرد، دەیتوانی لە دڵیەوە پێبکەنێت لە کاتێکدا دوور بوو لە ماڵ و خێزانەکەیەوە.

دەیانزانی کریارە دەوڵەمەندەکە پیاوەکانی دەنێرێت بە دوایاندا، بۆیە هەتا توانییان دوور ڕۆیشتن.

کە ماندوو بوون، لەسەر زەوییەکە کە سەوزایی داپۆشیبوو، پاڵ کەوتن لە ژێر ئاسماندا و بۆ چەندان کاتژمێر بیریان لەو سەرکێشییە دەکردەوە کە ئەنجامیان دابوو، پاشان بە دەنگی بەرز پێدەکەنین، وەکوو ئەوەی کە نهێنییەکی گەورەی ژیانیان بۆ دەر کەوتبێت:

**هیچ شتێک شایەنی ئەوە نییە مرۆڤ لە ژیانیدا بۆی دڵتەنگ ببێت.**

ئەیووب هەر ئەو پرسیارە لە مێشکییدا مابووەوە لە سەرەتاوە، گوتییەوە:

– ناوت چییە ئەی منداڵ؟

– کە منداڵ بووم خەڵک هەر بە منداڵەکە بانگیان دەکردم، وا گەورەش بووم هێشتا ناوم نییە.

– ئەی خێزانەکەت لە کوێن؟

– هەموویان ڕۆیشتوون.

– بۆ کوێ؟

بێدەنگ بوو و وەڵامی نەدایەوە، ئەیووب هەستی کرد کە نایەوێت لەوە زیاتر لەسەر ئەو باسە بڕوات، بۆیە بابەتەکەی گۆڕی:

– پێت چۆنە ناوێکی ترت بۆ دابنێین؟

لە ڕاستیدا منداڵەکە لەگەڵ ناوی منداڵەکەدا کێشەی نەبوو، بەڵام بیرۆکەکەی بە دڵ بوو و پرسیی:

– پێشنیاری چی دەکەیت؟

– ڕەیحانەت پێ چۆنە؟

– هممم جوانە، بەڵام بۆ کچان گونجاوە.

ئەیووب لەو کاتەدا پێکەنی و بە شانازییەوە گوتی:

– ناوی دایکمە.

– هەستی هەبوونی دایک چۆنە؟

– واتە هەموو کات هەست بە ئاسوودەیی بکەیت.

ئەو شەوە ئەیووب بیری لە ناوی زۆر دەکردەوە، هەندیکیان یان بێمانا بوون یانیش پێکەنیناوی، هەندێکی تریش یاخود زۆر گەورانە بوون یاخود بۆ ناوی مرۆڤ بەکەڵک نەدەهاتن، هەندێکیش جوان بوون، بەڵام منداڵەکە پێی قایل نەدەبوو.

بەردەوام بوون تاکوو هەردووکیان خەویان لێ کەوت.

ئەیووب خەونێکی بینی: هەردووکیان لە خەونەکەدا لەگەڵ منداڵەکەدا لە هەمان شوێن وەستابوون، لە پڕێکدا کەسێک سەردانی کردن، ئەو کەسە ڕەیحانەی دایکی بوو و دوو بوتڵ شیری گرتبوو بە دەستییەوە و بەرەو ڕووی منداڵەکەی کردەوە:

– کوڕەکەمت پاراست، ئێستا تۆش بخۆرەوە.

منداڵەکە نزیک بووەوە و شیرەکەی خواردەوە، کە تەواو بوو گوتی:

– ئێستا بوویت بە کوڕم، ناویشت بەحر دەبێت، ئاگریش چارەنووست دەبێت کوڕەکەم، لەو ئاگرە نەوەیەکی باش و بەهێز بەرهەم دەهێنیت.

ئەیووب لە خەونەکەدا پرسیی:

– دایکە ئەی من، چارەنووسی من چیی لی دێت؟

ڕەیحانە لە کوڕەکەیی ڕوانی و زەردەخەنەیەکی کرد:

– چارەنووسی تۆش ئەوەیە کە کوڕەکەی بپارێزیت.

لە کۆتاییدا شتێکی گوت و بەرە بەرە ون دەبوو:

– لەم ساتە بەدواوە، ئێوە یەک هیلان (هیلا دەستەواژەیەکی عەرەبییە لە کتێبەکەدا بەکارهاتووە مەبەستی لە خێزانە و لە بەشەکانی تریشدا ئەم وشەیە دەبیستین).

پاشان خەونەکەی تەواو بوو.

**

ئەیووب لە خەونەکەی ڕاپەڕی و ڕووی لە هاوڕێکەی کرد، دەیویست هەڵی بستێنێت و ئەوەی دیویەتی بۆی باس بکات، بەڵام دیتی هاوڕێکەی شێری بە دەمەوەیە و پرسیی:

– ئەوە چییە بە دەمتەوە؟

– شێرە، دایکت پێی دام بە دەستی خۆی لە خەونەکەدا و پێی گوتم کە من کوڕیم و ناوم بەحرە، شتێکی گوت کە لێی تێنگەیشتم ئەیووب.

– ئاگر چارەنووستە، لە ئاگر مندااڵت دەبێت.

– دڵنیاییت کە وای گوت؟

– منیش لە گەڵت بووم لە خەونەکەدا و هەموو شتێکم بینی.

بەحر و ئەیووب هەمان خەونیان دیبوو، بەڵام کەس لە ئەوان نەیدەتوانی لێکدانەوەی خەونەکە بکات.

لەو شەوەوە بوون بە بە یەک خێزان و دوو برا، خاک مالّیان بوو و ئاسمان بنمیچیان، دایکیان ناوی **ڕەیحانە** بوو.

**

کە تەواو بوو لە گێڕانەوەی ژیانی، هێندی نەمابوو خۆر ئاوا ببێت، ئەیووب لە تاجی پرسیی:

– پرسیارت کرد ئایا هاوڕێکەم شایەنی ئەم هەموو سەرکێشییەیە، پێم وا بێت وەلّامت دەست کەوتووە، بۆیە شایەنیەتی کە بەو جۆرە ژیانم لە پێناویدا بکەم بە قوربانی، نەک لەبەر ڕزگارکردنی قاچی لە بڕینەوە، بەلّکوو لەبەر ئەوەی ئەوە ئەرکە.

تاج هەرگیز سەرسام نەبووبوو بە مرۆڤ تا ئەو ڕۆژە.

بەلّام دەیزانی کە ئەو کوڕەی کە ناوی بەحرە زۆر لە جەباری ئیمپراتۆر مێردی دەچێت.

هەستایەوە و گوتی:

– ئامادە بن، دەچینە نێو یەکێک لە هێلانەکانەوە.

## ١٢

به شەلەشـــەل هـــاتە دەرەوەی ئەشـــکەوتەکە و لەو کـــاتەدا حەکـــیمەکەش لە دەرەوەی ئەشـــکەوتەکە وەســـتابوو و میـــزی دەکـرد، بەڵام لە پرێکدا هەستی بە شمشـێرێک کـرد کە لەســەر ملی دانرا و بە دەنگێکی کز و هەڕەشەئامێزەوە پێی گوت:

– پێم گوتیت ســەرت لە لاشـەت دەکەمەوە ئەگەر کاریگەریی خواردنەوەکە نەمێنێت و کارەکەت تەواو نەکردبێت.

– نەتدەتوانی کەمێک بوەستیت تا خۆمم بەتاڵ دەکردەوە؟

– ئەیووب و ئەو کچە لە کوێن؟

– پێت دەڵێم، بەڵام مەمکوژە.

– ئەگەر ڕاستییەکە بڵێیت ناتکوژم.

– باشـە، نامەوێـت لە مێـژوودا بنووسـرێت کە حەکیمێـک بە ڕووتی کوژرا.

– قسە بکە.

– چوون تاکوو فرمێسکی عینقات بۆ بهێنن.

لەگەڵ ئەوەی بەحـر لەســەر یەک پـێ وەســتابوو، بەڵام بە ئاسانی توانیی حەکیمەکە بە دەستێکی بەرز بکاتەوە و هـاواری لەسەر بکات:

– بۆچی ڕێت لێ نەگرتن؟

– گوێ بگرە، تۆ بەم ڕەفتارانەت دەمترسێنت و لە دەسەڵاتی منیشدا نییە.

بەحر دایگرت و پاشان پشتی لێ کرد.

حەکیمەکە تەماشای کرد لەگەڵ ئەوەی کەشەکە چەندە ساردبوو، بەڵام تووشی تایەکی بەرز بووبوو و جەستەی عارەقەی دەکردەوە، مردن لە نووکی پێیەوە هەڕەشەی لێ دەکرد بۆ هەموو بەشەکانی تری جەستەی و لەو لاشەوە دەترسا لەوەی کە ئەیووب و جومانا بە سەلامەت نەگەڕێنەوە.

حەکیم لە ناخی خۆیدا گوتی:

بێهۆشکەرێکی بەهێزم پێی داوە کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بێهۆشی دەکات، چۆن دەکرێت بەو خێراییە بەئاگا بێتەوە، ئەو بڕەی کە حەکیم پێی دابوو، تەواو بوو، بەڵام ئەوەی هەژماری نەکردبوو ئەوە بوو بەحر ئالوودەی خواردنەوەی کحوولی و هەندێک گژوگیای بێهۆشکەر بووبوو، ئەوەش وای کردبوو ماددەی خەشخاشەکە کاریگەریی کەمی لەسەری هەبێت.

– ئارام ببەوە، هەموو شت باش دەبێت.

– چۆن دەزانیت هەموو شت باش دەبێت؟

– نازانم، بەڵام لە بارودۆخی لەم جۆرەدا وەها دەڵێن.

– ئایا ئەیووب هیچی پێ نەگوتیت؟

– گوتی کە داوای لێبووردنت لێ ناکات، لەبەر ئەوەی لە نێوان هاوڕێکاندا وشەی لێبووردن نییە، بەحر ئەو کاتە زانیی کە

ئەیـووب هەرگیـز واەناڵێـت ئەگەر نەچێـت بـۆ کـارێکی پـڕ لە مەترســـی و سەرکێشـــی، ئەوەش مانـــای وایە ئەگەر بێـــتەوە، ســەرکەوتوو بـووە و ئەگەر نەیەتەوە، ئەوا مـردووە، هەر لەبەر ئەوە دەبوو کارێک بکات کە جوماناشی لەگەڵدا ڕزگار بکات.

شمشێرەکەی هەڵگرت و خۆی گرتەوە بە دیوارەکەوە، لە نێو کەلانی شمشێرەکەدا کاغەزێکی لوولکراوی دەر هێنا.

کردییەوە و تەلیسمەکەی سەریی خوێندەوە کە کە لە **سیانزە وشە و پێنج پیتی تاک پێک هاتبوو.**

کە تەواو بوو کاغەزەکەی لە نێو دەستیدا سووتاند و تاکوو ڕەژووەکەی بە ئاســماندا پەرت بــوو، چــاوی لەو بــارودۆخە کردبـوو بـۆ مـاوەیەک بە چـاوە تیژەکـانی وەک ئەوی چـاوەڕێی هاتنەوەی کەسێک بێت.



# دەروازەی پێنجەم

لە ژێر تاریکایی شەودا جومانا و تاج و ئەیووب دەستیان کرد بە جوولّە.

زۆر لەوە دەترسان کە ئاشکرا ببن.

دوای ماوەیەکی زۆر لە پێشڕەوی بۆ خاکی عینقائەکان، لە کۆتاییدا توانییان بگەنە ناوچەی هێلانەکان.

**

لەبەر ئەوەی کەشەکە ساردبوو جار جارە کەمێک بەفر بەسەریاندا دەبارى، ئەوەش وای کردبوو بەشێکی زۆری باڵندەکان نەیەنە جێگەکانیان، مەگەر دەرەوە ترسناک و جێی مەترسی بووبێت.

پرسیارێک بە مێشکی جومانادا هات کە پێشتر بیریان لێ نەکردبووەوە:

– چۆن فرمێسکەکەمان دەست بکەوێت؟

ئەیووب وەڵامی دایەوە: «تۆ ڕاست دەکەیت تەنانەت ئەگەر باڵندەیەکی عینقائیش بفڕێنین چۆن تێبگەیەنین کە فرمێسکمان دەوێت؟»

تاج چاوەسەری لابوو:

– عینقائی دایک.

جومانا: «چییەتی؟»

– لە ڕێگەی عینقائی دایکەوە فرمێسکەکەمان دەست دەکەوێت.

– بەڵام چۆن؟

تاج بێدەنگ بوو و ڕووی لە ئەیووب کرد و زەردەخەنەیەکی شەیتانیی کرد، وەکوو بڵێیت ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بووبێت کە پێش ئەرکەکە کردوویانە:

– یەکێک لە هێلکەکانی عینقائەکە دەشکێنین، بەو جۆرە دایکەکە لە خەماندا بۆی دەگەڕی و ئێمەش فرمێسکەکەمان دەست دەکەوێت.

جومانا بەو قسەیە تووڕە بوو:

– مەحاڵە.

تاج داوای لێ کرد ئارام ببێتەوە:

– دەنگت نزم بکەرەوە با ئاشکرا نەبین، ئەو کاتە سەرمان پان دەکەنەوە و کەسیش نابێت بۆمان بگەڕێ.

جومانا بە دەنگی نزم گوتی:

– مەحاڵە، ئێمە هەرگیز هێلکەی دایکێکی داماو ناشکێنین.

تا دەستی بردە نێو هێلانەکەوە و هێلکەیەکی بچووکی دەر هێنا و گوتی:

– ئەمە بگرە کچەکەم، ئەمە بە بۆ یەکێک لە باڵندە عینقائەکان و بڵێ پوورێ دایکم سەلامی لێ کردوویت، دەتوانیت هەندێک فرمێسکی خۆتمان بدەیتێ.

– گاڵتەم پێ مەکە دایکە.

– دڵت زۆر لاوازە کچم، ئەوەش زیانمان پێ دەگەیێنێت.

– پێم گوتیت نا، واتە نا.

– کچەکەم ئێرە هیچ شتێکی لێ نییە فرمێسک بفرۆشێت یان دەبێت ئەو رێگایە بگرینە بەر یاخود رێی ترمان نییە.

– دەبێت رێیەکی تر هەبێت.

– باشە هەموو هێلکەکان ناشکێنین تەنیا دانەیەک.

جومانا بێدەنگ بوو، ئەوەش مانای قایلبوونی بوو.

**

لەبەر ئەوەی هێلانەکان زۆر بوو ئەوەش وای کردبوو سەخت بێت بتوانن لە هێلانەیەک بۆ دانەیەکی تر بڕۆن کە تەنیا یەک هێلکەی تێدا بێت، بۆیە ئەیووب پرسیی:

– کامەیان هەڵدەبژێرین؟

تاج لەبەر ئەوەی زانیاریی دەربارەی هێلانەکان و ناوچەکە هەبوو، گوتی:

– ئەم ناوچەیە زۆر ساردە، ساردیش هیچ یارمەتیدەری بێچووەکان نییە لە هێلکەکە بێنە دەرەوە، بۆیە دایکەکان دەچن لە نزیکی هێلانەکان ئاگر دەکەنەوە.

هەر لە سەرەتاوە هاتنە ئەو جێیەی ئەیووب سەرنجی ئەوەی دابوو کە هەندێک لە هێلانەکان ئاگریان لە نزیکدا کرابووەوە، ئەو کاتە نەیدەزانی هۆکار چییە، پێی وا بوو ڕەفتارێکی سەیرە ئەنجامی دەدەن، بەڵام ئێستا لە هۆکارەکە تێگەیشت.

هەموو هێلانەکان لە نزیکی یەکتر بوون، تەنیا دانەیەکیان نەبێت لەوان دوورتر بوو و لە نزیکیشدا ئاگر کرابووەوە. تاج دەستی بۆ ڕاکێشا:

– ئەوە تاکە هێلانەیەکە، ئەگەر ئاشکراش ببین بە ئاسانی دەتوانین ڕابکەین.

**

– یەک هێلکەی تێدایە.

جومانا گوتی:

– وازی لێ بێنە، دەچینە هێلانەیەکی تر.

تـاج نـارازی بـوو: «کـاتی تەواومـان لە بەردەسـتدا نیـیە، باڵنـدەکان لە هەر سـاتێکدا بێـت دەگەڕێـنەوە.» پاشـان گـوتی: «ئێستا تێکی بشکێنە، تێکی بشکێنە.»

ئەیـووب شمشـێرەکەی دەر هێنـا و وێسـتی لێی بـدات، بەڵام جومانا ڕای گرت:

– بوەستە، ئەی بۆچی نەیشارینەوە؟

تاج تووڕە بوو:

– ئەو کاتە دایکەکە دەگەڕێتەوە و دەتاسێت و دەست دەکات بەگریان و فرمێسکەکەی دەبەین، وا نییە؟

– سەرەتا لە بیرۆکەکەم تێبگە.

– کاتمـان نیـیە بـۆ بیـرۆکە، ئـێمە بـۆ یـاریکردن نەهـاتووین، لەناوی ببە.

– هاوار دەکەم ئەگەر بیشکێنی.

– ئێمە یەک تیمین گەمژە.

– ئەگەر یەک تـیم بـین کەواتە دەبێـت گرنگـی بە بیـرۆکەکەم بدەیت.

تاج لە کچەکەی بێئومێد بووبوو.

– هەندێک جار دەپرسـم دەکرێت چ پێڵاوێک لە نێو مێشکتدا بـــدۆزینەوە ئەگەر ســـەرت بکەیـــنەوە، بیـــرۆکەکەت بڵێـــت و ڕزگارمان بکە.

– دەیشـــارینەوە و بەو جـــۆرە کە دایـــکەکە دەگەڕێـــتەوە هـێلکەکەی نـادۆزیتەوە، دەگـڕی و ئـێمەش فرمێسـکمان دەسـت دەکەوێـت، پاشـان هـێلکەکەی بـۆ دەگەڕێنینـەوە و دەڕۆیـن، بەو جۆرە کەس ئازاری پێ ناگات.

تـاج بێـدەنگ بـوو بیـرۆکەکەی لە مێشـکیدا تـاوتوێ دەکـرد، ڕووی لە ئەیـووب کـرد تـاکوو ڕاوێـژ بە ئەویش بکـات، ئەیـووب گوتی:

– پێم وا بێت بیرۆکەکە سەرکەوتووە.

– تکایە دایکە ڕازی بە، دایکە تکایە تکایە.

بە قایلبوونەوە گوتی:

– هـێلکەکە بێـنە و بیشـارەوە، بـا لێـرە دوور بکەوینـەوە بەر لەوەی دایکەکە بگەڕێتەوە.



تاج هێلکەکەی لە دەستی ئەیووب وەرگرت و خستییە نێو زەنبیلە چەرمەکەوە کە لە کەمەریی بەستبوو، پاشان بردیانە ژێر یەکێک لە درەختە گەورەکان و شاردیانەوە.

هەناسەیان لە خۆیان برپیوو و چاوەڕێی ئەوە بوون کە ڕوو دەدات.

دوای کەمێک دایکەکە گەڕایەوە و لە هێلانەکەی نیشتەوە.

**

جگە لە یەک هێلکە هیچی تری لێ نەبوو، بۆیە ڕاستەوخۆ چواردەوری هێلانەکەی دەگەڕا و پێی وا بوو لێی کەوتبێت، بەڵام نەیدۆزییەوە، کە هیچی نەدۆزیەوە، بەرز فڕی تاکوو لەوێوەوە تەماشا بکات، بەڵام دیار نەبوو.

دووبارە گەڕایەوە، بۆیە گریا کە گریا فرمێسکەکانی بە پێڵوی چاوییەوە نووسابوون.

**

لەو کاتەدا تاج بە ئەیووبی گوت:

– ئەمە هەلی تۆیە.

جومانا:

– منیش لەگەڵیدا دەچم.

دایکی ناڕازی بوو و دەترسا کچەکەی ئازاری پێ بگات.

– تۆ ناچیت، ئەو بە تەنیا دەچێت.

لەبەر ئەوەی تەنیا ئەیووبی بە هۆکاری هاتنیان ئێرە دەزانی، بۆیە گوتی دەبێت کە ئەو هەموو بەرپرسیاریەتییەکە هەڵبگریت، بەڵام دەیزانی دایکی بەو قسانە قایل نابێت، بۆیە گوتی:

– لەبەر ئەوەی هێلانەکە لە هەردوو چڵی بەهێز و لاواز پێک هاتووە، ڕەنگە بڕووخێت، باشتر وایە کە کەسێک کێشی کەم بێت سەر بکەوێت، تاکوو دایکەکە پێی نەزانێت.

ئەیووب بە هۆکارەکە قایل بوو و گوتی:

– کچەکەت ڕاست دەکات.

تاج دەیزانی کچەکەی لە بیرۆکەکەی پاشگەز نابێتەوە، بۆیە گوتی:

– ئاگادار بە، ئەگەر ئاشکرا بووێت، ڕاستەوخۆ ڕابکە.

**

لە درەختەکە هاتنە خوارەوە و بەرەو هێلانەکە چوون.

تاجیش بە تەنیا مابووەوە لەگەڵ هێلکە دزراوەکەدا لە نێو درەختەکەدا.

هەر کە گەیشتن، ڕاستەوخۆ ئەیووب پشتێنەکەی خۆی کردەوە و لە کەمەری جومانای بەست و گوتی:

– هیوادارم ناچار نەبیت بەکاری بهێنیت.

جومانا دەیزانی کاتەکەی گونجاو نییە، بەڵام پرسیی:

– بۆچی درۆت لەگەڵ کرد، پێت نەوت من جنۆکەم؟

– ڕقی لە جنە، بۆیە باشترە بە نهێنینی بمێنێتەوە.

– بۆچی ڕقی لێیە؟

– چیرۆکێکی دوورودرێژە ئێستا کاتی نییە، وەکوو گوتم ئەگەر بزانێت تۆ جنیت، ناتوانم وێنای بکەم کە چیت بەرانبەر دەکات.

– دەترسم حەکیمەکە پێی گوتبێت.

– خەمت نەبێت پێم گوتووە وا نەکات.

پاشان گوتی:

– دەی خێرا.

بەبێ هێزە تایبەتەکەی جومانا پێویستی بە یارمەتی هەبوو تاکوو بەسەر درەختەکەدا سەر بکەوێت، بۆیە ئەیووب دەستی خستە ژێر پێی و یارمەتیی دا تا سەر بکەوێت.

کە چووە سەرەوە، بە وریاییەوە بەرەو دایکەکە چوو، هەستی بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکرد لەبەر ئەوەی قەبارەی عینقائەکە نزیکەی ئەسپێکی پێگەیشتوو یاخود کەمێک بچووکتر دەبوو، ئەو قەبارەیەش بۆ باڵندەیەک زۆر بوو.

ڕەنگە ئەو شڵەژانەی هۆکاری ئەوە بووبێت کە سەرنجی نەمێنێت و بۆیە پێیەکی خزا و دایکەکە چاوی کردەوە.

## ٢

دایکەکە چاوی کردەوە بەڵام هیچی نەدۆزییەوە، پێی وا بوو کە تەنیا خەو دەبینێت، کە تەماشای لای چەپی کرد هێلکەکەی نەدیتەوە دووبارە دەستی کردەوە بە گریان تاکوو خەوی لێکەوت، لەو کاتەدا خۆشبەختانە ئەیووب جومانای ڕاکێشابووە خوارەوە ئەوە وای کرد کە نەیبینێت.

جومانا بە ئاگاداریەکی زۆرەوە ئەم جارە قوتووەکەی لە چاوی نزیک کردەوە و چەند دڵۆپێکی تێ کرد.

لەگەڵ ئەوەی خۆشحاڵ بوو بەڵام وریا بوو، ئەیووب چاوەڕوانیی دەکرد و هەزار جار بیری دەکردەوە بەر لەوەی پێیەکی دابنێت، کە گەیشتە خوارەوە ئەیووب هاوکاری بوو دابەزێت.

هەموو شتێک بە باشی بەرێوە دەچوو.

بەڵام لەو کاتەی دەهاتە خوارەوە، تێبینیی ئەوەی نەکردبوو چڵێک دار بە جلەکانییەوە لە دواوەوە گیر بووە.

هەر کە قاچی دانا ڕاستەوخۆ چڵەکە شکا و کەوت بەو جۆرە دایکەکە بەئاگا هاتەوە.

**

ئەم جارە هیچ جێیەک نەبوو خۆیانی لێ بشارنەوە.

ئەم جارە هۆکارێکی ڕوون هەبوو بۆ ئەوەی عینقای دایک هێرش بکاتە سەریان.

ئەیووب ڕاستەوخۆ هاواری کرد:

– شمشێرەکەم بدەرێ.

ئەوەش بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی باڵندەکە و ڕاستەوخۆ پەلاماری شمشێرەکەی دا و دووری خستەوە.

پاشان بەرەو جومانا چوو کە لە نێو هێلانەکەیدا بوو، بەڵام بەر لەوەی بگات لە دوورەوە تاج هاواری کرد:

– بە دوای ئەمەدا دەگەڕێیت؟

عینقائەکە هەر کە هێلکەکەی بینی، لە هێرشکردن وەستا.

– دەزانم تۆ تووڕەیت ئەی دایک، منیش وەکوو دایکم و لە هەستت تێدەگەم. هێلکەکەت بۆ دەگەڕێنمەوە بەو مەرجەی ڕێگەمان بدەیت بە سەلامەتی بڕۆین.

هەرچەندی باڵندەکە لەو وشانە حاڵی نەدەبوو، بەڵام لە هەستەکەی تێدەگەیشت، بۆیە گەڕایەوە نێو هێلانەکەی و بەوە ڕازی بوو.

تاج بەرەو پێش چوو و بە هێلانەکەدا سەرکەوت بە یارمەتیی ئەیووب، هێلکەکەی گەڕاندەوە جێی خۆی و پاشان کشایەوە و گوتی:

– جومانا و ئەیووب خێرا بڕۆن لەم شوێنە.

بەڵام هەر زوو بە زوو زۆر دوور نەکەوتبـــــــــــوونەوە و ڕاستەوخۆ دایکە عینقاکە بە دەنگی بەرز هاواری کرد، ئەوە وای کرد کە ئاوڕ بدەنەوە بە تووڕەییەوە بەرەو ڕوویان دەهات.

جومانا: «چییەتی؟»

تاج: «نازانم، بەڵام ڕەنگە بانگێشتمان بکات بۆ خوانی ئێوارە، تۆ نازانیت کە باڵندەی عینقا چەندە باشن کچەکەم.

جومانـا دەیزانـی بـارودۆخەکە چەنـدە مەترسـیدارە: «چـی بکەین؟»

تـــاج هێشـــتا بەردەوام بـــوو لە گـــاڵتەکردن و قورســـیی بـــارودۆخەکەی ڕوون دەکـــردەوە: «پێـــی دەڵێـــین کە ئـــێمە چـاوپێکەوتنێکی ترمـان هەیە، بەو جـۆرە بەرەڵامـان دەکـات و دەڕۆیـن، تـۆ نازانیـت عینقائەکـان چەنـدە دڵباش و تێگەیشـتوون کچەکەم.»

ئەیـووب کە تەماشـای ئاسـمانی دەکـرد، دیتـی ئەو هەمـوو باڵندەیە بەرێوەن.

– بیرۆکەیەکی ناوازەم هەیە.

تاج و جومانا بە جارێک: «ڕابکەنن.»

جگە لە ڕاکردن هیچی تریان لە بەردەستدا نەبوو، چونکە لە ئاسمانەوە پۆل پۆل باڵندەکان دەهاتن و ئەوەش وای کردبوو بە ئاسان بگیرێن، بەڵام ئەسپەکان لە کاتی خۆیدا گەیشتن و پاشان دەستیان کرد بە هەڵهاتن.

**

باڵندە عینقائەکان زۆر خێرا بوون، جەستەیان هێندەی ئەسپێکی باڵدار دەبوو، دەشفڕین بەبێ ئەوەی هیچ قورسییان لەسەر بێت و لەگەڵ ئەوەشدا تووڕەیی خێراتری کردبوون.

ئەو ئەسپانەش خێراتر بوون، لەبەر ئەوەی بەر لە بوونی خێزانی ئیمپراتۆر مەشیقان پێ کرابوو و بەشداریی زۆر شەڕیان کردبوو، زۆر هونەری هەڵهاتن فێر بووبوون.

**

ئەسپەکانی ئیمپراتۆریەت توانییان بەردەوام بن.

کە نزیک بوونەوە لە بەرگە هەوای خاکی عینقا، ڕاستەوخۆ تاج هاواری کرد:

– له ڕزگاربوون نزیک بووینەوە، عینقائەکان ناتوانن خاکی خۆیان تێپەڕ بکەن.

بەڵام هەر لەو کاتەدا یەکێک لە باڵندەکان سنووڕەکەی تێپەڕاند و پەلاماری ئەسپەکەی جومانای دا.

ڕاستەوخۆ ئەسپەکە بە دەوری خۆیدا خولایەوە تاکوو هێرشی بکاتە سەر. لەو کاتەدا شتێکی چاوڕواننەکراو ڕووی دا:

**قوتووە فرمێسکەکە لە پشتێنەکەی جومانا کەوتە خوارەوە.**

هەوڵی دا بیگرێتەوە، بەڵام نەیتوانی و قوتووەکە کەوتە سەر زەوی.

زۆر نزیک بوون لە ڕزگاربوون، بەڵام جومانا بەبێ بیرکردنەوە ڕاستەوخۆ لە ئەسپەکەی هاتە خوارەوە و گەڕایەوە بۆ دواوە.

**هاتبوو بۆ بە دەستهێنانی ئەو فرمێسکانە، بۆیە یان نەدەگەڕایەوە یاخود پێی دەبوو.**

**

تاج و ئەیووب هەوڵیان دا ڕزگاری بکەن، بەڵام نەیاندەتوانی، لەبەر ئەوەی باڵندەکان وەکوو بەربەستێک ڕێگرییان کردبوو لە چوونەژوورەوە بۆ خاکەکەیان.

لەو کاتەدا تاج هەستی بە بێئومێدی کرد بەوەی کچەکەی بە زیندوویی ناگەڕێتەوە.

## ٣

سوپایەک لە مردن بە دوای کەوتبوون، بەڵام لەسەر ئەسپەکەی خۆی هەڵدا بەبێ ئەوەی بیر لە ئەنجامەکەی بکاتەوە، وەکوو تیر بۆی دەر چوو و ئەوەی دەهاتە بەردەستی دەیکوشت و دەیبڕی.

**

عەریقی ئەسپی توانیی لە بەرچاوان ون ببێت و چووە ئەو جێیەی کە قوتووەکەی تێدا کەوتبوو.

جومانا لە نێو گژوگیاکەدا دەگەڕا و ئەوەی دۆزیەوە کە بۆی دەگەڕا، بەڵام قوتووەکە شکابوو و هەموو فرمێسکەکانیش ڕژابوون.

**

ئەو کاتە دەیویست لە پەژارەدا بگری، بەڵام شتێکی بەدی کرد کە بابەتی گریانەکەی دوا خست، سەرنجی دا کە لە سەر

سەرییەوە باڵندەکان بە شێوەیەکی بازنەیی دەخولانەوە، ئەوەش مانای ئەوە بوو کە ناوچەکەیان گرتووە و کەس بۆی نییە لە دژیان بوەستێتەوە.

عەریق زرمەیێکی لە زەویەکە هەستاند، ئەوەش مانای بوێری بوو، واتا داوای لە خاوەنەکەی دەکرد کە ڕابکات، لەبەر ئەوەی دەیزانی کە هیچ ڕێگەیەکی دەربازبوونی پێکەوە نییە.

عەریق دەیویست لەسەر دەستی خاوەنەکەی بمرێت، نەوەک دوژمنەکەی.

جومانا ڕاستەوخۆ شمشیرەکەی دەر هێنا کە ئەیووب پێی دابوو، پاشان ئاڕاستەی ملی ئەسپەکەی کرد و گوتی:

– سوپاس بۆ خزمەتکردنت.

عەریق ڕاستەوخۆ بۆی کەوتە سەر ئەژنۆ، پاشان جەستەی کەوت بە زەویدا.

جومانا سەری بۆ ئاسمان بەرز کردەوە بۆ باڵندەکان، دەیزانی ئەوە کۆتاییە، بەڵام ئافرەت بە سرووشتی خۆی وەهایە کە کۆتایی ڕەت دەکاتەوە، بەڵکوو ڕووبەروو دەبێتەوە.

شمێشرەکەی ئاڕاستەیان کرد و هاواری کرد:

**– وەرنن.**

باڵندەکان بەرەو ڕووی هاتن، وەکوو ئەوەی وەڵامی داواکارییەکەی بدەنەوە.

تاج و ئەیووب لێوەی دوور بوون، جەباریش هیچی لەبارەیەوە نەدەزانی و کەسیش لە ئەندامانی ئیمپراتۆر لە

چواردەوری نەبوون، بێ گومان مردنی مسۆگەر کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا زەردەخەنەیەکی کرد، بەڵام دیتی کە کەسێک بۆ ڕزگارکردنی هات. لەسەر پشتی یەکێک لە باڵندەکان بوونەوەرێکی سەیر هەبوو کە نیوەی ئەسپ بوو، بەڵام سەر و ملی مرۆڤ بوو، چوار باڵی سپیی درێژی هەبوون.

**شازادە ئاشاسی هۆزی ئەشاوس بوو.**

لەگەڵ ئەوەی باڵندەکان گەیشتە نیوەی ڕێگەیەکان بۆ جومانا، بەڵام ئاشاس فەرمانی دا بە فەرمانی بەحر کە بڕۆن و ڕزگاری بکەن.

## ٤

شازادە ئاشاس لەو جێیە دووری خستنەوە. بەحر تەواوی کاتەکە بێدەنگ بوو، جومانا پێی وا بوو لەبەر ئەوەیە لێی تووڕەیە، هەر بۆیە لێی پرسی و مەبەستی ئەو پرسیارە بوو:

– چۆن خاکی عینقائەکانت دۆزییەوە؟

وەڵامی نەدایەوە و پرسیارەکەش هەر وا بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، شازادە ئاشاس وەڵامی دایەوە تاکوو شەرمەزار نەبێت:

– دایکت و ئەیووبمان بینین، ئەوان پێیان گوتین.

لەو کاتەدا جومانا هەستی کرد لێی تووڕەیە، بۆیە وەڵامی نەداوەتەوە.

بەڵام دوای کەمێک دووبارە هەوڵی دایەوە:

– ئایا حەکیمیشت لەگەڵدا بوو؟

دووبارە فەرامۆشی کردەوە و شازادە ئاشاس وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، حەکیمیش لەگەڵماندا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەواندا گەڕایەوە بۆ ئەشکەوتەکە.

– ئایا بە شێوەیەکی ئاسایی چاوی بە دایکم کەوت؟

– نەخێر، هێندەی نەمابوو دایکت بیکوژێت.

هەر کە حەکیم لە پشتی تاجەوە سواری ئەسپەکەی بوو، ڕاستەوخۆ بوو بە دەنگەدەنگیان و لە کاتێکی نابەجێدا قسەیان دەکرد، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە جێیەکەیان ناڕێکە و حەکیمەکە دەیگوت بە ئەنقەس سکی بە پشتییەوە نەنووساندووە و لە پرێکدا شوێنێکی هەڵەی بەر تاج کەوتووە.

بەو جۆرە دەمەبۆڵەیان بوو تاکوو ئەیووب لە یەکی جیا کردنەوە و گوتی:

– لەگەڵ منداسەر بکەوە حەکیم.

هۆکاری ئەوەی هەر لە سەرەتاوە حەکیمەکە لەگەڵ ئەیووبدا سەر نەکەوت ئەوە بوو ئەیووب فێری سواربوونی ئەسپی باڵدار نەبووبوو، بۆیە بە سەختی دەیتوانی هاوسەنگیی خۆی ڕابگرێت و کەسێکیش لە پشتییەوە بێت.

حەکیمەکە لەو کاتەدا گوتی:

– تۆ دڵنیایت کە لە ئاسماندا ناکەوینە خوارەوە؟ ئاخر من فڕین نازانم.

– متمانەت پێم هەبێت حەکیم نامریت تاکوو نەتبەمەوە سەر زەوی، چونکە لەسەر دەستی تاج دەمریت.

حەکیمەکە بە قسەکانی ئەیووب قایل بوو و لە پشتییەوە سەر کەوت.

جومانا چیتر کۆڵی دا لە کردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ بەحردا و بێدەنگ مایەوە.

لەو کاتەدا کە شازادە ئاشاس ماوەیەک لێیان دوور کەوتەوە و بەرەو لـووتکەی چیـاکە فـڕی، ئەوەش وای کـرد بەهـۆی پاڵەپەستۆی هەواوە هەندێک لەشی بلەرزێت.

لەرینەوەی جەستە لەو بەرزیەدا ئاسایی بـوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو بەحر لەسەر ئەسپەکە بکەوێتە خوارەوە و جومانا هەر زوو گرتییەوە بەر لەوەی بکەوێت.

ئەو کـات زانیـی کە بێـدەنگییەکەی بەهـۆی تووڕەبـوونیەوە نەبووە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکەی وای کردوە هۆشی لە دەست بدات، چوونی بۆ خاکی عینقا وزە و توانایەکی زۆری ویستووە، ئەوەش وای کردووە بـارودۆخی خراپتـر بکـات و لە هۆش خۆی بچێت.

جومانا هاواری کرد:

– بمـانبە بـۆ ئەشـکەوتەکە، دەبێـت زوو حەکـیم چـاوی پێـی بکەوێت!

## ٥

لە شەودا، لە نێو ئەو ئەشکەوتەکەدا، لەو کاتەی کە هەمووان ئامادە بوون، حەکیم بە دەنگێکی پڕداخەوە دوای پشکنینی بەحر گوتی:

– هیچ چارەسەری نییە، دەمرێت.

ئەیووب:

– هەوڵ بدە شتێک بکەیت، چارەی بکە.

– ناکرێت، مردن بە هەموو لەشیدا بڵاو بووەتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کات بگەڕێنەوە دواوە و بە گوێی من بکەن کە گوتم قاچی ببڕنەوە.

جومانا:

– با جارێکی تر بچینە خاکی عینقا و ...

حەکیم قسەکەی بڕی:

– کاتی تەواوت نابێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، هەر لە نێوەی ڕێگادا دەبیت کە دەمرێت.

ئەیووب:

– شازاده ئاشاس خێرایە و دەتوانێت ئەو ماوەیە بە کاتێکی کەم ببڕێت.

شازاده ئاشاس پشتگیریی خۆی ڕاگەیاند:

– ئەو ڕۆژە تۆ و بەحر کارێکی باشتان بۆ کردین کە هەرگیز لە بیری ناکەین.

لەو کاتەی هەمووان هەستیان بە تۆسقاڵێک ئومێد دەکرد، ڕاستەوخۆ تاج بە ڕاستییەک شۆکی کردن:

– باڵندە عینقائەکان ئێستا تووڕەن، هەر لەبەر ئەوەش چوونەژوورەوە بۆ خاکەکان قورس دەبێت، هێنانی فرمێسکەکەشیان کارێکی قورسترە.

لەو کاتەدا هەمویان بێگومان بوون کە بەحر دەمرێت، شازاده ئاشاس لە ئەیووب و بەحر چووە پێش و گوتی:

– ببوورن بۆ لە دەستدانەکەمان و لەدەستدانەکەتان.

– هەموو ئەو مەترسیانەی بڕیومانن، زۆر بێمانان بەراورد بەمەی ئێستا تێیداین.

– ئەیووب خۆزگە بمتوانیایە کارێک بکەین.

– ئەوەی لەسەرت بوو کردت، سوپاس.

لەگەڵ ئەوەی دڵتەنگ بوون، بەڵام شازاده ئاشاسیان بەڕێ کرد بۆ دەرەوەی ئەشکەوتەکە و پاشان بۆ مالئاوایی گوتی:

– بە سەلامەت بگەیتەوە جەنابی شازاده.

– هەرسێ کاغەزەکەی کە پێم دابوون بۆ بانگکردنم لە کاتی پێویستیدا بەکارتان هێناوە، ئەووب لەگەڵ ئەوەشدا من هەمیشە لە خزمەتاندا دەبم، هەر کاتێک پێویستتان پێمان بێت.

پاشان ڕۆیشت.

**

لە نێو ئەشکەوتەکەدا:

جومانا سەری بە دیوارەکەوە نووساندبوو، ئەوە دووەم جار بوو کەسێک بەهۆی ئەوەوە دەمرد، هەستی دەکرد کە ناتوانێت لە خۆی ببوورێت، هەستی بە خراپیی خۆی دەکرد.

لەو کاتەدا حەکیمەکە لێی نزیک بووەوە.

دەیویست لەو دڵتەنگییە دەری بهێنێت، لەبەر ئەوەی پیاوێکی نییەتپاک بوو دەیویست یارمەتیی ئەوانی تر بدات، بەڵام هەر وەکوو درەختی سووبێر وەها بوو لە هەر کەسێک نزیک بکەوتایەتەوە بەبێ مەبەست و بە زمانە درکاوییەکەی ئازاری کەسەکەی دەدا.

لە نزیکییەوە دانیشت و ویستی دەستی درێژ بکات تاکوو فرمێسکەکەی بسڕێت بەڵام لە جیاتی ئەوە زمانی بەکار هێنا:

– پێت چۆنە هاوسەرگری بکەیت؟

– ئەوەندە کێشە بەس نییە کە تێی کەوتووم؟

– زۆر قسەی دڵداریم هەیە کە هەموو کێشەکانت لە بیر دەباتەوە، دەتوانیت ئێستا گوێ بۆ هەندێکیان بگریت تاکوو دڵنیا ببیتەوە.

هێشتا بێدەنگ بوو، بەڵام بە مەبەستی شکاندنی بێدەنگییەکەی گوتی:

– پێت باشە پیاهەڵدانی وروژێنەرت بۆ بکەم یان ئاسایی؟

– باشتر نییە بێدەنگ بیت؟

– هەندێک جووڵەی بێدەنگم هەیە، پێت چۆنە بۆتیان بکەم؟

– دەمەوێت ئێستا بڕۆیتە دەرەوەی ئەم ئەشکەوتە.

وێستی قسەیەک بکات، بەڵام ئاگاداری کردەوە:

– ئەی حەکیم بۆ وازم لێ ناهێنێت لەبەر ئەوەی دواتر نەڵێن جنۆکەیەک بەهۆی زمانە دریژەکەی مرۆڤێکی کوشتووە.

– باشە، بەڵام دەمەوێت لێم تێبگەیت ئەگەر بچمە دەرەوە، ئەوا داواکاریی هاوسەرگرییەکە ڕەت دەبێتەوە.

– هەر ئێستا برۆ.

هەستا و قایل بوو، بەر لەوەی بڕوات:

– دەزانم کاتەکەی گونجاو نییە، بەڵام ئەی چی لەبارەی ئەو نرخەی کە بەڵێنت پێ دابووم؟

– کەمێک پێویستی بە کات هەیە. کتێبەکە و پارچە ئاڵتوونەکە لە جێیەکن لە نێو خەزێنەی خێزانەکەدا، پاسەوانیشیان هەیە.

حەکیمەکە پشتی هەڵکرد و گوتی:

– کەواتە هەوڵ بـدە ئاگـادار بیـت، لەبەر ئەوەی ئەم جـارە ئەگەر سەربازەکان بتگرن بەحر نابێت ڕزگارت بکات.

ئەو قسـەیەی کە حەکـیمەکە کـردی، بە تەواوی گرێیەکـی لە میشکی کردەوە، بۆیە بیری کەوتەوە و گوتی:

– یەک خولەک بوەستە.

حەکیمەکە ئاوڕی دایەوە.

– دەمزانی ئەو هەلە لە دەست خۆت نادەیت.

– پێم بڵێ ئەی حەکیم بۆچی پاسەوانەکان دوام دەکەون؟

– لەبەر ئەوەی تۆ شتێکت لە ئەوان دزیوە.

– ئەی ئەگەر ئەوەی دزیومە بۆیان بگەڕێنمەوە.

– ئەو کاتە شوێنت ناکەون.

– ئەی ئەگەر بزانن من ئەوانم هەڵخەڵەتاندووە و شتەکەم بۆ نەگەڕاندوونەتەوە؟

– ئەوکـاتە بەردەوام دەبـن لە بەدواکەوتنـت، تەنـانەت ڕەنـگە ئەندامانی خێزانەکەش ئاگادار بکەنەوە.

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی گەمژەیـت و گەمژەییـت وا دەکـات ئێسـتا مـن بڕۆم.

– وەڵامم بدەوە، بۆ دوام دەکەون؟

گوتی:

– لەبەر ئەوەی دزیت لێ کردوون.

لەو کـــاتەدا جومانـــا ئەو فـــێڵەی بـــۆ ئاشـــکرا بـــوو کە بە بەرچاویەوە لێی کرابوو.

بە دڵخۆشییەوە گوتی:

– چارەسەرم دۆزییەوە.

پاشان هەستایەوە.

– هەست دەکەم خەریکە بە دڵم دەبیت ئەی حەکیم.

ویستی شتێک بڵێت، بەڵام لە جێی خۆی ون بوو.

## ٦

لە قەڵای ئیمپراتۆرەکانـــــــــــدا دەر کەوتەوە، بە تەواوی لە ژوورەکەی خۆیدا.

هەرچەندی بە خێرایی گەیشتە ژوورەکەی، بەڵام ئەم جارە حەکیمەکە سەری نەسووڕا.

بەرەو سووچی ژوورەکە چوو و گوتی:

– پێدەچێت جنەکان هاوسەنگییان نەبێت.

– حەکیم برۆ نێو کانتۆری جلەکەم.

– کانتۆری جل؟

– بەڵێ.

– بۆ؟

– دایکم بانگ دەکەم.

– ئایا دایکت پیرۆزباییمان لێ دەکات؟

– حەکیم مێشکت لە کوێیە؟

– هاوسەرگری؟

مۆڕەیەکی توندی لێ کرد و گوتی:

– لە کوێیە کانتۆرەکەت؟

**

دوای ئەوەی حەکیمەکە چووە نێو کانتۆری جلەکە، جومانا دایکیی بانگ کرد.

کە چاوەڕێی هاتنی بوو، حەکیمەکە دەرگای کانتۆرەکەی کردەوە و گوتی:

– دەتوانم بچم بۆ تەوالێت؟ ئاخر پێویستمە.

– ئایا پێشتر وات نەگوت؟

– ئەوە ئەو شتانەیە کە لە پڕدا دروست دەبن.

– کاتمان نییە خۆت بگرە، دایکم بانگ دەکەم لە هەر ساتێکدا بێت دەگات.

– سوێند دەخۆم کە من مەبەستم ئەوە نەبوو دەستدرێژیی بکەمە سەر.

ڕاستی دەکرد لەو قسەیەدا، بۆیە جومانا گوتی:

– باوەڕت پێ دەکەم.

– بە ڕاست؟

– بەڵێ، چونکە تەنیا زمانت درێژە، بەڵام هیچت لە باردا نەبووە.

– نـازانم ئەوە پیاهەڵـدان بـوو یـان لـۆمەکردن بـوو، بەڵام سوپاس کە باوەڕت پێم هەیە.

پاشان گوتی:

– دەتوانم باسی دایکت بکەم بەبێ تووڕە بوون؟

– بیڵێ خێرا.

– ئافرەتێکی پیسە و...

جومانا هەستی بە نزیکبوونەوەی دایکی کرد، بۆیە بە خێرایی بە حەکیمەکەی گوت:

– دوایی ڕای خۆتم پێ بڵێ، ئێستا بڕۆ نێو کانتۆرەکە، لەبەر ئەوەی گەیشت.

**

تاج لە ژوورەکەدا دەر کەوت و یەکەم قسەی ئەمە بوو:

– ئایا بەحر مرد؟

– نەخێر.

تاج بزەیەکی کرد و چەند هەنگاوێک چووە پێشەوە، لەسەر تەختەخەوەکەی جومانا دانیشت و گوتی:

– ئەیووب و حەکیم زوو بە زوو هەواڵمان بۆ دێنن.

– مەبەستت چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە ئەوانیش زۆر شتیان لەبارەی ئێمەوە زانیوە، دەبێت بە زووبی بکوژرێن.

– باشە تۆ ناتوانیت جگە لە خوێن و کوشتن باسی شتێکی تر بکەیت؟

– ئەوە یاساییە.

– بەڵام من خۆمم بۆ ئەوان ئاشکرا کرد.

– مەبەستت چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە ئەگەر دەتەوێت یاساکە جێبەجێ بکەیت، ئەوا من تاوانبارم نەوەک ئەوان.

تاج بارودۆخەکەی بۆ کچەکەی ڕوون دەکردەوە و گوتی: «ئەیووب ڕەنگە بتوانێت نهێنییەکە بپارێزێت، بەڵام حەکیمەکە نا، لەبەر ئەوەی زمانی زۆر درێژە.»

پاشان بیرۆکەی مردنەکەی بۆ ڕوون کردەوە.

– دەست دەخەمە قورگییەوە کە دەرم هێنا، دڵی لەگەڵدا دەر دەهێنم، خەمت نەبێت زۆر بە خێرایی ئەنجامی دەدەم، بەو جۆرە هەست بە ئازاری زۆر ناکات.

لەو کاتەدا کە ئەو قسەیە کرا، تاج هەستی بە بۆنێکی ناخۆش دەکرد، وەکوو بۆنی ئامۆنیا، هۆکارەکەشی ئەوە بوو حەکیم لەو قسانە ترسابوو، بۆیە چیتر خۆی ڕاگیر نەکردبوو.

لە جێی خۆیدا میزی بە خۆیدا کرد، لەو کاتەدا جومانا ئاشکرای کرد و گوتی:

– حەکـــیم وەرە دەرەوە، ئاشـــکرا بوویـــت، پێویســـت بە خۆشاردنەوە ناکات.

نەهاتە دەرەوە، تاج چوو دەرگای کانتۆرەکەی کردەوە.

## ٧

جارێکی دیکەش سەرسام بوو:

– خەیاڵ بکەوە لەو قسانەی کەمێک بەر لە ئێستا کردمن، من ڕاستگۆیانە ئەو قسانەم کردن، پێم گوت کە تۆ چەندە ژنێکی دەستودڵ باشیت، ئەویش قسەکانی منی پشتڕاست کردنەوە، بەڵام دوای ئەوەی گوێم لەو قسانەت بوو کە کردتن، هەستم بە ئازار کرد، بۆیە دەکرێت کەمێک دڵنەرمی بنوێنیت و ئازارم نەدەیت.

تاج بە تووڕەییەوە بە کچەکەی گوت:

– ئەمە دووەم جارتە کە مرۆڤێک دەهێنیتە نێو کۆشکی ئیمپراتۆرەوە، بەو جۆرە ئاسایشمان لاواز بووە؟ تاج دەستی درێژ کرد لێی بدات، بەڵام بەر لەوەی دەستی پێی بگات لە جێی خۆیدا ون بوو، دواتر دەر کەوتەوە و جومانا لە بەردەمیدا دەر کەوتبوو و خۆی وەکوو قەڵغانێک لێ کردبوو:

– ناهێڵم بە هیچ جۆرێک ئازاری بدەیت.

– بۆچی هێناوتە بۆ قەڵاکەمان؟

– ئەمە قەڵای تۆ نییە، باوکم تۆی دەرکردووە و ئێستا تۆ لێرەیت، لەبەر ئەوەی من ڕێگەم داویت.

تاج سووکایەتیپێکردنەکەی قبووڵ کرد و گوتی:

– ئەو بۆچی لێرەیە؟

– لەبەر ئەوەی یارمەتیم دەدات فرمێسکی عینقائەکە بهێنم.

– فرمێسکی عینقا؟

– بەڵێ، بۆ سەرسام بوویت.

– تینەگەیشتم.

– بەڵکوو باش تێدەگەیت.

پاشان پرسیارێکی مەترسیداری لێ کرد:

– بۆچی دایکە عینقائەکە دوامان کەوتبوو لە کاتێکدا تۆ هێلکەکەت بۆ گەڕاندەوە؟

تاج بە ساردییەوە گوتی:

– نازانم، بۆچی ناڕۆیت و پرسیار لە خۆی بکەیت؟

– پێویست بەوە ناکات، لەبەر ئەوەی خۆم هۆکارەکە دەزانم.

– چی بە مێشکتدا دێت؟

**– تۆ هێلکەکەت دزیوە؟**

– باسی چی دەکەیت؟ هێلکەکەم لە بەرچاو خۆت و ئەیووبدا پێ دا.

حەکیمەکە هاتە نێو قسەکانیانەوە:

– بەڵێ، دیتم بە چاوی خۆم.

جومانا گوتی:

– دەبێت بەجێت بهێڵم، بە تەنیا بن پێکەوە؟

– نەخێر، تکایە نامەوێت دەست بخاتە قورگمەوە.

– کەواتە بێدەنگ بە و تێکەڵ مەبە، تۆ لەوێ نەبوویت و هیچت نەدیوە.

ئینجا دووبارە ڕووبەڕووی دایکی بووەوە:

– هێلکەکەت پێی دا، هەر لەبەر ئەوە سەرەتا ڕێگەی داین کە بڕۆین، بەڵام دواتر زانیی کە ئەوە هێلکەکە نییە، بانگی عینقائەکانی تری کرد.

– باسی چ جۆرە گاڵتەیەک دەکەیت؟

جومانا گەیشتبووە ئەو گریمانەیەی کە حەکیم باسی کردبوو:

**ئاگادار بە ئەگەر پاسەوانەکان بتبینن، دوات دەکەون.**

ئەوە ئەو دێڕە بوو کە وای کرد جومانا هەموو ڕووداوەکان بە یەکەوە ببەستێتەوە و لە هۆکاری ئەوە تێبگات کە دایکە عینقائەکە بە دوایان کەوتبوو، بۆیە گوتی:

– ئەو هێلکەیەی کە پێت دابوو بەتاڵ بوو، **بەچکەکەی ناویت دزی.**

– ئەوە مەحاڵە، ئەوە هەرگیز ڕوو نادات.

لە ڕاستیدا جومانا لەو گریمانەیە تێنەدەگەیشت بە تەواوەتی، هەر لەبەر ئەوەش بوو حەکیمەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، ئاخر

دەیتوانی باشتر ڕووداوەکان شی بکاتەوە و لەوەی تێبگەیەنێت کە چی ڕووی داوە:

– ئایا هیچ لێکدانەوەیەکت هەیە بۆ ئەم بابەتە حەکیم؟

حەکیم هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی و بابەتەکەی بە دیدگای خۆی ڕوون کردەوە:

– ئەگەر سەرچاوەی دەرەکی هەوڵی بەخێوکردنی عینقای بچووک بدات، ئەوا دەمرێت.

تاج بە دەنگێکی بێتاوانانەوە گوتی:

– دەبینیت من بێتاوانم.

– بەڵام...

– بەڵام چی ئەی حەکیمی ناڕەسەن؟

– دایکە لێی گەڕێ قسەکەی تەواو بکات.

بەرگریی لە خۆی دەکرد.

– قسەکەت تەواو بکە حەکیم.

– بەڵام ئەگەر ئەو شوێنەی لێی بەخێو دەکرێت گەرم و نەرم بێت، ئەوا بێ گومان گەشە دەکات.

تاج هەوڵی دەدا بابەتەکە لە خۆی دوور بخاتەوە:

– چۆن لە سەرەتاوە ئەو فێڵەت لە دایکەکە کرد بەبێ ئەوەی تێبینیی بکات؟

– تۆپکلی هێلکەی عینقا وەکوو باڵندەکانی تر لاواز نییە، مەبەستم هێلکەی کۆتر و چۆلەکەیە، بەڵکوو تۆپکڵێکی بەهێزی هەیە، ئەوەش مانای وایە دەتوانیت کونێکی بچووکی تێ بکەیت بەبێ ئەوەی بە تەواوی هێلکەکە بشکێنیت.

لەو کاتەدا تاج سەری دەهێنا و دەبرد، بەڵام حەکیم بەبێ ئەوەی گرنگیی پێ بدات، بابەتەکەی تەواو کرد، بە پەنجەی بازنەیەکی دروست کرد تاکوو بیرۆکەکە زیاتر بەرچاو و ڕوون ببێتەوە:

– هەموو ئەوەی لەسەرت پێویستە تەنیا بە شێوەیەکی بازنەیی کونێک دروست بکەیت، بەو جۆرە بێچووەکە دێتە دەرەوە و تۆیش دەتوانیت کونەکە دابخەیتەوە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، دواتریش بۆ ئەوەی کێشی وەکوو پێشووی لێ بێتەوە، ئەوا هەندێک خۆڵ و بەردی بچووکی تێ دەکەن.

جومانا گوتی:

– یاخود هەندێک گەڵای دار؟

– بەڵێ، هەندێک جار گەڵای دار گونجاوترینە.

ئینجا وەکوو ئەوەی بیەوێت هێڵێک بە ژێر قسەکانیدا بهێنێت، گوتی:

– بێ گومان هێلەکەکە وەکوو پێشتری لێ نایێتەوە، بەڵام لە شەودا دایکەکە هەر وا بێدەنگ نامێنێتەوە، بەڵکوو هێلکەکەی ئەمدیو و ئەودیو دەکات تاکوو بزانێت سەلامەتە یاخود نا.

جومانا ڕاستەوخۆ قسەکەی تەواو کرد:

– کەواتە هەر لەبەر ئەوە بوو سەرەتا رێگەی داین بڕۆین، بەڵام دواتر کە دیتی هێلکەکەی بەتاڵە، بەو جۆرە لێمان تووڕە بوو.

هەموویان بێدەنگ بوون، حەکیم گوتی:

– بەڵام جومانا ئەم کارە کەس نایکات جگە لە کەسێکی گەمژەی پیسی، کەری کوڕی کەر و تاج نەبێت، ئایا کەمێک پێش ئێستا نەتگوت کە دەیەوێت دڵم دەر بهێنێت تاکوو هەست بە ئازار نەکەم؟

جومانا لە دایکی نزیک بووەوە و بە پاڕانەوەوە گوتی:

– تکایە دایکە ئەگەر دزیوتە دانی پێدا بنێ.

هەردووکیان بێدەنگ بوون و دووبارە حەکیمەکە بە تووڕەییەوە گوتی:

– بێ گومانم تاج کارێکی وا ناکات جومانا، لەبەر ئەوەی بەو ڕادەیە خراپ نییە.

تاج بە تووڕەییەوە تەماشای کرد و دەشترسا:

– من بێچووەکەم لە نێو هێلکەکەدا دزی.

جومانا پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

– ئایا بێچووەکەت دزی دایکە؟

تاج وەڵامی دایەوە:

– فرمێسکەکە دەبەیت و دەڕۆیت.

ئاگاداری کردەوە: «تەواو ئیتر نایگەڕێنینەوە بۆ دایکی؟»

– تێگەیشتم.

## ٨

بەهۆی هەژاریی خەڵکی جەساسەوە زۆربەی ماڵەکان لە قوڕ دروست کرابوون و لە یەکەوە نزیک بوون، ئەوەش بە هۆکاری ئاسایش و کۆمەڵایەتی، تەنیا یەک ماڵیان نەبێت کە لە دار دروست کرابوو و لەوانی تر دوور بوو، وەکوو برایەکی سزادراو، خاوەنەکەی لافیتەیەکی لەسەر هەڵواسیبوو کە بە بچووکی ئەم نووسینەی لەسەر بوو:

**ئەگەر توانیت ئەم دێرە بخوێنیتەوە، مانای وایە گەیشتوویت بە مردنی خۆت.**

ماڵئاوا.

ئەوە ماڵی تاج بوو.

**

لە نێو ماڵەکەدا، تاج بەرەو ژوورەکە چوو قەفەسێکی دارینی باڵندەی لەسەر مێزە دارینەکە دانابوو، کە حەکیمەکە و جومانا نزیک بوونەوە، دیتیان چی لە ناو دایە:

**باڵندەیەکی بچووک هێندەی مشتێک دەبوو.**

پەڕ و بـاڵێکی پـڕی هەبـوو و ڕەنـگەکەی پرتەقـاڵی بـوو، دوو چـاوی سـووری گەورەی هەبـوو وەک کەرۆشـک، دەنـووکێکی بچـووک و دوو قـاچی پێکەنینـاوی کە پێنج چرنـووکی لاوازیـان پێوە بوو.

زۆر جـوان و وردیلە بـوو، ئەوەی نەیـدیتبا هەرگیـز بـاوەڕی نەدەکـرد ئەمە گەورە دەبێـت و هێنـدەی ئەسـپێکی لـێ دێـت و بەهێز دەبێت.

– ناوت ناوە؟

– بەڵێ، ناوی ئیکلیلە.

حەکیمەکە:

– باڵ پرتەقاڵی ناوێکی مانادارتر و جوانترە.

– تۆ بێدەنگ بە ئەی حەکیمی دەمدرێژ.

وەکوو ئەوەی کە دایکی هاوسەری داهاتووی بێت، گوتی:

– باشە پووریێ.

تاج تێنەگەیشت بۆ گوتی پووریێ، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە کە ئایـا بیسـووتێنێت یـاخود بیکـا بە مشـک یـان بیداتە ئیکلیل تـا بیخوات.

جومانـا دەرگـای قەفەسـەکەی کـردەوە و باڵندەکە هـاتە دەرەوە، باڵەکانی وەکوو ئاوریشم نەرم بوون، پرسیی:

– چۆن فرمێسکەکەی ببەیْن؟

حەکیمەکە: «ئاسانە، پەڕەکەی دەر دەهێنین، بەو جۆرە دەگری.»

تاج: «باشە هیچ بەزەییەک لە دڵتدا نییە ئەی حەکیمی ناڕەسەن؟»

بە گاڵتەجارییەوە گوتی:

– پێت چۆنە دەست بخەیتە دەمییەوە و دڵی دەر بهێنیت، ڕەنگە بەو جۆرە باشتر بگری.

– زمانت لە دەمتدا دەر دەهێنم و لەتوکوتی دەکەم.

– زۆر شارەزایت لە کوشتن و بڕیندا پووریێ، هیوادارم کچکەت ئەمەی لە تۆوە بۆ نەمابێتەوە.

**

تاج لە باڵندەکە نزیک بووەوە و کێشای بە سەریدا، بەاڵم لێدانێکی قورس نەبوو، وەلێ بۆ ئەو کاریگەریی لێ دەکرد، بۆیە ڕاستەوخۆ دڵتەنگ بوو و فرمێسک لە چاوی هاتە خوارەوە، بەو چاوە بێتاوانانەی تەماشای گەورەکەیی دەکرد؛ وەکوو ئەوەی بپرسێت چ تاوانێکی کردووە تاکوو بەو جۆرە لێی بدات.

تاج قوتوویەکی دەر هێنا لە نێو خانەکەیدا و پاشان پڕی کرد لە فرمێسک و دای بە کچەکەی.

## ٩

لە ئەشکەوتە بێ ئاسایشەکەدا:

حەکیمەکە هەڵسا و بە تێکەڵکردنی فرمێسکی عینقائەکە و چەند گیایەکی دەگمەنی تر، گوتی:

– دەبێت ئەم دەرمانە ڕاستەوخۆ بچێتە نێو خوێنیەوە.

ئەیووب پرسیی:

– چۆن ئەوە بکەین؟

– لە ڕێگەی ئەمەوە.

حەکیمەکە شتێکی پێ بوو کە بە دوو پەنجەی گرتبووی.

ئەیووب پرسیی: «ئایا ئەوە دڕکی ماسییە؟»

– ئەمە دڕکی ئاژەڵێکی دەریاییە کە ماسیگرەکان بە زومارى دەریا ناوی دەبەن، ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش کڕیبووم و بۆ ئەم بارودۆخانە هەڵم گرتبوو.

ئەو بیرۆکەیە بۆ جومانا و ئەیووب سەیر بوو، لەبەر ئەوەی پێشتر شتێکی لەو جۆرەیان نەبینیبوو، حەکیمەکە بابەتەکەی ڕوون کردەوە:

– ئەوەی ئەم دڕکە لە یەک جیـــــا دەکـــــاتەوە، ئەوەیە کە ناوەکەی کلۆرە و بە ئاسانی ئەو دەرمانەی پێدا تێپەڕ دەبێت بۆ نێو خوێن.

جومانا: «ئایا ئەمە پێشتر تاقی کراوەتەوە یاخود دەچینە نێو کێشەیەکی تردەوە؟»

– خەمت نەبێت.

– ئایا دڵنیایت لەوەی ئەنجامی دەدەیت؟

– نەخێر، مەبەستم ئەوە بوو خەمت نەبێت، هیچ کێشەیەک لەمە گەورەتر نییە کە ئێستا تێیداین.

– بۆچی لە ڕێگەی دەمەوە پێی نادەیت؟

بە گاڵتەجارییەوە گوتی: «ئۆهۆو، بیرۆکەیەکی چەندە باشە! بۆ بیرم لێ نەکردبووەوە؟»

– دەزانیت حەکیم، هەندێک جار لۆمەی دایکم ناکەم.

هۆکارەکەی بۆ ڕوون کردەوە کە نابێت لە ڕێگەی دەمەوە پێی بدرێت:

– ئەم دەرمـــانە نابێـت بچێـتە گەدەوە، لەبەر ئەوەی ترشـــی گەدە لەناوی دەبات.

ئایا تۆ دڵنیایت لەو کارەی دەیکەیت؟

– نەخێر، بەڵام ئەوە تاکە چارەسەری ئێمەیە.

حەکیمەکە دڕکەکەی کردە نێو یەکێک لە موولـووڵە خـوێنە دیارەکـانی بـاڵی بەحـرەوە و پاشـان دەرمـانەکە دڵـۆپ بە دڵـۆپ

چووە ژوورەوە، بەردەوام بوو تاکوو دەرمانەکە بە خوێنیدا بڵاو بووەوە.

لە کۆتاییدا گوتی: «سوودمان لە بەخششەکانی زەوی وەرگرت، خودا لە ئاسمانەوە بۆمان ببارێنێت.»

ئەیووب وەکوو جاری پێشوو چووە دەرەوەی ئەشکەوتەکە تاکوو هەندێک درەختی وشک کۆ بکاتەوە و ئاگرێکی پێ بکاتەوە، هەرسێکیان لە دەوری ئاگرەکە دانیشتن.

هەرسێکیشیان ماندوویەتی دایگرتبوون و خەوتن، تەنیا جومانا نەبێت تەماشای بەحری دەکرد، وەکوو کونەپەوێک چاوەڕوانیی ڕووداوێکی دەکات.

**

لەو کاتەی کە لێی دەڕوانی، هەستی بە شتێکی سەیر کرد بە شێوەیەکی نامۆ.

پیاوێک بوو لە بەرچای کە زۆر لە هەڵسوکەوتی باوکی دەچوو، هەستی بە هەمان ئاسایش دەکرد کە لەو کاتەی لەگەڵ باوکیەتی هەستی پێ دەکات.

هەستەکەی ڕوون نەدەکرایەوە، ئەو گەنجە کە یەکێکە لە سەرکردەکانی جاسووم، یەکەم دوژمنی خێزانەکە ناکرێت بەو جۆرە هەست بە ئاسایش بکات لەگەڵیدا، لە دڵی خۆیدا ئەم بیرۆکانەی تاووتوێ دەکرد:

**ئەگەر بزانێت من لە ئیمپراتۆرەکانم، ڕەنگە بمکوژێت.**

بەڵام هەستێک لە ناخەوە پێی دەگوت: **بەحر ئازارت نادات.**

لەو کاتەی کە هەر تەماشای دەکرد، هەستی دەکرد دەموچاوی ئەو کوڕە بە جۆرێک بوو کە پێشتر لە زەمەنێکی تردا چاویان بە یەکتر کەوتبێت یاخود یەکتر بناسن.

سەری بە تۆندی ڕاوەشاند و بیرۆکەکانی لە میشکی کردنە دەرەوە، ئەم قسەیەی بە خۆی گوت: *بۆیە ئەم هەستانەم هەن کە هەوڵی ڕزگارکردنی داوم، لە ڕاستیدا بەحر جگە لە کەسێکی نەناسراو کەسێک نییە کە من متمانەی پێ بکەم، بۆیە هەر کە هەستایەوە، یەکسەر هەر یەکەمان بە ڕێی خۆیدا دەڕوات.*

**

پێدەچوو ئارام بێت، بەڵام لە ڕاستیدا نیگەرانی لە ناخیدا دەجووڵا و لێی دەدا؛ وەکوو منداڵێک لە سکی دایکیدا. هەستی دەکرد بووە بە دوو کەس، کەسێک دەیەوێت بمێنێتەوە و کەسێکیش هەڵبێت.

بەحر لەو کاتەدا چاوی کردەوە و هەستایەوە لە جێگەکەی، دیتی کراسەکەی لە بەردا نەماوە، ویستی هەموان ئاگادار بکاتەوە کە هەستن، بەڵام نەیکرد، بەڵکوو تەنیا جومانا پێی گوت: «نیگاکانتم لێ دوور بخەوە.»

بەبێ مەبەست چاوەکانیی داخستن، بێ ئەوەی لە نهێنیی ئەو داواکارییە تێبگات، کە چاوی کردەوە، دیتی کراسەکەی لەسەر زەوییەکەیە و جومانا لە بەردەمیدا نەماوە.

نەیدەزانی بۆچی ڕۆیشتووە، بەس کە کراسەکەی هەڵگرتەوە، بۆی یاسەمینی لێ دەهات و لە جێی خۆی هەستایەوە، بەبێ ئازار توانیی بە باشی بڕوات و تەنانەت چەند جارێک بازیشی هەڵدا.

بەرەو ئاگرە کوژاوەکە ڕۆیشت.

ئەیووب لە بارودۆخێکی ئاسوودەدا خەوتبوو، وەلێ حەکیمەکە قاچی بە دیوارەکەوە بوو وُ سەری لەسەر زەوییەکە بوو، وەکوو ئەوە بوو لە ئاسمان کەوتبێتە خوارەوە.

بەحر سەری بۆ ڕاست کردەوە و دووری خستەوە لە خۆڵەکە، کەچی حەکیم بە دەم خەوەوە گوتی:

– دەستەکانت چەندە ناسکن، کە هاوسەرگریمان کرد دەیبڕمەوە و سەرینێکی لێ دروست دەکەم.

– خودای گەورە ئاگاداری ئەو دەستە ناسکانە بێت کە لەگەڵ تۆدا تێ دەکەوێت.

**

بڕیاری دا لە ئەشکەوتەکە بچێتە دەرەوە و هەوایەکی پاک هەڵمژێت، بەڵام کە چووە دەرەوە دیتی جومانا لە بەرانبەریەتی، زەردەخەنەیەکی کرد و گوی: «پێم وا بوو ڕۆیشتوویت.»

جومانا زەردەخەنەی نەکرد، بەڵکوو ئاسایی ڕەفتاری دەکرد.

– لەبەر ئەوە لەگەڵت وەستام کە تۆ یارمەتیدەری من بوویت، لەوە زیاتر نا ئێستا هەردووکمان یەکسانین، هەر یەکەشمان دەبێت بە ڕێی خۆیدا بڕوات، لەو کاتەدا خۆشی نەیدەزانی چیی دەوێت، دەیویست باوەشی پێدا بکات و کاتی زیاتر بە یەکەوە بەسەر ببەن.

بەحر بیرکردنەوەکانیی دەخوێندەوە، بۆیە گوتی:

– کەمێک کاتت دەدەمێ بیر بکەیتەوە.

– نامەوێت بیر بکەمەوە.

– ئایا دڵنیایت لەو ڕێککەوتنە؟

– بەڵێ، دڵنیام.

– دەمەوێت ببینن بە کەسە نەناسراوەکەی جاران و نەمناسیت و نەتناسم.

– باشە وەکوو ئەوەی دەتەوێت.

پاشان جومانا پشتی هەڵکرد و ڕۆیشت.

بەڵام لەو کاتەدا بەحر کەوتە سەر زەوییەکە و هاواری لێ بەرز بووەوە.

جومانا گەڕایەوە:

– چیتە، چیت لێ هاتووە؟

کەمێک بێدەنگ بوو، پاشان بە پێکەنینەوە هەستایەوە و گوتی: «هیچ، تەنیا ویستم بزانم تا چەند دەتوانیت پابەند بیت بەو قسەیەوەی کە کردت.»

هەستی بە تووڕەیی دەکرد، دووبارە هەستایەوە و ئامادەی ڕۆیشتن بوو:

– گەمژە.

– بوەستە، بوەستە چیت گوت؟

– هیچ.

– گوێم لێ بوو وتت گەمژە.

– بۆچی دەپرسیت کە خۆت بیستووتە؟

– ویستم دڵنیا ببمەوە لەوەی تا چەند ئازایت.

پاشان بە تووڕەیی لە بەردەمیدا ڕۆیشت.

کەمێک وەستا و پێکەنین گرتی و ئاوڕی دایەوە، چاوی بە چاوی ئەیووبی هاوڕێی کەوت.

ئەیووب:

– دنیا بەبێ تۆ ئەوپەڕی تاڵییە.

– ئەوە نەفرەتی ژیانە هاوڕێکەم، هەرچەندە تێپەڕ ببێت هەرگیز بێ یەک نابین.

– کەواتە با بۆ هەمیشە پێکەوە بمێنینەوە.

پاشان یەکتریان لە ئامێز گرت.

دواتر حەکیمەکە هات و خۆی خستە نێوانیانەوە، دڵخۆش بوو بەوەی هەموو شت باشە. حەکیمەکە لە نێوانیاندا هەناسەی لێ برا: «ئەوەندە بەس نییە، دەی لە یەک جیا ببنەوە، ئەگەرنا لە میژوودا دەنووسرێت حەکیمێک لە باوەشدا خنکا.»

# دەروازەی شەشەم

سێ ڕۆژ جومانا لە ئەشکەوتەکە دوور کەوتەوە، ئەو ونبوونەشی وای کرد کە هەندێک پرسیار لە ناخیدا بوروژێنن:

ئایا هیشتا لەوێیە یاخود ڕۆیشتووە؟

ئەگەر ڕۆیشتووە بۆ کوێ چووە؟

ئایا دووبارە کار لەگەڵ جاسوومدا دەکاتەوە؟

یاخود بە دوای ژیانێکی تازەدا دەگەڕێت؟

دەیتوانی بچێت بۆ ئەشکەوتەکە بەبێ ئەوەی کەس ببینێت و وەڵامی پرسیارەکانیی دەست بکەوێت، بەڵام بەڵێنی بە خۆی دابوو کە لە بەحر دوور بکەوێتەوە، دەترسا لەوەی هۆگری ببێت، لەوە خراپتر لەوە دەترسا بەحریش ئازار بخوات، وەکوو چۆن مەیسەم بەسەری هات، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کەسێک هەبوو کە هەواڵی ئەوەی پێ بدات.

لە شەودا چوو بۆ ماڵی حەکیمەکە، چراکانی ناوەوەی ماڵەکەی کوژابوونەوە، بۆیە لەباتی ئەوەی لە دەرگا بدات، ڕاستەوخۆ خۆی کرد بە ژووردا. هەتاکوو گەیشتە ژووری خەوەکەی حەکیم و هەندێک دەنگ و جووڵەی سەیرێ بیست.

که له کـونێکی دەرگـاکەوە تەماشـای کـرد، دیتـی حەکـیمەکە شمشێرێکی پێیە و هەندێک جوولّەی جەنگی ئەنجام دەدات.

ڕوخسـاری لە هەر کـاتێکی تـر جیـدیتر بـوو، لە بەرخـۆیەوە هاواری دەکرد، من ناترسم، من بەهێزم، من کەسـێکی ئەفسـانە و پاڵەوانم.

لەو کـاتەدا دەرگـاکە کـرایەوە و ڕاسـتەوخۆ لە جێـی خـۆی ڕاچڵەکی و لە ترسان هاواری کرد: «جومانا!»

– ئارام ببەوە ئەی حەکیم، ئەوە منم.

لەبەر ئەوەی نیگەرانـی ئەوە بـوو جومانـا بە ترسـاوی ئەوی دیبێت، گوتی:

– مـن نەترسـام، بەڵکـوو ئەو هـاوارەم بـۆ ئەوە بـوو کە ئامادەی شەڕم.

– کەواتە لە هەر کاتێکدا بچیت بۆ شـەڕ، ئەو هـاوارە سـەیرە دەکەیت؟

شمشێرەکەی دەستیی بەرز کردەوە و گوتی:

– لەو کاتەی هێرشم دەکرێتە سەر.

جومانا لەسەر زەوییەکە دانیشت و پاڵی بە دیوارەکەوە دا و گوتی:

– چیتە؟ بـۆ وا دەکەیت؟ چـی وای لـێ کردوویت بەم جـۆرە مەشقی جەنگی بکەیت؟

بۆیە ڕاهێنانی دەکرد تا وەکوو ئەیووب و بەحر بەهێز ببێت، بۆیە بە لایەوە گرنگ نەبوو ئەگەر دان بەو شتەدا بنێت، بەڵام ڕاستەوخۆ لە وەڵامەکە ڕای کرد و گوتی:

– چەند جارت پێ بڵێم بەبێ لە دەرگادان مەیە ژووڕەوە؟

– چراکان کوژابوونەوە، نەمدەزانی لە ماڵەوەیت.

– لەگەڵ ئەوەشدا هەر هاتیتە ژووڕەوە، دەتەوێت دزیم لێ بکەیت؟

– نەخێر، بەڵکوو پرسیاری تەندروستیی بەحرت لێ بکەم.

هەناسەیەکی قوواڵی هەڵمژی و گوتی:

– هەواڵی خراپی ئەوم پێیە بۆت.

– چی ڕووی داوە؟!

– بارودۆخی دژوارە.

– بەڵام چاک بووبووەوە و هەموومان ئەوەمان بینی، ئەوەشمان بیر نەچێت هەواڵی زۆرمان دا.

حەکیم ئەو شتانەی بۆ دەژمارد کە لە ماوەی پێشوودا تووشی بەحر بووبوو، خوێنی زۆری لێ ڕۆیشت و قاچەکەی مرد، پاشان هات بە دواتاندا بۆ خاکی عینقائەکان و دواتر مردن بە لەشیدا بڵاو بوویەوە، بەڵێ جومانا باش بوو، بەڵام دواتر تەندروستیی بەرەو خراپی ڕۆیشت.

– ئێستا لە کوێیە؟

بەداخەوە گوتی: «لە ئەشکەوتەکەیە. لە نێو جێگادا کەوتووە و کەس نییە گرنگیی پێ بدات.»

– ئەیووب لە کوێیە؟

– ئەیووب ڕۆژەکەی بە ڕاو بەسەر دەبات و شەویش پاسەوانیی دەکات.

– پاسەوانی؟ لە چی دەپارێزێت؟

– ئەی بیرت چوو ئەیووب و بەحر لە ڕێکخراوی جاسووم هەڵگەڕانەوە؟

– مەبەستت ئەوەیە ئەیووب لەوە دەترسێت ڕێکخراوەکە تۆڵەی لێ بکەنەوە؟

– بەڵێ، بەو شێوەیەیە.

– ئەی تۆ بۆ گرنگیی پێ نادەیت؟

– من حەکیمی ئەم لادێیەم، ناتوانم بۆ ماوەیەکی زۆر وەن ببم، لەبەر ئەوەی خەڵکی تریش هەیە پێویستیان پێم ببێت.

– ئەی چارەسەر؟

– تۆ بڕۆیت بۆ لای؟

– من؟ نەخێر، من ناچم بۆ ئەوێ.

– کەواتە بارودۆخی خراپتر دەبێت و لە کۆتاییدا دەمرێت.

کەمێک بێدەنگ بوو، لەبەر ئەوەی بە دوای چارەسەری کێشەکەدا دەگەڕا، حەکیم دەیزانی کەوتووەتە چ دڵەڕاوکێیەکەوە، بۆیە پرسیی:

– چیتە پێم بڵێ؟

– هیچ.

حەکیمەکەش گوتی: «دوو کەس هەن درۆیان لەگەڵدا مەکە، حەکیمەکەت کە خۆت و هاوسەرەکەت چارەسەر دەکات، لەبەر ئەوەی من هاوسەری داهاتووتم، باشتر وایە ڕاستییەکەم پێ بڵێیت.»

– هەست دەکەم دەتەوێت هەر بە ڕاستی هاوسەرگریم لەگەڵدا بکەیت.

حەکیمەکە وەڵامی ئەو قسەیەی نەدایەوە، بەڵکوو پرسیی:

– چیتە پێم بڵێ؟

– هیچ، هیچم نییە.

دووبارە پێی گوتەوە: «دوو کەس درۆیان لەگەڵدا ناکرێت، ئەو حەکیمەکەی چارەسەری تۆ و هاوڕێ نزیکەکەت دەکات، لەبەر ئەوەی من هاوڕێی تۆم، کەواتە ڕاستییەکەم بۆ باس بکە.» حەکیمەکە ئەم جارە قسەکەی گۆڕی و بە هەناسەیەکی سارد‌ەوە گوتی: «من ناتوانم هاوسەرگری بکەم.»

جومانا بە چاوی بەزەییەوە لێی دەڕوانی:

– ئەی داماو! بۆچی تۆش وەکوو هەموو پیاوانی تر نییت؟

– نەخێر، نەخێر مێشکت لە کوێیە، من ساغوسەلیمم، تەنیا مەبەستم ئەوەیە ویستم لێی نییە.

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی دڵەکان خراپ دەبن لە دوای جیابوونەوە، ناتوانن چاک ببنەوە.

– وەکوو ئەوە قسە دەکەیت پێشتر ئەزموونت کردبێت.

– هەموو کەس چیرۆکی خۆی هەیە، باوەڕ بەو کەسانە مەکە کە پێچەوانەکەیت پێ دەڵێت.

– ئەوەی کە گوێ لە زمانە درێژەکەت و قسە زلەکانت دەگرێت و دواتریش قسە دڵتەنگییەکانت دەبیستێت، سەرسام دەبێت.

دانی بە شتێکدا نا کە پێشتر کەس دانی بۆ پیادا نەنابوو:

– هەر لەو کاتەوەی تۆم دیوە، ویستوومە شتێکت پێ بڵێم: *ئەوانەی کە زۆر پێدەکەنن، ئەوانەن کە زۆر دڵتەنگ دەبن.*

جومانا:

– نەمدەزانی تۆ بەو جۆرەیت.

– ئۆوو، کاتێک هاوسەرگری دەکەیت، شتی جوان و جوانترت بۆ دەر دەکەوێت.

بە قسەکانی پێکەنی و گوتی:

– نۆرەی تۆیە، پێم بڵێ چی خەمباری کردوویت؟

– دواتر بۆت باس دەکەم، بەڵام ئێستا دەرمانم پێ بدە.

– کەواتە بڕیارت داوە بچیت بۆ لای؟

– هیچ چارەیەکی ترم لە بەردەست نییە.

دەرمانەکانی بۆ خستە نێو قوماشێکەوە و بۆی پێچایەوە و ڕێنمایی تەواوی دایێ کە لە چ کاتێکدا پێی بدات.

لە کۆتاییدا گوتی:

– باوکم جارێکیان پێی گوتم، ئازایەتی بەوە ناپێورێت تا چەند لە تواناماندایە ئازاری ئەوانی تر بدەین، بەڵکوو بەوە دەپێورێت تا چەند دەتوانین بیانپارێزین.

– ئەی حەکیم تۆ لاواز نییت، بەڵکوو زۆر بەهێزیت.

## ٢

لە نێـو ئەشـکەوتەکەدا، لەسـەر کـۆمەڵە پوشـەکە کە پـاڵ کەوتبوو، هەستی بە نزیکبوونەوەی تەپەی پێیەک دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی هەموو جەستەی بجووڵێنێت، لەبەر نەخۆشییەکەی بە دەنگێکی گرەوە گوتی:

– ئەمڕۆ زوو گەڕایتەوە ئەیووب.

جومانا وەڵامی دایەوە.

– ئایا لە ئەیووب دەچم؟

کە گـوێی لە دەنگـی بـوو، بـزە کەوتە سـەر ڕوخسـاری، بە سەختی توانیی بڵێت:

– زۆریش نا، کەمێک جیاوازیتان هەیە.

– تەنـانەت لە کـاتی نەخۆشیشـدا ناتوانیـت لە گـاڵتەکردن بوەستیت.

– چی تۆی گەڕاندووەتەوە؟

– ئەگەر قسـەکانم بێـزارت دەکەن، ئەوا جـارێکی تـر گـاڵتەت لەگەڵ ناکەمەوە.

وا خـۆی پیشـان دەدا کە بێـزار بێـت، بەڵام لە ڕاسـتیدا گاڵتەکانی بە دڵ بوون:

– تۆ بێزارم ناکەیت.

– بە ڕاست؟

سەری لەقاند و گوتی:

– ڕاستیت پێ بڵێم دوور لە گاڵتە؟

– بیڵێ.

– تۆ لە ئەیووب ناچیت، کەمێک لەو جوانتریت.

– ڕاستییەکەت پێ بڵێم دوور لە گاڵتە؟

– بیڵێ.

– زۆربەی کات کە بیر لە زەردەخەنەکەت دەکەمەوە، ئارام دەبمەوە.

زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی:

– کێشە نییە، دەمرم و فرمێسکەکانت ئاسوودەیم پێ دەدەن.

پەنجەی هەڕەشەی بەرز کردەوە:

– هێی تۆ گوێ بگرە، ڕەنگە ئەم چەند ڕۆژە گرنگیت پێ بدەم، بۆیە نامەوێت جارێکی تر لەم جۆرە قسانە ببیستمەوە.

– ئەی نەتگوت گاڵتەکانم بێزارت ناکەن؟

– با گاڵتەکانت لە شتی پێکەنیناویدا بێت، نەوەک دڵداری.

– بۆچی پێت وایە دڵداریت لەگەڵ دەکەم؟ پێم بکرێ دڵداری لەگەڵ مانگایەکدا دەکەم نەوەک تۆ.

– تەنـانەت ناتوانیـت دڵـداری لەگەڵ مانگایەکیشـدا بکەیـت، دەزانیت بۆ؟

– بۆ؟

– لەبەر ئەوەی برا دڵداری لەگەڵ خوشکەکەیدا ناکات.

زەردەخەنەیەک کەوتە سـەر لێـوی، بەڵام خەمبـارانە بـوو، جومانا هەستی کرد ئەو ڕستەیە بریندی دڵیی کولاندەوە:

– پێدەچێت حەکیمێکی ترمان بۆ زیاد بووبێت.

جومانـا هەسـتی بە ئـازاری وێژدانـی دەکـرد، بـۆیە پۆزشـی هێنایەوە:

– لێم زوێر مەبە، مەبەستم ئەوە نەبوو.

– داوای لێبووردن مەکە، چونکە گاڵتەیەکی نایاب بوو.

– کەواتە بۆ ڕوخسارت گۆڕا؟

– شتێکی کۆنم بیر هاتەوە.

**

جومانـا پـارچەیەک قوماشـی بچـووکی دەر هێنـا کە هەنـدێک گژوگیـای تێدا بـوو، وەکـوو ئەوەی حەکـیمەکە تێـی گەیانـدبوو، پاشان ئاگرەکەی بۆ سەر خست و کەمێک چاوەڕوانیی کرد.

دوای کاتژمێرێک مەنجەڵەکەی لەسەر ئاگرەکە داگرت و کەمێکی لێ کردە نێو قاپێکەوە و پێشکەشی کرد:

– بیخۆرەوە، ئەمە هەندێک هێزت پێ دەبەخشێت.

تەماشای دەرمانەکەی دەرکرد، بەبێ جوولّە پرسیی:

– بۆچی نایخۆیتەوە؟

– من ناتوانم بجووڵێم.

وەکوو ئیفلیجی لێ هاتبوو، بۆیە ڕاستی کردەوە تاوەکوو دانیشت و بە دەستی خۆی دەرمانەکەی کرد بە دەمییەوە، دواتر دەمیی سڕی و پێی گوت:

– دەبێت پشوو بدەیت تاکوو دەرمانەکە بە لەشتدا بڵاو ببێتەوە.

– ئەگەر مانەوەت لێرە بێزارت دەکات دەتوانیت بڕۆیت، پاشان بە لووتبەرزییەوە گوتی:

– خۆم دەتوانم کارەکانی خۆم ڕابپەڕێنم.

– نەخێر، لێرە ئاگادارت دەبم تاکوو چاک دەبیتەوە.

– ئەی ڕێککەوتنەکە؟

– دوای ئەوەی چاک دەبیتەوە، دەگەڕێینەوە سەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، هەر یەکەشمان بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات.

سەری لەقاند و بەر لەوەی هەردووکیان بێدەنگ ببن گوتی: «سوپاس.»

## ٣

لە شەودا پرسیارێک هاتەوە نێو میشکی کە پێشتریش بیری لێ کردبووەوە، بۆیە پێی گوت:

– لە بـازاڕی کۆیلەکانـدا، مەبەسـتم ئەو جێـیەیە کە کە بە منـدالّی لێـی بوویـت، ئەوانەی کە کـرین و فرۆشـتنی کۆیلەیـان دەکـرد، چـی وای لە تـۆ کردبـوو بەو تەمەنە منـدالّییەوە ڕێـت بکەوێتە ئەوێ؟

– چۆن بەو چیرۆکەت زانی؟

– ئەیووب بۆی باس کردم.

قسەی نەکرد، بۆیە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە:

– بۆچی بەو تەمەنەوە چوویت بۆ ئەو جێیە؟

– ڕەنگە ئەگەر پێشت بڵێم، باوەڕم پێ نەکەیت.

– کێشە نییە، هەوڵ دەدەم.

– چووم بۆ ئەوێ تاکوو داوا لە بازرگانێک بکەم بمفرۆشێت.

– واز لە گاڵتە بهێنە و ڕاستییەکە بڵێ.

– خۆ پێم وتیت کە باوەڕم پێ ناکەیت.

– بـێ گومـان بـاوەڕ نـاکەم، چـونکە کەس بە ویسـتی خـۆی نایەوێت ببێتە کۆیلە.

– بەڵام من ویستم جومانا.

– باشە با واز لە ڕاستییەکە بهێنین، دەتوانیت هۆکارەکەم پێ بڵێیت.

– سەرمام دەبوو.

– ئەوەی سـەرمای ببێـت گەرمـکەرەوەیەک دەکڕێـت یـاخود ئاگر دەکاتەوە.

– ئەو سەرمایەی من هەستم پێ دەکرد جیاواز بـوو، مـن لە ناخەوە سەرمام بوو، نەوەک لەبەر گۆڕانی کەشەکە.

بۆی ڕوون کردەوە:

– ئەو کـاتە مـن دە سـاڵان بـووم کە خێـزانەکەمم لە دەسـت دابـوو، لە دەرگـا بە دەرگـام دەدا و بە دوای خێزانێکـدا دەگەڕام، بەڵام هەمووی بە ڕوومدا داخرا و من سەرمام بوو، جومانـا بەو منداڵییە ئەو سارمایەی کە هـیچ گەرم کەرەوە و ئاگرێـک گەرمـی ناکاتەوە، بیرکردنی خێزانە.

– خیـزانەکەت بـۆ کـوێ چـوون؟ بـۆچی بەبـێ تـۆ ڕۆیشـتن و تۆیان نەبرد؟

– مردن.

– چۆن؟

– جنۆکەکان ئەوانیان کوشتن، هەر لەبەر ئەوەشە ڕقم لە جنە.

لە دەنگیدا هەست بە ڕقێکی قوواڵ دەکرا، بۆیە جومانا لە ترساندا بێدەنگ بوو و هەر لەبەر ئەوەش بۆی دەر کەوت کە بۆ کەمێک پێش ئێستا گوتی برا دڵداری لەگەڵ خوشکەکەیدا ناکات، ڕەنگە خوشکەکەیان کوشتبێت.

ویستی بابەتەکە بگۆڕێت، بەڵام لە ناخیدا کونجۆڵ بوو بەوەی کە پرسیاری تری لێ بکات:

– بۆچی کوژران؟

– من منداڵ بووم و هۆکارەکەم نەدەزانی، بەڵام ئەوەم بە چاوی خۆم دیت.

ئەو کاتە سێ ساڵان بوو خێزانەکەی بەوە ناسرابوون کە ئازا و بەجەرگن لە شەڕدا، بەڵام جنەکان خێزانەکەیان کوشت بەبێ ئاگاداریی پێشوەختە و بە تەنیا مایەوە.

بە بەزەییەوە بەجێیان نەهێشت، بەڵکوو ئەو کاتەی کە دایکی دەیویست پارێزگاریی لێ بکات، کوشیان: باوەشی بە دایکیدا کردبوو و دەگریا تا ئەو کاتەی جنەکان لەوێدا ڕۆیشتن.

دواتر کەس لە خەڵکی گوندەکە ئامادە نەبوون بیگرنە خۆیان، لەبەر ئەوەی دەترسان ئەوانیش بە دەردی خێزانەکەی بچن، بۆیە کەس نەیدەگرتە خۆی، هەندێکی هەر وا نان و ئاویان پێ دەدا و هەر ئەوەندەی لە برسان و تینووانداا نەمرێت.

وەکوو ئاژەڵێکی کێوی کە هەموو هاوڕێکانی دەستبەرداری بوون، بە تەنیا دەژیا.

کە کەمێک گەورە بوو و گەیشتە حەوت ساڵی، پرسیاری لە خەڵکی لادێکە کرد، ئەو جنانەی کە خێزانەکەیان کوشتووە دەیویست ئاسەوارێک یاخود دوژمنی خۆی بناسێت.

وەلێ خەڵکی لادێکە فەرمۆشیان دەکرد و وەڵامیان نەدەدایەوە و دەترسان لەوەی دووبارە هێرشیان بکرێتەوە سەر.

کە هیوای لە دەست دا، ئەو شەوە هەموو ماڵەکانی لادێکەی سووتاند و لادێکەی بۆ هەمیشە بەجێ هێشت.

لەو ڕۆژەوە بە دوای ئەو کۆمەڵە جنەدا دەگەڕا کە خێزانەکەیان کوشتبوو، بەڵام هیچی دەست نەکەوت، بۆیە وای هەژمار دەکرد کە هەموو جنەکان خێزانەکەیان کوشتووە و بڕیاری دا هەر ڕۆژێک جنێک ببینێت، بیکوژێت.

جومانا گێڕانەوەی چیرۆکەکەی پێ بڕی:

– بەڵام تۆ کار لەگەڵ نابفیلدا دەکەیت، ئەویش مەگەر جن نییە؟

– ئەو تاکە ڕێنیشاندەرە.

– کاتێک من و بەحر منداڵ بووین، ژیانێکی...

پارەی خۆیان بەوە پەیدا دەکرد کە لە بازاڕەوە کەلوپەلیان بۆ ماڵی خەڵک بار دەکرد.

لە یەکێک لە شەوەکاندا بە تەواویش لە نێوەی شەودا لە بازارەکە دەهاتنەوە، کەسێک لە پشتەوە لێی دان و لە هۆش خۆیان چوون، کە بەئاگا هاتنەوە لە جییەکی تر خۆیان دیتەوە.

ئەو دوو بچکۆلەیە خۆیان لە ژوورێکدا دیتەوە کە پیاوێکی تریش بەرانبەریان دانیشتبوو، پیاوەکە چاوەکانی شینی کاڵ بوون.

پێی گوتن:

– نزیک ببنەوە.

ئەیووب گوتی: «من دەترسم.»

بەحر بە چپەوە پێی گوت: مەهێڵە هیچ کەس ترسەکەت ببینێت.

پاشان تاکێک له پێڵاوەکەی داکەند و پێشی کەوت:

– دوام بکەوە.

هەردووکیان لێی چوونە پێشەوە تاکوو بەرانبەر پیاوەکە وەستان، بەحر بە زمانەلەرزە پێی گوت:

– ئایا تۆ ئێمەت ڕفاندووە کوڕە؟

پیاوەکە زەردەخەنەیەکی سەرسوڕمان کەوتە سەر ڕوخساری و هۆکاری ڕفاندنەکەی ڕوون کردەوە:

– چەکەکەت نزم بکەرەوە ئەی بەحر، من تاغینی پادشای مەملەکەتی ئەبابیلم و دەمەوێت هەردووکتان کارم بۆ بکەن.

تاغین ئەو کاتە بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕا کە کار بۆ بەرژەوەندیی جاسووم بکەن.

لەبەر چەند هۆکارێک ئەوانی هەڵبژاردبوون، یەکێک لەوانە منداڵ بوو و بە ئاسانی دەیتوانی مێشکیان بشواتەوە، بە هەمان شێوە خێزان و کەسوکاریان نەبوو تاکوو ببێتە جێی پرس و مەترسی بۆی.

بەحر و ئەیووب ئەو هەلەیان بە هەلێکی زێڕین دەزانی کە کار بکەن لەگەڵ پادشای ئەبابیلدا، هەر بۆیە لە دەستیان نەدا، بەڵام نەیاندەزانی ئەوان کار لەگەڵ خودی شەیتاندا دەکەن.

**

یەکەمین شت کە لە ڕێکخراوەکەدا فێر کران ئەوە بوو بەرپرسە چاوشینەکە دوو کەسایەتیی هەیە:

کەسایەتیی یەکەمیان ناوی تاغینە و پادشای مەملەکەتی ئەبابیلە، کەسایەتیی تریِ ناوی نابفیلە و سەرکردەی بالای ڕێکخراوی جاسوومە.

لە هەمووی گرنگتر هیچ کەسێک لە خەڵکەکە ئەو ڕاستییەی نەدەزانی. ئەو دووانە خرانە ژێر ڕاهێنان و مەشقی تونددەوە تاکوو زۆر بەهێز ببن، خودی نابفیل چاودێریی ڕاهێنانەکانی دەکردن و سەرەتا مێشکی دەشوشتنەوە، دووەم شت کارکردنی بوو لەسەریان تاکوو وایان لێ بکات ببنە دەستە ڕاست و چەپی، ئەوەی پێیان دەڵێت جێبەجێی بکەن بەبێ ئەوەی بپرسن. دوای ماوەیەکی زۆر هەر یەکەیان کە خۆی سەلماند بۆ گەورەکەی، نابفیل کردنی بە یەکێک لە بەرپرسە بالاکانی ڕێکخراوی جاسووم.

بەحر لە گێڕانەوەی کۆتایی چیرۆکەکەیدا بۆ جومانا گوتی:

– تاغین تاکە کەس بوو کە ئەو کاتەی منداڵ بووین لە خۆی گرتین.

**

ئەوە ئەو چیرۆکە بوو کە بەحر دەیزانی، بەڵام ئەوەی ڕاستی بـــوو نەیـــدەزانی، ڕەنـــگە لە داهـــاتوودا بمرێـــت بەر لەوەی ئەو ڕاستییە بزانێت، ئەویش ئەوەیە:

**تاغین و داروودەستەکەی بوون کە خێزانەکەیان کوشت.**

## ٤

بۆ ماوەی مانگێکی تەواو لە چاودێریکردنی بەردەوام بوو. لە ئێوارەی یەکێک لە ڕۆژەکاندا کە ڕۆژی بیستونۆیەم بوو، لە نێو ئەشکەوتەکەدا بەحر دوای ئەوەی لە خەو ڕابوو، قسەیەکی سەیری کرد:

– دونیاکەی ترم دیت.

– دونیاکەی تر؟

– بەڵێ، ئەو کاتەی جەستەم لەم دونیایەدا بوو، بەڵام ڕۆحم لە دونیاکەی تردا بوو.

قسەکەی بەردەوام کرد و جوماناش بۆی گوێقوڵاخ بوو:

– جێگەکە زۆر فراوان و بێدەنگ بوو، پڕ بوو لە ئاشتی، نەمدەویست بگەڕێمەوە بۆ ژیان، هەموو ئەوانەی دەچن بۆ ئەوێ نایانەویت بگەڕێنەوە بۆ ئێرە.

– ئەی بۆ گەڕایتەوە؟

بە دڵنیاییەوە گوتی:

– لەبەر تۆ.

پەنجەی بەرز کردەوە تاکوو ئەو بەڵێنەی بیر بخاتەوە کە پێی دابوو، بەڵام دەستی گرت:

– من گاڵته ناکەم، لەبەر تۆ هاتمەوە.

لەو ساتەدا قسەکەی ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی سەیر بوو لە قسەکانی دواتریدا بوو:

– جومانا ڕێگەی گەڕانەوە زۆر تاریک و سەخت بوو، وەکوو ئەوە بوو من لەسەر کەشتییەکی بچووک بم لە ناوەندی زەریایەکی تاریک و فراواندا کە هیچ نیشانە و ئەستێرەیەکی ئاسمان و هیچ ڕێنیشاندەرێکی ڕاستم نەبێت و لە نێوەی ڕێگادا بزر بووم.

پاشان هاوەڵناوی کۆیی بەکارهێنا و گوتی:

– ئایا کەس لەگەڵتدا بوو لە دونیاکەی تر؟

– بەڵێ.

– کێ؟

– کابرایەکی ڕەشپێستی قاچبراوە، کە دیتمی یارمەتیی دام، دەمدیت کە خوێن لە دڵی دەچۆڕا.

یەکسەر قسەکەی پێ بڕی:

– ئایا ناوی پێ گوتیت؟

– بەڵێ ناوی مەیسەم بوو.

لەگەڵ بیستنی ئەو قسەیەدا بێدەنگ بوو، بەڵام چاوە قاوەییەکانی دەیانگوت:

چۆن توانیتان ڕێگەی ژیان بدۆزنەوە؟

وەڵامی دایەوە بە قسە:

– ئەویش بۆنی تۆی لێ دەهات، بۆنی یاسەمین.

پاشان بەحر لەسەر جێگەکەی هەستایەوە و نەخۆشییەکەی بە هیچ جۆرێک نەمابوو، بەڵکوو دەیتوانی بە ئاسانی بڕوات و بێت و جوولە بکات، تەنانەت دەیتوانی دابنیشێت، خۆیشی بە خۆی سەرسام بووبوو:

– من چاک بوومەوە.

جومانا لە خۆشییاندا هاواری لێ بەرز بووەوە:

– تۆ دەتوانیت جوولە بکەیت.

دانی بە ڕاستییەکدا نا:

– بارودۆخم هێندە خراپ نەبوو، تەواوی کاتەکە درۆم لەگەڵدا کردیت.

جومانا لە سەرسامیاندا بێدەنگ بوو، بەحریش هۆکاری درۆیەکەی بۆ ڕوون کردەوە:

– ئەو کاتەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ون بوویت، زانیم کە تۆ ڕاستگۆ بوویت لەبارەی ئەوەی کە گوتت ئەوەی نێوانمان کۆتایی هاتووە، هەر لەبەر ئەوەش من و ئەیووب و حەکیم ئەم پلانەمان دانا تاکوو تۆ بگەڕێیتەوە بۆ ئێرە.

جومانا هەر بێدەنگ بوو:

– دەمویست دڵنیا ببمەوە لە هەستەکانم و بووشم.

من تایبەت کرابووم بە کوشتن و بڕین و جەنگ، هەر بۆیە کە تۆم دی هەستێکی ترم لا دروست بوو، دەترسام و دوودڵ بووم.

وشەی خۆشەویستی زۆر قورس بوو لەسەر زمانی، بۆیە بە شێوەیەکی تر گوتی:

– دڵم تۆی دەویست.

بۆ چەند چرکەیەک بێدەنگ مایەوە، بەڵام ئەو چەند چرکە کەمە کۆتایی نەدەهات، بۆیە ئەویش گوتی:

– ئایا هیچم پێ ناڵێیت؟

– بۆ ماوەی مانگێک درۆت لەگەڵ کردم، وات کرد وەکوو گەمژەیەک دەر بکەوم.

پاشان بە تووڕەییەوە گوتی:

– منت بەکار هێنا، ئەوەش یەکێکە لەو کارانەی کە ئافرەت هەرگیز لێی خۆش نابێت.

– هیچ بژاردەیەکی ترم نەبوو، لەبەر ئەوەی ڕۆشتیت و بڕیارت دا هەرگیز نەگەڕێیتەوە.

– بیانووەکەت هەر چییەک بێت نەدەبوو لەگەڵمدا درۆ بکەیت.

لەگەڵ تەمەندا لەوە تێدەگەیت کە لێبووردن مانای لاوازی نییە، بەڵکوو تاکە لاوازی ئەوەیە لەوە بترسیت داوای لێبووردن بکەیت، بۆیە بە ڕاستگۆیانە گوتی:

– من داوای لێبووردن دەکەم.

داوای لێبووردنی کرد بەبێ ئەوەی هۆکار و پۆزشی تری بۆ بهێنێتەوە.

ئەوەش مانـای ئەوە بـوو ڕێـز لە تووڕەبـوونەکەی دەگرێـت، ڕەنگە ئەوەش بووبێتە هۆکاری ئەوەی کەمێک هێوری بکاتەوە، بەڵام بێدەنگییەکەی هێنـدە درێـژەی کێشـا، بە جۆرێک کە گـوێی لەوە بێت کە لە ناخیدایە:

– ئەمە جیابوونەوەی من و تۆیە.

پاشان جومانا ڕۆیشت.

ئەوە یەکەمین جـار بـوو بەحر هەستەکانیی بۆ کەسێک دەر بڕیبـوون، بەڵام پەشـیمان بـوو، هیـوادار بـوو ژیـان بگەڕێـتەوە دواوە و جـارێکی تـر هەسـتەکانی دەر نەبڕێت، بەڵکـوو بێـدەنگ ببێت.

سەری نووساند بە دیوارەکەی پشتیەوە، هەناسەیەکی قـوواڵی هەڵمـژی و پاشـان هەسـتی بە سـەنگی ئەو قسـانە دەکـرد کە لە ناخیدا دەهاتنە دەرەوە:

– بەنەفرەت بێت، بیرۆکەیەکی زۆر خراپ بوو.

ئەیـووب هـاتە دەرەوە کە لە بەشـی پشـتەوەی ئەشـکەوتەکەدا خۆی شاردبووەوە، لە پاڵیدا دانیشت:

– ئامۆژگاریم کردیت کە ئەو کارە نەکەیت.

بەحر چاوەکانیی داخستن، هێشتا سەری بە دیوارەکەوە بـوو و بیری لە یەکەمین جـار دەکردەوە کە تێیدا ئەو کچەی دیبـوو.

بە تایبەتی ئەو ساتەی کە غوفران دەیویست دەستدرێژی بکاتە سەری و ئەویش داوای یارمەتیی دەکرد.

– کە یەکەم جار چاوم پێی کەوت، هەستم دەکرد پێشتر دیومە ئەیووب، وەکوو ئەوەی لە زەمەن و کاتێکی تردا چاوم پێی کەوتبێت.

– دەمزانی کە کوشتنی غوفران بە لادان لە یاساکانی جاسووم دادەنرێت و دەمزانی کە ئەندامانی رێکخراوەکە لە دژم هەڵدەگەڕێنەوە، لەگەڵ ئەوەدا بۆ یەک چرکەش لە ڕزگارکردنی دوودڵ نەبووم.

ئەیووب بابەتەکەی بۆ تەواو کرد:

– ئەو کاتەی کە بەرگریت لێ کرد، دەمزانی کە بە جۆرێک ڕەفتار دەکەیت ئەو کەسە دەناسیت.

– بەڵێ، من ئەو کارەم لەبەر کەسێکی نەناسراو نەکرد.

– ئایا تۆ لە ڕزگارکردنی پەشیمانیت؟

– نەخێر، ئەگەر کات بگەڕێتەوە بۆ دواوە، بێ گومان هەمان شت دەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر هەموو دنیاش لە دژم بوەستێتەوە نەک تەنیا جاسووم.

هەردووکیان بۆ ماوەیەکی درێژ بێدەنگ مانەوە، بەر لەوەی بەحر ڕوو بکاتە هاوڕێکەی و قسەی کۆتایی پێ بڵێت، پاشان لە جێی خۆی هەستایەوە و گوتی:

– کاتی ماڵئاواییە هاوڕێکەم.

– مەبەستت چییە؟

– پێشتر پێت گوتم که دەتەوێت واز لە کارکردن لەگەڵ جاسوومدا بهێنیت، ئەمەش دەرفەتی تۆیە.

– ئەی تۆ چی دەکەیت؟

– دەگەڕێمەوە نێو ژیانەکەی پێشووم، لەبەر ئەوەی من وەکوو تۆ نیم، هیچ هۆکارێکم نییە بۆ وازهێنان لە کارکردن.

ئەیووب لە جێی خۆی هەستایەوە و هاوڕێکەی لە ئامێز گرت چاوەکانی بەحر پر بوون لە فرمێسک، ئەیووب هەستی بە فرمێسکەکانی دەکرد لەسەر شانی، ئەوە یەکەمین جار بوو لە دوای ئەو کاتەوەی کە کۆیلە بوو ببینێت بەحر دەگری:

– بۆچی دەگریت؟

– دوورکەوتنەوە لێت ئاسان نییە.

– بەڵام من وازت لێ ناهێنم بەڵکوو لەگەڵتدا دەگەڕێمەوە.

– ئەی بۆچی باوەشم پێدا دەکەیت گەمژە، وام زانی مالئاواییم لێ دەکەیت.

ئەیووب زەردەخەنەیەکی کرد هەموو ددانە سپییەکانی دەر کەوتن، تەنیا یەک دانەی ئالتوونی نەبێت:

– ئەم ڕێگەیەمان پێکەوە دەست پێ کردووە، پێکەوە تەواوی دەکەین و کۆتایی پێ دەهێنین.

بەحر چاوە بە فرمێسکەکەیی سڕی و گوتی:

– ئامادە بە لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا دەگەڕێینەوە بۆ جاسووم.

– پێت وایە نابفیل لێمان ببووریت دوای ئەوەی کردوومانە؟

– خەمت نەبێت خۆم دەزانم چۆن پازیی دەکەم.

## ٥

حەکـــیم بەر لە خۆرهەڵهـــاتنی ئەو ڕۆژە، گـــوێی لە تەقەی دەرگـای مـاڵکەی بـوو و کە چـوو بیکـاتەوە، جومانـای دیـت کە پـــارچە ئـــاڵتوونییەکی بە دەســـەوە بـــوو و مـــۆری مەملەکەتـــی سولەیمانی لەسەر بوو، پێی گوت:

– کە کتێبەکەم دەست کەوت، دەگەڕێمەوە بۆ لات.

پاشـــان پشـــتی هەڵکـــرد و ئامـــادەی ڕۆیشـــتن بـــوو، بەڵام حەکیمەکە پێی گوت:

– دەزانم کە لێم تووڕەیت.

وەڵامی دایەوە بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە:

– نەخێر تووڕە نیم.

– کەواتە بۆ وا بەڕێزەوە مامەڵە دەکەیت؟

جومانا ئاوڕی دایەوە.

– ئایا پێشتر بێڕێز بووم لەگەڵت تاکوو ئەمڕۆ بە ڕەوشتەوە مامەڵەت لەگەڵدا بکەمم؟

– لە دەرگاکەمـــت دا و ئەمەش مانـــای وایە کە حیســـابت بـــۆ تایبەتمەندیم کردووە.

– بۆچی تۆیش هاوبەشی پلانەکەیان بوویت؟

– نەمدەویست، بەڵام بەحر هەڕەشەی لێ کردم ئەگەر ئەو کارە نەکەم ئەوا...

– خودا دەزانێت چی ڕووی دەدا ئەگەر ڕاستییەکەت پێ بگوتمایە ئەو شەوە.

– بەڵکوو دەیزانی...

سەری داخست و پلانەکەی بۆ باس کرد.

– ئەیووب خۆی شاردبووەوە لە نێو ژوورە چۆڵەکەدا تاکوو بزانێت تا چەند پابەندم بە پلانەکەمەوە.

– ئافرەت لەبەر ئەوەی تووشی نائومێدی نەبێتەوە، هەرگیز متمانە بە پیاوان ناکات.

– سوپاس بۆ خودا کە من لەوانە نیم.

پاشان بۆ ئەوەی هەڵەکەی چاک بکاتەوە خێرا گوتی:

– من پیاوم، بەڵام مەبەستم ئەوەیە وەکوو پیاوانی تر نیم.

– گومانم لەوە هەیە.

– گومانت لە پیاوەتیم هەیە؟

– گومانم لەوە هەیە وەک ئەوانی تر نەبیت.

– باشە، با بچینە ژوورەوە بۆت دەسەلمێنم.

– چی دەسەلمێنیت، زمانت بە برین چێت.

– ئەوەت بۆ دەسەلمێنم کە من دڵێکی باشم هەیە و دەتوانیت متمانەم پێ بکەیت.

– ئۆو ببوورە، من بە شتێکی تر تێگەیشتم.

– تۆ جنۆکەیەکی مێشکپیسی.

– خۆت هەزەلی مەکە، هیشتا لێت تووڕەم.

لەو کاتەدا چەند هەورەبرووسکەیەک ئاسمانی گرتەوە و باران دەستی پێ کرد، حەکیمەکە ڕێی بۆ کردەوە تا بچێتە ژوورەوە. پێی گوت:

– با قسەکانمان لە ژوورەوە تەواو بکەین.

– ببوورە دەبێت کارێک ئەنجام بدەم.

– چ کارێکت هەیە؟

– دەمەوێت ڕێوڕەسمی تووڕەبوون ئەنجام بدەم.

– لە کاتی تووڕەبووندا چی دەکەیت؟

– ئەوەی بێتە بەردەستم تێکی دەشکێنم.

– باشە، وەرە ژوورەوە، منیش بەشدار دەبم.

– چۆن؟

– تۆ شتەکان بشکێنە، منیش جنێو دەدەم و لۆمە دەکەم.

– لۆمە دەکەیت؟

– بەڵێ من زۆر باشم لە تاوانبارکردن و لۆمەکردن.

لەو کاتەدا پێویستی بە کەسێک هەبوو پشتی بگرێت یاخود ئامۆژگاریی بکات. کە بینیی کەسێک لە تووڕەبوونەکەیدا بەشداڕە، بارودۆخەکەی بە لاوە سەیر بوو.

– ئایا هیچ شتێکت هەیە لە ژووڕەوە بشکێنرێت؟

– گرنگ ئەوەیە نزیک کتێبەکانم نەکەوێتەوە.

ئەو شەوە جومانا زۆربەی کەلوپەلەکانی ماڵەکەی حەکیمی تێکشکاند، لە کاتێکدا حەکیمەکە لەسەر قەرەوێلەی ژووڕەکە پاڵ کەوتبوو، دەستی وەکوو بڵندگۆ لێ کردبوو و هانی دەدا کارەکەی ئەنجام بدات، لۆمەی بەحر و ئەیووبی دەکرد.

کە جومانا تەواو بوو، هەستی بە ئارامبوونەوە دەکرد، لەسەر زەوییەکە دانیشت و دەستی وەکوو سەرین خستە ژێر سەری و گوتی:

– هەستم دەکرد ماوەیەکی زۆر کۆن دەبێت دەیناسم.

حەکیمەکە لەسەر قەرەوێلەکەی دانیشت، ئەوە تاکە شت بوو لە ماڵەکەیدا بە ساغی مابووەوە، گوتی:

– ڕەنگە لە دونیایەکی تردا بەر لە زەوی لەگەڵتدا بووبێت، لەبەر ئەوەیە بەو جۆرە هەست دەکەیت.

چونکە یەکەم جار بوو گوێی لەو قسانە ببێت، بۆیە گوتی:

– ئایا جیهانی ڕۆحەکانت پێشتر بیستووە؟

– نەخێر، بۆم باس بکە.

– جیهانێکه که ئەو کاتەی تەنیا ڕۆح بووین، لەوێدا دیداری یەکمان کردووە بەر لە هاتنمان بۆ زەوی.

لەو جیهانەدا هەندێک بەڵێن هەبووە لە نێوان ڕۆحەکاندا جومانا، کە هاتووینەتە زەوی هەر ڕۆحێک بە دوای ڕۆحێکی تردا گەڕاوە کە پەیمان و بەڵێنیان لە نێواندا هەبووە.

– مەبەستت ئەوەیە کە بەحر ئەو ڕۆحە بێت من پەیمانم لەگەڵیدا هەبووبێت؟

– دڵنیا نیم، بەڵام هۆکارێک هەیە کەوا ئێوەی بە یەکەوە بەستووەتەوە، هەستێک کە هێشتا پێت دەڵێت تۆ پێشتر دەیناسیت.

پاشان پێی گوت:

– پێدەچێت وا بێت، واتە پەیمانی نێوان ڕۆحەکان، ئەوە تاکە هۆکار بێت کە هەستی پێ دەکەم لەو بارەیەوە.

بە گاڵتەجاڕییەوە گوتی:

– پێدەچێت من و دایکت لە جیهانەکەی تریشدا دوژمنی سەرسەختی یەکتر بووبێتین.

– واتە هیچ شتێکت دەربارەی ئەو پەیمانانەمان بیر ناکەوێتەوە؟

– ڕەنگە خودا وای لێ کردبین لە بیرمان چووبێت بە هۆکارێکی دیاریکراو، بەڵام لە بەرانبەردا ڕێگەی بە ڕۆحمان داوە لە بیری بێت.

– بەڵام من لە زۆر شت دەترسم.

پاشان بیدەنگییەکە درێژەی کێشا، حەکیمەکە دەیزانی لە چی دەترسێت.

– هەریەک لە ئـێمە دێـوەزمەیەکی هەیە کە نـاتوانین ئەو دێوەزمەیە ببەزێنین، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لەگەڵ کەسێکی متمانەپێکراودا باسی دەکەین، ئایا متمانە بە من دەکەیت ئەی کچی ئیمپراتۆر؟

سەری لەقاند بە ئاماژەی بەڵێ و گوتی:

– کەواتە با دێوەکەت ببەزێنین.

هانی دا و ئەوەش وای کرد بڵێت:

– دەترسم ئەویشم لە دەست بچێت، لەبەر ئەوەی هەرچیم خۆش ویست لە دەستم دا.

تەنیا باسی مەیسەم و ڕەیحانەی هاوڕێی نەدەکرد، بەڵکوو باسی ئەساتیری براشیی دەکرد.

باسی وێناکردنی خۆیی بۆ ژیان دەکرد:

– ژیان هاوڕێکەم چیرۆکێکی گەورەیە کە خودای مەزن بە پێنووسی خـۆی نووسـیویەتی، هەمووماـن ڕۆڵێکمـان هەیە کە دەبێت ببینـین و کە تەواو بـووین، دەڕۆیـن و چیـرۆکەکە جـێ دەهێڵین.

جومانا لەو حیکمەتە ڕامابوو:

**ژیان چیرۆکێکی بەدەستنووسراوی خودایە و هەر لەبەر ئەوەش هەموومان ڕۆڵێکمان هەیە، کە تەواو بوو دەڕۆین و چیرۆکی ژیان بەجێ دەهێڵین.**

که بێدەنگییەکەی درێژەی خایاند، ئەمەشی گوت:

– دەی کەواتە لە چی دەترسیت؟

– ئەو ڕقی لە جنە، ئەوەندە بەس نییە، بەڵکوو کار لەگەڵ نابفیلیشدا دەکات ئەی خەکیم، ئەمەش مانای وایە ئەو لەگەڵ یەکەم دوژمنی ئیمپڕاتۆرەکاندایە، چۆن دەتوانم ئەوە پشتڕاست بکەمەوە کە خێزنەکەم لە ئاسایشدا دەبێت دوای ئەوەی بۆیان باس دەکەم؟

– ئەگەر متمانە بە شتێک بکەم و سەرکێشی بە ژیانی خۆمەوە بکەم، ئەگەر بێئومێدیشم بکات، ئەوا خۆم بەرپرسیاریەتییەکەی هەڵدەگرم، بەڵام ناتوانم وا لە خێزانەکەم بکەم هەموویان ئەو باجە بدەن، بۆیە باشترە چیرۆکەکە تەواو ببێت بەر لەوەی دەست پێ بکات.

کە تەواو بوو لە گێرانەوەی ترسەکەی، حەکیمەکە پێی گوت:

– ناکرێت بە هۆکاری بێمانا دوو دڵ لە یەک بکرێن.

– ئایا ئەم شتانە بێمانان؟

– لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ساڵەکان، تۆ لەو هۆکارانە تێدەگەیت کە تەنیا هۆکاری بێمانا بوون، بۆیە تاکە شت ئەوەیە فەرامۆشی بکەیت، بەڵام دەزانیت کەی خۆت بەنەفرەت دەکەیت؟

– کەی؟

– ئەو کاتەی چیتر پەشیمانی سوودی نییە.

– کەواتە بە چی ئامۆژگاریم دەکەیت؟

حەکـیم لە جێـی خـۆی قیـت بـووەوە، وەکـوو ئەوەی لە ئاسـمانەوە سروشـی بـۆ دابەزیبێـت، لەو سـاتەدا و بە تەواوی داهاتووی ئەو قوڕ و ئاگرەی هاوڕێی بزانێت.

بە دەنگی بەرزەوە هانی دەدا کە ئەم هانگاوە بگرێتە بەر:

– ئایا گرنگە بزانێت تۆ جنۆکەیت؟ خێزانەکەت ئیمپراتۆرن؟

– نەخێر نابێت پەیوەندییەکە بە درۆ دەست پێ بکات.

– هەمـوو کەس لێکـدانەوەی جیـاوازی هەیە، کەس ڕاسـتیی تەواوی ئـێمە نازانێـت، کەس بەشـە تاریکەکەمـان نابینێـت، کەس نازانێـت هەمـوو بەیـانییەک چـی لە مێشـکماندایە، ماسـک دوای ماسـک دەبەسـتین، تـاکوو ڕاسـتییەکانمان بشـارینەوە، هەمـووان ڕقیـان لە درۆیە، لە ڕاسـتیدا هەمـووان درۆ دەکەن، ئەگەر وا نەبووایە بەبێ درۆ هەمووان یەکیان لە دەست دەدا.

– مانای ئەوەیە ئامۆژگاریم دەکەیت کە درۆ بکەم؟

– بەڵێ. پێی مەڵێ کە جنۆکەیت.

پاشان درێژەی پێ دا:

– لەم جیهانەدا زۆر کەس دەمرن و نـاتوانن دووانەی ڕۆحـی خۆیـان بـدۆزنەوە، ئەگەر تـۆ ئەوەی خۆتـت دۆزیـیەوە، ئەوا هەرگیز لە دەستی مەدە، بەڵکوو لە پێناویدا بجەنگە.

## ٦

هەر کە جومانا گەیشتە ئەشکەوتەکە، کاتژمێرێک دەبوو ڕۆژ هەڵهاتبوو، بۆیە جومانا کەسی نەدیتەوە و ڕاستەوخۆ ڕۆیشت.

ویستی کرداری گواستنەوەی خێرا ئەنجام بدات، بەڵام ترسا لەوەی ئەنجامی بدات، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە بۆ بەحر ئاشکرا دەبوو کە مرۆڤ نییە، ئەگەر تاغین و دار و دەستەکەی لەوێ بن ئەو کات دەکرێت ئازاری بدەن، هەر زوو پەشیمان بوویەوە لە بڕیارەکەی، ئێستا بەحر ڕۆیشتبوو و نەیدەزانی ئاخۆ دەگەڕێتەوە یاخود هەرگیز ناگەڕێتەوە، لەو کاتە دا دەنگێک لە دوایەوە هات:

– دڵنیا بووم کە دەگەڕێیتەوە.

**کە ئاوڕی دایەوە، دڵنیا بوو کە ئەوە ئەو ڕۆحەیە پەیمانی لەگەڵیدا هەیە، لە ناخی خۆیدا گوتی:**

– دڵی منیش تۆی دەوێت.

زۆر ئافرەتی تری لە ژیانیدا بینیبوون، بەڵام هەر ئافرەتێک وەکوو پیتێک دێڕێک لە هۆنراوە وەهابوو، تەنیا ئەم نەبێت کە هۆنراوەیەکی کامڵ بوو.

بەڵام لەبەر ئەوەی باشەی ئەوی دەویست، بۆیە لە خودی خۆی ئاگاداری کردەوە:

– مـــن پیـــاوێکی خـــراپم جومانـــا، خەڵکـــم کوشـــتووە، ســـووتاندنووە، وێرانکـاریم کـردووە و زۆر خەڵکـی بێتـاوانم بە بێبەزەیی ئازار داوە، من ئەو پیاوەم کە دڵنیام دۆزەخ چـاوەڕێمە و شەیتان خۆی بەخێرهاتنم دەکات.

ئەگەر خـۆم کچـێکم هەبـووایە هەرگیـز نەمـدەدا بە کەسـێکی وەکوو خۆم.

– ئەم قسانە بۆیە دەکەیت خۆت لە من دوور بخەیتەوە.

– بەڵکـــوو دەمەوێیـــت، بەڵام دەمەوێـــت بیـــر لە بـــابەتەکە بکەیتەوە.

بـــاوەڕی بەوە هەبـــوو هەمـــوو دڵێکـــی خـــراپ شـــایەنی چـاکبوونەوەیە ئەگەر دەرفەتـی دووەم و متمـانەی پـێ بـدرێت، بۆیە پێی گوت:

– ژیانم لەم ساتەوە لەگەڵ تۆدا دەست پێ دەکات، بـا واز لە ڕابردووت بهێنین.

پاشان ئەم داواکارییەی لێ کرد:

– بـا نەگەڕێیـنەوە بـۆ دواوە، چـونکە هەرچەنـدی لێـی ورد ببینەوە هەڵەیەک دەدۆزینەوە.

بەو جۆرە بـارگرانیی سەرشـانیی کەم کردەوە، بەڵێنی پێ دا کە چیتر نەگەڕێتەوە بۆ کارکردن لەگەڵ جاسوومدا و ئەو بەڵێنە بۆ هەردووکیان مایەی چاکە بوو.

## ٧

هەردووکیان بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو لە نێو ئەشکەوتەکەدا ژیان و لەو ساڵەدا هەردووکیان توانییان لە یەکتر تێبگەن و لەو بۆشاییە زۆرە حاڵی ببن کە لە ڕابردوودا بەبێ یەک تێیدا بوون.

یەکێک لەو شتانەی کە بەحر لە خۆیدا هەستی پێ کردبوو ئەوە بوو کە ئارەزووی بیستنی چیرۆکی هەبوو، باوەڕێکی زۆریشی بەو قسەیە هەبوو کە لە کۆتایی هەموو چیرۆکێکدا جومانا پێی دەگوت:

– لە بیرت بێت خودای گەورە هەموو کات وەڵامی نزاکەر دەداتەوە.

ئەو ڕستەیە کاریگەریی کردبووە سەر ئەقڵی نائاگایی و وای لێ کردبوو هەموو کات پرسیاری لێ دەکرد:

– هەر نزایەک بێت؟

ئەویش بە زەردەخەنەوە دەیگوت:

– بەڵێ هەر نزایەک بێت...

ئەو شتانەی جومانا بۆی دەر کەوتبوون لە ماوەی ئەو ساڵەدا دەربارەی بەحر ئەوە بوو ژیانی ڕابردووی پڕ بوو لە

خـوێن و کوشـتن، بەڵام خولیـای وێنەکێشـانی هەبـوو، بـۆیە جارێکیان پێی گوت:

– با لێهاتوویيەکانت ببینم.

ئەویش پێی گوت:

**– دەتوانم داهاتوومت بۆ بکێشم و تۆش ببینیت.**

تـاکوو دوای کاتژمێرێـک لە تەواوبـوونی وێنەکێشـانەکەی نەیزانی مەبەستی چییە، وێنەکەی دایە دەستی.

لە ڕاستیدا ئەو بە ئەنقەست ئەو قسەیەی نەکرد، بەڵکوو ئەوە ئەو پەیامەی دەگەیاند کە پێی بڵێت ئەوە ئەو کچەیە کە دەیەوێت داهاتووی لەگەڵدا بونیاد بنێت.

دوای تێپەڕبوونی بۆ شەوە کە مانگ بەسەر ئاسمانی ئەبابیلەوە دەدرەوشایەوە، بە جۆرێک ڕووناکییەکەی هاتبوویە نێو ئەشکەوتەکە، بەحر گوتی:

– جومانا لە ژیانمدا کاری زۆر خراپم کردووە، بەڵام هەرگیز بیرم لەوە نەکردووەتەوە بەو ڕادەیە نەمویستووە بیکەم بە دۆزەخ و هاوسەرگری بکەم.

ئەویش وەکوو هاوسەرێکی تووڕە پێی گوت:

– کەواتە بۆچی دەتەوێت هاوسەرگریم لەگەڵدا بکەیت لە کاتێکدا کە بە خراپی دەزانیت؟

– لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێیت.

پاشان گوتی:

**– من یاخیم لە هەموو شتێک، بمخە دۆزەخەکەتەوە.**

**

ئەو شەوە داوای هاوسەرگریی لە جومانا کرد، دوای بیرکردنەوەی زۆر بڕیاری دا، لە ڕاستیدا پێی نەگوتبوو کە بیرکردنەوەکەی دوا بخات، لەبەر ئەوەی دەیزانی قایل دەبێت،

بەڵام هەندێک کاتی دەویست تاکوو بە خێزانەکەی ڕابگەیەنێت و هەموو گەورەکانی خێزانی ئیمپراتۆر کۆ بکاتەوە.

## ٨

لە ڕۆژی دواتردا کە چراکان هەمووی کارا کران، خێزانی ئیمپراتۆر ئاگادار کرانەوە کە لە دارستانەکەدا کۆبوونەوەیەکی بە پەلە هەیە، ئەویش ئەوەیە کچە شازادەکەیان پەیوەندیی لەگەڵ مرۆڤێکدا هەیە.

ئەوە یەکەمین جار بوو دوای ئەو هەموو ساڵەی خێزانەکە هاتبوونە نێو دارستانە تاریکەکە شتێکی لەو جۆرە ڕوو بدات.

ئەو ڕۆژە جەبار و گەورانی ئیمپراتۆر لە دەوری بەردە ڕەشەکە کۆ بوونەوە و هەموو چاوەکان لەسەر جومانا بوون کە لە بەرانبەریان لەوبەر مێزەکەدا وەستابوو، وەکوو ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن.

جەبار پرسیاری لێ کرد:

– ئایا دەزانیت هاوسەرگریکردنت لەگەڵ ئەو لەقوڕدروستکراوە...

قسەکەی بە باوکی بڕی:

– ئەو ناوی هەیە باوکە، ناوی بەحرە.

ئەو قسە بڕینە وای کرد کە تاکەکانی ئیمپراتۆر لە نێو خۆیاندا بکەونە مشتومڕ چۆن دەکرێت ئەو کچە بەو جۆرە قسە

به جەبار ببڕێت، بە تایبەت کە باوکیەتی. جەبار بە دەستە گەورەکانی زرمەی لە بەردەکە هەستاند:

– بێدەنگی بەڕێزان.

پاشان بەردوام بوو:

– ئایا دەزانیت هاوسەرگریکردنت لەگەڵ بەحردا دەبێتە هۆی لەدەستدانی وزەی ئاگرت، چاوە سوورەکانت بۆ هەمیشە دەکوژێنەوە و ناتوانیت جارێکی تر...

– وەکوو مرۆڤەکان بێدەسەلات دەبم، بەڵێ، خۆم هەموو ئەمانە دەزانم باوکە.

– ئەی دەزانیت بڕیارێکی وەها منداڵەکانیشت لە وزەی ئاگر بێبەش دەکات؟

دانی پێدا نا کە دەیزانێت:

– نامەوێت ئەوان ئەوەیان دەست بکەوێت.

پاشان دریژەی پێ دا:

– ئەگەر ڕۆژێک خودا منداڵێکی پێ بەخشیم، تەواوی هەوڵی خۆم دەدەم ئەو نهێنییەی لێ بشارمەوە کە نابێت هەرگیز وزەکەی بەکار بهێنێت.

ورتەورت لە نێوان گەورەپیاوانی خێزانەکەدا بەرز بووەوە کە گوێیان لەو قسەیە بوو، جەبار دووبارە زرمەی لە بەردەکە هەستاد و پێی گوتن:

– بێدەنگ بن بەڕێزان، با تێبگەین بۆچی نایەوێت منداڵەکانی ئەو وزەییەیان هەبێت.

دوای ئەوەی هەمووان بێدەنگ بوون، بەردەوام بوو:

– ئەگەر منداڵەکانم ئەو وزەیەیان هەبێت و بەکاری بهێنن، دەبنە جێگومانی هاوسەرەکەم، ئەو کاتە بارودۆخی من دەکەوێتە مەترسییەوە.

جەبار سەرسام بوو و پرسیی:

– واتای ئەوەیە تۆ ڕاستیی خۆتت لە بەحر شاردووەتەوە و پێت نەگوتووە کە جنۆکەیت؟

– ئەو ڕقی لە جنە و دەترسم ئەگەر بە ڕاستییەکە بزانێت وەدەرم بنێت.

لێرەدا تاج خۆی هەڵقورتاند لە قسەکاندا:

– ئایا دەزانیت هەی گەمژە هاوسەرگریت لەگەڵ ئەو لەقوردروستکراوە...

– بەحر...

قسەکەی بە دایکی بڕی: «ناوی بەحرە دایکە!»

– بەنەفرەت بێت جومانا.

لێی تووڕە بوو:

– ئایا دەزانیت هاوسەرگریکردنت لەگەڵ ئەودا واتای وازهێنانتە لە خێزانەکەت؟

– ئەو کاتی بەحر دەبێتە خێزانی من، ئێمە پێکەوە خێزانێک پێک دەهێنین.

تاج لەبەر مەرامە پیسەکانی پرسیارێکی لێ کرد وەکوو ئەوە وا بوو لە شاخێکی بەرزەوە فڕێی بدەنە خوارێ:

– ئایا باوکت دەزانێت بەحر کێیە؟ دەی تەماشای چاوی بکە و پێی بڵێ کێیە.

بە خێرایی قسەکانی سەرنجی جەباری بۆ کچەکەی ڕاکێشا و پرسیی:

– ئایا شتێک هەیە من نەیزانم؟

نەیدەتوانی ئەو ڕاستییە بشارێتەوە، بۆیە وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، بەحر لە ڕابردوودا کاری لەگەڵ جاسوومدا دەکرد.

جەبار چاوەکانی دەرپەڕین، لەبەر ئەوەی تەواوی گەورەپیاوانی ئیمپڕاتۆریش حەپەسابوون لەو هەموو ڕووداوە یەک لە دوای یەکە، تاج زانیارییەکی تریشی پێ دان کە کچەکەی نەیگوتبوو:

– بەڵکوو یەکێک بوو لە گەورەبەرپرسانی ڕێکخراوی جاسووم.

جومانا بەرگریی لێ کرد:

– پێی گوتم کە پەشیمانە دایکە و بەڵێنیشی پێ داوم کە چیتر کاریان لەگەڵدا نەکات.

پاشان بە سەرسەختییەوە گوتی:

– من متمانەم پێیەتی و هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەم.

– هەرگیز باوەڕ بە بەڵێنی پیاو مەکە.

تاج وای گوت و ڕووی لە هاوسەرەکەی کرد:

– شتێک بڵێ، بۆچی وا وەستاویت، چۆن ڕێگە بە کچەکەت دەدەیت خۆی بخاتە نێو کێشەیەکی وەهاوە.

بە حەسرەتەوە گوتی:

– ئەوەندە بەس نییە کوڕەکەمان بەر لە چەندان ساڵ لە دەست دا و ئێستاش بێسەروشوێنە؟

جەبار بەو بارودۆخە قایل نەبوو کە تاجیان لەگەڵدایە:

– بەسە!

تاج پێداگر بوو لەسەر قسەکانی:

– ئایا ڕێگە بە کچەکەت دەدەیت هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا بکات بەبێ ئەوەی هیچ کارێک بکەت؟

جومانا ئارامیی لێ برا:

– پێم گوتیت کە ناوی هەیە دایکە.

– تۆ بێدەنگ بە.

تاج هاواری بە ڕووداکرد:

– پێی وایە کە من و باوکت دەستەوەستان دەوەستین بەرانبەر ئەوەی ئەنجامی دەدەیت.

جەبار سێبارە زرمەی لە بەردە ڕەشەکە هەستاند تاکوو تاج بێدەنگ بکات و هەموو جنەکان ڕوویان لە جەبار بوو، هەناسەیان لێ بڕابوو و چاوەڕێی بڕیاری ئەو بوون بەبێ چەندوچۆن:

– هەمومان ڕێز لەو بڕیارە دەگرین کە جومانا دەیدات، لەبەر ئەوەی هیچ زیان بە ئەندامانی خێزانەکەمان ناگەیەنێت.

پاشان:

– بە هاوسەرگری لەگەڵ ئەوەدا بکات کە پێی خۆشە، بەو جۆرە بڕی کە پێی ڕاستە، بەڵام لەمڕۆ بەدواوە بەپێی یاساکانی خێزانەکە چیتر جومانا یەکێک نییە لە ئێمە، وازی لەوە هێنا کە لە ئێمە بێت لەبەر مرۆڤێک.

تاج هەوڵی دا لە بڕیارەکەی پاشگەزی بکاتەوە:

– ئەو بەرژەوەندیی خۆی...

جەبار قسەکانی پێ بڕی و بە تووڕەییەوە لێی دەڕوانی:

– تۆ بێدەنگ بە هەی نەفرەتی.

دڵتەنگیەکەی وای لێ کرد لە جێی خۆی ون ببێت بەبێ ئەوەی قسەی تر بکات.

جەبار لە جێی خۆی هەستایەوە و گوتی:

– لەم دارستانە دەڕۆین، جارێکی تر ئیمپراتۆرەکان لە نزیک مرۆڤ ناڕینەوە، هێندەی لە دەستمان داوە بەسە. جێیەکی تر بۆ خۆمان دەدۆزینەوە و خۆمانی لێ دەشارینەوە، لێرەدا کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

**

هەموان ڕۆیشتن دوای ئەو قسانە، جگە لە پێنج کەس نەبێت وەکوو شاهیدێک بەسەر جێبەجێکردنی یاساکانەوە ئەوانیش، **تارای ماری کوبرای جن، وەزیرە خەیزەران و سێ گەورەبەرپرسی تری خێزانەکە.**

**

وەزیرە خەیزەران لێی نزیک بووەوە و گوتی:

– ئایا تۆ ئامادەیت بۆ ئەوەی دواتر ڕوو دەدات؟

دوای ئەوەی بە ڕوونی دڵتەنگی بە ڕوخساری جومانەوە دەبینرا، لەبەر ئەوەی بارودۆخەکە بۆ ئەو سەخت بوو، لە خێزانەکە دەر کرابوو و هێزەکەشی واز لێ هێنابوو، بەڵام ئەو ئافرەت بوو، ئافرەت وەکوو ئاو وەهایە، کاتێک کۆ دەبێتەوە و لافاو هەڵدەستێنێت، هەموو ئەوەی کە دێتە بەردەمی لەناوی دەبات.

– کەی دەگات؟

– ناردوومانە بە شوێنیدا، کەمێکی تر دەگات.

کاتێکی زۆری نەبرد تاکوو ئەو ئافرەتەی چاوەڕێی بوون، گەیشت.

ئـافرەتەکە کەمێـک بەتەمەن بـوو، بـاڵایەکی بەرزی لاوازی هەبـوو و هێشـتا جـوانی بە ڕوخسـاریەوە دەبینـرا، دوو چـاوی زەیتوونیی هەبوون و لەگەڵ ئەوەشدا خاڵێک لەسـەر ڕوخسـاری بوو کە ناوی سەربیلی فاڵچیی مەملەکەتی ئەبابیل بوو.

فاڵچییەکە لە جومانا نزیک بووەوە و پێی گوت بەبێ ئەوەی هیچ گوێی لە قسەکانی بووبێت:

– کێشە نییە کچەکەم، چاکت کرد بەهانای دڵتەوە چوویت.

پاشان لەسـەر زەوییەکە بە پەنجە بازنەیەکی کێشا و گوتی:

– لە نێو بازنەکەدا دابنیشە.

جومانا وەکوو ئەوەی فاڵچییەکە داوای لێ کرد، دانیشتبوو.

فاڵچییەکە لە بەردەمیدا وەستا و هەندێک وێردی خوێند:

**ئەی سەرداری گەورە و ئازا... بەوەی کە بە منت بەخشیوە، داوا دەکەم بۆم جێبەجێ بکە... لە خاکی ئێوەوە بۆ خاکی ئێمە بنێرە.**

چەند جارێک دووبارەی دەکردەوە هەتاکوو زەوییەکە شـەق بـوو و سـێ سـەری سـووری گەورەی لـێ هـاتنە دەرەوە کە لە

کـوولەکە دەچـوون، ئەوانە سـێ خزمەتکـاری جـن بـوون کە هاتبوون بەدەم بانگکردنەکەوە.

هەرسـێکیان هـاتنە نێـو زەویـیەکە و بە دەوری جومانـادا دەخـولانەوە و جەسـتەیان بـا دەدا وەکـوو سـەگی هـار، هەندێک زەنگۆڵەشـیان بە لەشـیانەوە بەسـتبوو، ئەم وێردەیـان دووبـارە دەکردەوە:

**لە خاکی خۆمانەوە بۆ خاکی ئێوە هاتووین،**
**فەرمایشتەکەتان جێبەجێ بکەین.**

ئەم دە وشەیەیان دووبارە دەکردەوە هەتاکوو ئەو هێڵەی بە دەوری جومانـادا کێشـرابوو، ڕەنـگەکەی گـۆڕا بـۆ شـینی دڕەوشاوە.

دوای چەنـد سـاتێک وەکـوو ئـارەقە بە جەسـتەیدا دەهـاتە خـوارەوە، دواتـر جەسـتەی ڕووناکییەکی بەهێـزی دەر کـرد و پاشان ڕووناکەییەکە کوژایەوە.

هەرسـێ جنـۆکە خزمەتکـارەکە گەڕانەوە ئەو جێـیەی لێـوەی هـاتبوون و فـاڵچییە سـەربیل لە جێـی خـۆی هەسـتایەوە و هەواڵەکەی ڕاگەیاند:

– هێزەکە لە جەستەی شازادەکەتان دەر کرا.

وەزیرە خەیزەران ڕستەی پێشووی بۆ ڕاست کردەوە:

– ئەم کچە چیتر شازادەی ئێمە نییە.

سەربیلی فاڵچی پێکەنین گرتی، پشتی هەڵکرد و ڕۆیشت.

جومانا هەستی بە لەشگرانی و قورسی دەکرد، هەستی بە لاوازی دەکرد، بە جۆرێک کە وەکوو مێرووێەکی بچووک لە نێو پەرداخێک ئاودا نوقم بووە.

ئەوانەی دەوروبەری بە ڕقەوە و بەبێ بەزەیی تەماشایان دەکرد، جگە لە تارا. هەرچەندی کارەکە تەواو بوو، بەڵام کارێک مابوو کە گەورەکان و وەزیرە چاوەڕێ بوون مارەکە ئەنجامی بدات.

لێیان نزیک بووەوە و پاشان جەستەی لووڵ دا و جومانا پرسیاری لی کرد:

– چی دەکەیت تارا؟

– دەتبەمە دەرەوەی دارستانە تاریکەکە، چیتر مافی ئەوەت نییە لێرەدا بمێنیتەوە.

جومانا داوای شتێکی تری لی کرد:

– دەمەوێت کۆتا ماڵئاوایی لە باوکم بکەم.

وەزیرە خەیزەران وەڵامی دایەوە:

– چیتر یەکێک نیت لە خێزانەکە، جەباریش باوکت نییە.

جومانا وەکوو منداڵێک کە لە بازاڕ خێزانەکەی لێ ون بووە، دڵتەنگ بوو، هێزی جنۆکەی لە دەست دا، بەڵام دڵی پێی دەگات کە باوکی لە لا نییە، بۆیە فرمێسکی تکا لە چاوەکایدا هاتنە خوارەوە.

– ئایا بۆ کۆتا جار لە ئامیزت نەگرم؟

باوکی نەهاتە دەرەوە، بە دەنگێکی پڕگریانەوە گوتی:

**– دەمەوێت تەنیا مالئاواییت لێ بکەم.**

بەڵام دەنگی هێندە نزم بوو زۆر نەڕۆیشت لەگەڵ ئەوەی پڕ بە قورگی هاواری دەکرد.

– ئایا ئەو کچە لە ئامیز ناگریت کە پێت گوت کەست وەک ئەو خۆش نەویستووە؟

وەزیرە خەیزەران دووبارە فەرمانی بە جنۆکە مارە کوبراکە کرەوە:

– بیبە دەرەوەی دارستانەکە.

گوتی:

– وەکوو بێگانەیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت، بیکوژە ئەگەر ویستی بێتەوە ژوورەوە.

تارا هیچ چارەیەکی تری لە بەردەست دا نەبوو جگە لە جیبەجێکردنی داواکاریی سەروو خۆی، لوولی کرد بەرەو دەرەوەی دارستانەکە، لەوێدا پێی گوت:

– خودات لەگەڵ بێت.

جومانا هەوڵی دا هێزەکەی بەکار بهێنێت و بچێتە ژوورەوە، بەڵام هێزە تازەکەی هێندە نەبوو تاکوو بتوانێت هەستێتەوە لە جێی خۆی، کەوت و تارا بە تکاوە پێی گوت:

– تکایە بڕۆ خاتوونی شازادە.

– ئیتر من شازادە نیم تارا.

– بەڵکـــوو هەمیشـــە بە شـــازادەی مـــن و هـــاورێی مـــن دەمێنیتەوە، ئەگەر کەسێک هەوڵی ئازاردانت بدات هەرگیز پشتت بەر نـادەم، بە هەمـوو هێزمەوە پارێزگاریت لێ دەکەم، دەزانیت بۆ؟

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی هەر کەس ئـازاری هـاوڕێکەم بـدات دوژمنـی منە، **ئەوە یاسای هاوڕێیەتییە.**

جومانـا لە جێی خـۆی هەسـتایەوە و لە ڕوخسـاری مـارەکە نزیـک بـووەوە، بەو جـۆرە مانّئـاوایی لـێ کـرد و سوپاسـی هاوڕێیەتییەکەی کرد، پاشـان بەر لەوەی بڕوات ڕستەی کۆتـایی بە باوکی گوت:

– ئەگەر گوێت لە دەنگم بـوو تکایە وەرە دەرەوە، دەمەوێت تەنیا مانّئاواییت لێ بکەم.

بەڵام جەبـار دەر نەکەوت، بـۆیە هەسـتی کـرد بـۆ هەمیشـە وازی لێ هێناوە، پشتی هەڵکرد و ڕۆیشت، دەیزانی کە بـاوکی بە چاوی پر خەمەوە لە نێو دارستانەکەدا چاودێریی دەکات.

***

نەیدەویست بەم بارودۆخەوە بچێت بـۆ ئەشکەوتەکە و چیتر هێـزی جنیشـی نەمـابوو تـاکوو بتوانێـت خـۆی ون بکـات لە بەرچاوان، بـۆیە دەکرا زیـانی پـێ بگـات لە لایەن دز و جەردە و

دێوەکانەوە، بۆیە چوو بۆ ماڵەکەی دایکی، بەڵام هەر کە نزیک بووەوە گوێی لە دەنگێکی ترسناک بوو لە ماڵەکەوە دەهات کە باڵندەیەکی ڕەنگسوور بوو، ئاگاداری دەکردەوە لەوەی زیاتر نزیک نەبێتەوە.

ویستی بڕوات، بەڵام دەرگاکە کرایەوە و دەنگی دایکیی بیست:

– چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە؟

– دەتوانم تەنیا یەک شەو لات بمێنمەوە؟

لەگەڵ ئەوەی تاج لێی زوێر بوو، بەڵام هێشتا قایل بوو:

– دەتوانیت هەرچەندی بتەوێت لای دایکت بمێنیتەوە.

سەری بەرز کردەوە و بە باڵندەکەی گوت:

– ئیکلیل ڕێگەی پێ بدە بێتە ژوورەوە.

**

ڕۆژی دواتر، تاج پێی گوت کە هەموو ئەندامانی خێزانی ئیمپراتۆر دارستانەکەیان جێ هێشتووە و تەنیا تارا ماوەتەوە بۆ چاودێریکردنی دارستانەکە.

– بۆچی تۆش لەگەڵیاندا نەڕۆیشتوویت؟

– من لێرە دەمێنمەوە تاکوو لێت نزیک بم.

جومانا ئاگاداری کردەوە:

– بەحر دەزانێت کە تۆ جنۆکەیت، بۆیە ناتوانم پارێزگاریێت لێ بکەم، ناتوانم سەردانت بکەم یان پێشوازیت لێ بکەم یاخود بە دایکە بانگت بکەم.

– ئەوەندە بەسە هەمان هەوا هەڵبمژم کە تۆ هەڵی دەمژیت کچەکەم.

دواتر تاکوو تاج نیەتباشیی خۆی بۆ دەر بخات و پێی بڵێت کە لە داهاتوودا تووشی کێشەی زیاتری ناکات، کتێبێکی پێ دا کە لەسەری وشەی تەرجەمان هەڵگۆڵرابوو.

– ئەمە ئەو کتێبەیە کە باسی قیامەتی سەبە(سبأ) دەکات، بیبە و بیدە بە حەکیمەکە وەکوو داوای کردبوو.

– بۆچی وا دەکەیت؟

– لەبەر ئەوەی شانسی دووەمم دەوێت.

– پێم گوتیت کە من ناتوا...

– نامەوێت دانی پێدا بنێیت، تەنیا ئەوەندە بەسە ڕقت لێم نەبێت.

– ئەی حەکیم؟

– چیەتی؟

– ئازاری نادەیت، وایە؟

– زمانی دریژە کچەکەم، زۆر شتی دەربارەمان زانیوە.

– کەواتە هەرگیز شانسی دووەمت نادەمێ هەتاکوو لێی دوور نەکەوێتەوە.

**

تـــاج ژوورەکەی جـــێ هێشـــت و چـــووە ئەو ژوورەی کە جومانـــای تێـــدا دەمـــایەوە، دواتـــر لە ژێـــر ســـەرینەکەدا ئامۆژگارییەکی بۆ جێ هێشت:

**کچەکەم دەبینم وەکوو شێت پەیوەستیت بەم کوڕەوە، لەبەر ئەوە ئامۆژگاریت دەکەم هەرگیز هۆگری کەس نەبیت، لەبەر ئەوەی خۆشەویستیی دووانەی مردنێکی لەسەرخۆیە.**

بەڵام جومانا بەم جۆرە وەڵامی دابووەوە:

**کچەکەت گەورە دەبێت دایکە، باشترە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.**

## ١٠

جومانا بەرەو ماڵی حەکیمەکە ڕۆیشت و لە دەرگای دا، کە درگاکەی لێ کردەوە پێی گوت:

– ئەم جارە لێت تووڕە نیم، بەڵام چیتر ناتوانم وەکوو پێشتر لە دەرگاکەوە بێمە ژوورەوە.

حەکیمەکە چووە ژوورەوە، کە هاتەوە لەگەڵ دەستیدا داسێکی پێ بوو، دەرگای ماڵەکەی لەبەر ئەو لێ کردەوە و گوتی:

– ئەم جارە کە هاتیتەوە دەرگا لە بەردەمتدا نابێت، بۆیە ڕاستەوخۆ دێیتە ژوورەوە.

زەردەخەنەیەکی کرد و کتێبەکەی بۆ درێژ کرد:

– پابەند بووم بە بەڵێنەکەمەوە.

کتێبەکەی برد و بە جۆرێک بە دەستییەوە بوو وەکوو شتێکی گرنگ بێت، بە دەستەکەی دیکەشی داسەکەی پێ بوو و پرسیی:

– ئەو قوتووە چییە بە دەستتەوە؟

– ئایا ژەهرە؟

– ئەوە دەرمانی لەبیربەرەوەیە.

– ئایا وام لێ دەکات هەموو یادەوەریم لە دەست بدەم؟

– نەخێر تەنیا ئەم یادەورانەی بەم دواییانە ڕوویان داوە.

– تەنانەت تۆیش؟

– بەڵێ منیش؟

– بەڵام تۆ تاکە هاوڕێی منیت، نامەوێت لە دەستت بدەم.

– هاوڕێکەت چیتر وزەی ئەوەی نەماوە پارێزگاریت لێ بکات و لەگەڵ دایکمدا گەیشتووینەتە ئەو ڕێککەوتنەی کە ئەگەر تۆ ئەوە بخۆیتەوە، ئەوا ناتکوژێت.

– ئایا ناتوانیت درۆی لەگەڵدا بکەیت؟

– نەخێر لەبەر ئەوەی ئێستا لە جێیەکەوە چاودێریمان دەکات تاکوو دڵنیا بێتەوە.

پاشان قوتووەکەی بۆ درێژ کرد:

– تکایە بیخۆرەوە، نامەوێت تووشی هیچ خراپەیەک ببیت.

حەکیمەکە بە دەستی چەپی ئاماژەیەکی ناشرینی کرد و گوتی:

– لەبەر تۆیە تاج.

پاشان بە دەستی ڕاستی پەردا‌خەکەی بەرز کردەوە و گوتی:

– ئەمەش لەبەر تۆیە جومانای هاوڕێم.

تەواوی خواردنەوەکەی خواردەوە.

خواردنەوەکە تاڵ بوو، وەکوو گۆرەویی کۆن، بەڵام پێویستی بە هەندێک کات بوو تاکوو کاریگەریی دەر بکەوێت، حەکیمەکە کەوت بە زەویدا و ئارەقەیەک لە جەستەی دەهاتە خوارەوە.

جومانا لە پاڵیدا دانیشت و گوتی من و تۆ تەنیا هاوڕێ نین، بەڵکوو هیلایەکین(هیلا)؟ سەری حەکیمی خستە سەر ڕانی و چپاندی بە گوێیدا:

– ڕەنگە دوای کەمێک منت لە بیر بچێتەوە، بەڵام هەرگیز ڕۆحت منی بیر ناچێت، زۆر شتت لەبارەوە دەزانم، بەڵام ناوی ڕاستیت نازانم؟

هەناسەکانی خێرا بوون و گوتی:

– بەڵێنم پێ دەدەیت بە کەسی نەڵێیت؟

پێی سەیر بوو بەوەی کە بەو جۆرە نایەوێت ناوەکەی بڵێت، بەڵام گوتی:

– بەڵێن بێت.

دایکم سوێندی خواردبوو کە ناوم بە ناوی دایکییەوە بنێت، بەڵام منی بوو نەوەک کچ، لەگەڵ ئەوەشدا ناوەکەیان لێ نام.

– ناوتیان نا چی؟

– سولاف.

پاشان:

– بەڵام وەک پێم گویت بە کەس مەڵێ.

جومانا لەو کاتەدا زانیی کە بۆچی وەهایە، جارێکیان پێی گوت:

– پێبکەنە، لەبەر ئەوەی خودای گەورە ئەو کەسانەی خۆش دەوێن کە پێدەکەنن.

بەو دیمەنە پێکەنی و پاشان چاوی داخست لە دەنگی قاقاکەیدا.

**

دوای نیو کاتژمێرێک بەئاگا هاتەوە و دیتی کەسی لێ نییە، هیچی بیر نەدەکەوتەوە و ئەوەی بیر بوو کە ئافرەتێک لە دەرگای دابوو، ئەمیش گوتبووی:

**پێدەچێت تۆ کچی مانگا بیت، لەبەر ئەوەی پەنیرێکی وەک تۆی بووە.**

بەڵام دواتر هیچ شتێکی لە ڕوخساری بیر نەدەهاتەوە، کە دیتی دەرگاکەی شکاوە، لەبەرخۆیەوە گوتی:

– دەستی بشکێ، ئەوەی دەرگاکەمی شکاند.

پاشان کتێبەکەی برد و گوتی:

– باشترە دارتاشێک بهێنم چاکی بکاتەوە.

## ١١

لە نێو ئەشکەوتە چۆڵەکەدا هەردوو هاوڕێکە بەرانبەر یەکتر دانیشتبوون و گفتوگۆیەکی جددییان دەکرد:

بەحر: «بەڵام من بەڵێنم پێی دا کە نەگەڕێمەوە بۆ ڕێخراوەکە.»

– بەڵام دەتوانیت بەڵێنی ئەوەی پێ بدەیت کە جاسووم نایەن بۆت؟

– مەبەستت چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە ئەوان وازمان لێ ناهێنن، بەحر تۆ ئەوە بە باشی دەزانیت.

– سااڵێک تێپەر بووە، بەڵام دەر نەکەوتوون.

– خۆی ئەمە ترسناکترە.

بە تووڕەییەوە گوتی:

– بۆچی لە سەرەتاوە قسەت نەکرد ئەیووب، بۆچی ئێستا ئەمەم پێ دەڵێیت؟

ئەیووب پێی وا نەبوو پەیوەندییەکە هێندە جددی دەبێت و دەگاتە هاوسەرگری، بۆیە هیچ ئامۆژگارییەکی هاوڕێکەیی نەکردبوو.

بەحر لە بڕیاردانیدا کەمێک دوودڵ بوو، ئەیووب ڕاستییەکی بۆ ئاشکرا کرد کە بەحر دەیزانی، بەڵام خۆی لێ گێل دەکرد:

– هەرچەندی پێت وا بێت کە وازت لە ڕابردووت هێناوە، بەڵام وەکوو سێبەر هەر بە دواتەوەیە هاوڕێکەم، تۆ ئەو ئافرەتەت خۆش دەوێت، وەکوو خۆت وتت تکایە مەیخە نێو کێشەکانی خۆتەوە.

ئەیووب ڕاستی دەکرد، ئەوەش وای کرد کە بەحر بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە:

– با بڕۆین.

– بۆ کوێ دەچیت؟ ناتەوێت مااڵئاوایی لێ بکەیت بەر لەوەی بڕۆیت؟

– گوتی کە بیر لە هاوسەرگرییەکە دەکاتەوە، نازانم ئایا کە دەگەڕێتەوە ڕازیە یاخود ڕەتی دەکاتەوە، بەڵام لە هەردوو بارودۆخەکەدا باشترە گوێم لە وەاڵمەکەی نەبێت، هەردووکیان ویستیان بڕۆن، بەڵام بەر لەوەی بڕۆن جومانا گەڕایەوە.

هیوا لە دڵیدا جێگیر بوو، دڵخۆش بوو و لە دەنگیدا هەستت پێ دەکرد، گوتی:

– من ڕازیم.

دڵخۆش بوو بەوەی گەڕاوەتەوە، وەکوو ئەوەی بەحر ئەو شارە بێت کە ناتوانێت دەرگا و دەروازەکانی بە ڕوویدا دابخات.

نەیدەتوانی هەڵبخەڵەتێنێت و نەیدەتوانی ڕاستییەکەشی پێ بڵێت کە دەیەوێت بڕوات، وەکوو خۆرێک وەها بوو کە لە

کۆتـایی تونێلێکدا دەر دەکەوێت، هەر بـۆیە وازی لە ترسـەکەی نێو تاریکییەکە هێنا و بەرەو خۆرەکە چوو و لە ئامێزی گرت.

ئەیـــووب هەســـتی بە هـــیچ نەدەکـــرد لەبەر ئامۆژگـــاریی هاوڕێکەی، لەبەر ئەوەی دەیزانی لە کۆتایی ڕێگەکەدا هـاوڕێکەی ئامۆژگـارییەکە تێک دەدات، بەبـێ ئەوەی ڕەتـی بکـاتەوە یـاخود پێی قایل ببێت.

دەیزانی لە هەمـان کاتدا ئەو بڕیـارەی کە دەیـدات، بە تەواوی لە دژی ئەو ویست و ئارەزووەیەی کە ئێستا هەیەتی.

بۆیە بەرەو لایان چوو و گوتی:

– هاوسەرگریتان پیرۆز بێت.

پاشان گوتی:

– خۆزگە پارەم هابووایە دیاریـیەکی گونجاوم بۆ کریبان.

جومانا لە جێی خۆی هەڵبەزییەوە.

– شـتێک هەیە کە پێویسـتی بە پـارە نیـیە، دەتوانیـت بۆمـان بکەیت.

– هەرچیتان بوێت بۆتان دەکەم.

– هەرچییەک بێت؟

– بەڵێ هەرچی بێت.

– باشە.

بەرەو دەرەوەی ئەشکەوتەکە چوو.

– دوام بکەون.

بردنی بەرەو گۆڕستانەکەی جەساسە و لەوێدا دیتی کە مردووەکان لە خەوێکی قوولّدان لە ژێر یەکێک لە کێلەکانەوە.

جومانا لە گۆڕەکە نزیک بووەوە و گوتی:

– دەمەوێت دیارییەکەم ئەوە بێت کە لە باوکت خۆش ببیت.

ڕاست بوو کە وا خۆی دەر دەخست کە هیچی بە لاوە گرگ نییە، بەڵام لە ڕاستیدا ژێر ئەو زلییەی پڕ بوو لە ئازار و دڵتەنگی.

هێشتا خەمبار بوو، چونکە ئەوەی بیر کەوتەوە کەس گوێی لە ئازاری دڵی نەبوو، بەڵام دەیتوانی بە ئاسانی ئازاری دڵی لەوانی تر بشارێتەوە.

پشتی هەڵکرد و نەیتوانی ئەو دیاریە پێشکەش بکات و بەحر گوتی: «باوکت هۆکار بوو من و تۆ بە یەک بگەین ئەیووب، ئەگەر ئەو نەبووایە ئەوا من و تۆ هەرگیز یەکترمان نەدەناسی. ئایا ئەمە کەمێک پێویستی بە لێبووردن نییە.»

یەکترناسینی ئەوان هەڵکەوت نەبوو، بەڵکوو ڕەحمەتێک بوو لە لایەن خوداوە.

ئەو کاتە ئەیووب تەنیا چاوەکانیی داخستن و ئەوەی بیر هاتەوە کە باوکی بە دوایدا ڕای دەکرد و دەیگوت:

**تکایە بمبووورە، بڵێ کە دەتبووورم.**

گوتی:

– دەتبوورم باوکە.

جومانا زەردەخەنەیەکی کرد و ئەویش چاڵی ڕوومەتی دەر کەوت، وەک ئەوەی مەیسەم ببینێت.

# دەروازەی کۆتایی

بەحـر و جومانـا هاوسـەرگرییان کـرد و لە **مـاڵە کـۆنە قورینەکەی مەیسەمی هاوڕێیدا نیشتەجێ بوون.**

ژیانیـان بە ئاسـوودەیی وەکـوو هەردوو هاوسـەری ئاسـایی تێپەر دەبوو، ڕۆژەکانیان وەکوو هەمـوو هاوسـەرێکی تر جـارێ بە خۆشـی و جـارێکیش بە شـەڕ دەگـوزەرا، بەڵام ئەوەی گرنـگ بوو کە ئەوان بە یەکەوە جوانیان کردبوو.

دەربارەی چۆنیەتیی پەیداکردنی خـۆراک و خـواردنەوە بەحـر و ئەیـووب گەڕابـوونەوە سـەر کـارە کۆنەکەیـان کە لە منداڵیـدا ئەنجامیان دەدا، کەلوپەلی خەڵکیان لە بازاڕەوە دەبرد بۆ ماڵان.

لەگەڵ ئەوەی پارەکەیان لە چاو ئەو کارە پیس و قێزەونـانەی کە لە ڕابـردوودا دەیـانکرد زۆر کەمتـر بـوو، بەڵام زۆر لایـان شیرینتر بوو.

خۆشترین ڕۆژی ژیانی بەحر ئەو کاتە بـوو کە دوای حەوت سـاڵ، جومانـا مـوژدەی بـوون بە بـاوکی پێیـدا ئەویـش لەبەر زیادبوونی ئەندامێکی تر بۆ خێزانەکەیـان بڕیـاری دا سـەرچاوەی داهاتی فراوانتر بکات.

ئەیووب و بەحر وازیـان لە کارەکەیـان هێنـا و لە جیـاتی ئەوە قافڵەی گەورەی بازرگانییـان دەگرت و لە دێیەک بـۆ دێیەکی تر

دەیانبرد، چاودێرییان دەکرد لە ڕێگری ڕێ و دز و جەردەکان، ئەم کارە پارەیەکی زۆری بۆ پەیدا دەکردن.

سروشتی کارە نوێیەکەیان بەو جۆرە بوو کە چەند ڕۆژ و هەفتەیەک بۆ مـاڵ نەدەهـاتنەوە، بـۆیە بەحـر بە هاوسـەرەکەیی گوتبوو:

**– بۆنەکەتم پێ دەگات جومانا.**

دوای ئەوەی گوێی لەو قسەیە دەبوو، وەکوو منداڵ جۆش لە چاوەکانیدا دەبینرا، ئینجا پێی دەگوت:

**– تـۆ بێسـتانی یاسـەمینیت کە بـۆنەکەی بە دوامەوەیە، هەرچەندی بڕۆم وەکوو دیلی جەنگ لێم ناگەڕێت.**

**

ڕۆژەکانی ژیانیان ئاسایی تێدەپەڕین تاکوو شەوێک هات.

کە ئەستێرە و مانگ دەر نەدەکەوتن، جومانا لە پێنج مـانگی سکەکەیدا بوو ئەو کاتە کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بڕیاری ناویان بۆ منداڵەکەیان دەدا، کەسێک لە دەرگای دا، بەحر گوتی ڕەنگە ئەوە ئەیووبی هاوڕێی بێت.

– ڕەنگە ئەیووب بێت، دەچم دەیکەمەوە و دەگەڕێمەوە.

بەڵام زۆری پێ چـوو و نەگەڕایەوە، جومانـا چـوو تەماشـای بکات، بەڵام هاوسەرەکەی لەوێ نەبوو.

لە سەرەتادا گومانی باشی برد و پێی وا بوو بارودۆخەکە هێندە لەناکاو بووە کە ڕەنگە کاتی نەبووبێت ئاگاداری بکاتەوە، بەڵام دواتر چەند کاتژمێر و ڕۆژێکی خایاند چوو بۆ مااڵی ئەیووب، ئەیووبیش لە ماڵ ون بووبوو.

**

تەنیا خودای گەورە دەیزانی کە سەنگی دڵتەنگی و خەمبارییەکەی چەندە، وەکوو بەلەمێکی لێ هاتبوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی زەریاوە و ڕێی لێ ون دەبێت.

چەن ڕۆژێک تێپەڕی تاکوو وای لێ هات دڵتەنگییەکەی ئاسایی بووەوە و ڕۆژ دوای ڕۆژ بەبێ ئەوەی کاریگەریی لێ بکات، هەستی دەکرد چیتر ژیان بۆی گرنگ نەماوە.

لەگەڵ ئەو ترس و سەختیانەی کە بەهۆی سکەکەشییەوە تووشی دەبوون، بەڵام بڕیاری دابوو بیرۆکەی نەڕێنی لە میشکی دەر بکات و چاوەڕێی گەڕانەوەی هاوسەرەکەی بێت، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات تەواوی ئەو تەمەنەی ماویەتی چاوەڕوانی بێت.

**

ونبوونەکەی زۆری خایاند.

هەر کاتێک بیری کردبا، سەری بەرز دەکردەوە بۆ ئاسمان و تەماشای مانگی دەکرد، دەیزانی ئەویش لە لایەکەی تر‌ەوە تەماشای مانگ دەکات.

چەندان شەو تێدەپەڕین کە قسە و ورتەورت و بۆڵەبۆڵی دەکرد بۆ ئەو کلکدار و نەیزەکانەی کە بە ئاسماندا تێپەڕ دەبوون، لەگەڵ دانە بە دانەی ئەستێرەکاندا قسەی دەکرد دەربارەی خۆشەویستییەکەی کە لە ناخیدا بوو.

**

ونبوونەکەی چوار مانگی داهاتووشی خایاند.

جومانا لەو ماوەیەدا بە هەندێک لە دراوسێکانی ئاشنا بوو، بەو جۆرە هەندێک لە هەستی تەنیاییەکەی کەم دەبووەوە.

ڕۆژێکیان بە بازاڕەکەی جەساسەدا دەڕۆیشت، پێی هەڵکەوت لە دارێک و بەهۆی قورسیی سکەکەی و ئەو کەلوپەلانەی لە دەستی بوون، کەوت بە زەویدا.

لەبەر قورسیی جەستەی نەیتوانی لە جێی خۆی هەستێتەوە، خەڵکەکەش بە ئاسایی تەماشایان دەکرد و ئەسپ و عارەبانەکان بە ئاسایی بە لایدا تێپەر دەبوون، کەس نەبوو دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکات، هەتاکوو کتوپر گوێی لە دەنگێک بوو کە گوتی:

– با یارمەتیت بدەم.

که جومانا سەری لار کردەوە، دیتی کچێکە، بەڵام کچێکی نامۆ نا.

بڵکوو ماریا بوو ئەو کچەی کە جومانا لە دەست چوار دزەکە ڕزگاری کرد لە نێو ئەشکەوتەکەدا پێش چەندان ساڵ.

ماریا یارمەتیی جومانای دا هەستێتەوە، سەرپێ و کەلوپەلەکانی بۆ هەڵگرت و گوتی:

– با بتگەیەنمەوە ماڵەوە خانمەکەم.

ماریا گەیاندییە ماڵەوە، بڕیاری دا یارمەتیی بدات و ئەو چەند ڕۆژە لە لای بمێنێتەوە تاکوو منداڵەکەی دەبێت.

بەڵام جومانا ڕەتی کردەوە.

ڕەتکردنەوەکەی جومانا لەبەر ئەوە نەبوو هەست بە نائاسوودەیی بکات کە کەسێک لە ماڵەکەیدایە، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو پێی وا بوو ماریا بەزەیی پێیدا دێتەوە.

ماریا هەستی پێ کردبوو کە جومانا وەها بیر دەکاتەوە:

– دایکم مامانی دێی جەساسە بوو خانمەکەم، منیش لەوەوە بۆم ماوەتەوە، بۆیە ئەگەر چەند ڕۆژێک چاودێریی تەندروستیت بکەم، وەکوو چاکەدانەوەیەک یاخود بەزەییپێداهاتنەوە ئەو کارە ناکەم.

جومانا بە قسەکانی قایل بوو، بەڵام مەرجێکی هەبوو:

– کەواتە لەبەر ئەوەی وەکوو پیشەیەک ئەو کارە ئەنجام دەدەیت، بێ گومان دەبێت کرێش وەربگریت.

ماریا دەیزانی ئەگەر ڕەتی بکاتەوە ئەوا جومانا لە ماڵەکە دەیکاتە دەرەوە، بۆیە قایل بوو:

– باشە من ڕازیم.

**

چەند ڕۆژێک لەگەڵیدا مایەوە تاکوو کاتی منداڵبوونەکە هات، هەندێک کەلوپەلی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو کە بۆ پڕۆسەکە پێویستی دەبوو، جێگەکەی بۆ ئامادە کرد:

– لێرە پاڵ بکەوە خانمەکەم.

پەنجەی بۆ جێگە پاکەکە درێژ کرد کە ڕای خستبوو.

جومانا لەسەری پاڵ کەوت.

جلەکانیی لە بەردا داکەند، تاکوو بە خوێنی منداڵبوونەکە پیس نەبێت، پاشان سەرچەفێکی پێدا دا، جومانا دەستی بە ئارەقکردنەوە کرد:

– دەترسم، هەست دەکەم ناتوانم ئەنجامی بدەم.

لێدانی دڵی زۆر بەرز بوو، پلەی گەرمیی لەشی بە جۆرێک بەرز بووبووەوە کە لە ڕادەی ئاسایی زیاتر بوو، پێی گوت:

– لە کاتێکدا تۆ هەست بە دڵتەنگی دەکەیت و پێت وایە ڕۆژگار توانیویەتی بتبەزێنێت، ئەوا تۆ تەنیایت لەم جیهانەدا،

فەرامۆش کراوێت، لاوازێت، بێکەسێت، کەس تۆی ناوێت، لە بیرت بێت کە کەسێک بە بەهێزی تۆ دەبینێت و چاوەڕێی تۆیە.

پاشان دەستی گرت و پێی گوت:

– لە سەرەتادا کە دایکم منی فێری کاری مامانی کرد، ڕەتم کردەوە، لەبەر ئەوەی پێم وا بوو ژیانی خۆم دەکەم بە قوربانی بۆ ئەوانی تر.

تاکوو ئەو ڕۆژە هات و لە نێو ئەو ئەشکەوتەکەدا منت لە دەست چوار دزەکە ڕزگار کرد، ئەو کاتە زانیم کە چەندە گرنگە دەستی یارمەتی بۆ ئەوانی تر دڕێژ بکەیت، تۆ یارمەتیدەرم بوویت لەم ژیانەدا.

با واز لە هەستی ترس بهێنین و وای دابنێین لەوە بەهێزترین کە پێمان وایە.

ئەو وشە بچووکانە توانییان هێزێکی پێ ببەخشن، بە جۆرێک کە منداڵبوونەکەی ئاسانتر بکات.

چاوە قاوەییەکانی دڕەوشانەوە، ئەم جارە لەبەر وزەی ئاگر نەبوو، بەڵکوو لەبەر وزەی هیوا بوو:

– با ئەنجامی بدەین ماریا.

**

ماریـا یارمەتیـدەری بـوو لە کـاتی لە منـدالّبوونەکەی و پێـی گوت:

– ئێستا پێبکەنە خانمەکەم، منداڵەکەت دێتە ئەم دونیایەوە.

**دوای کاتژمێرێک.**

**

منـدالّێکی ئاسـایی نەبـوو وەکـوو منـدالّەکانی تـر، چـونکە بە گریانەوە نەهاتە دونیاوە، بەڵکوو بە بێدەنگی هاتە دونیاوە، تەنیا لە چواردەورەکەی خۆیی دەڕوانی، وەکوو ئەوەی هەسـارەیەکی نـوێی دۆزیبێـتەوە، جیـاواز لەو هەسـارە تەنـگ و تـاریکەی کە لێوەی هاتبووە دەر.

لە شەودا چوو لە دەرگای دا.

جا لێی پارایەوە:

– تکایە دایکە وەسوەسە دەمکوژێت.

– چیت دەوێت؟

– دەمەوێت ڕاستییەکان بزانم، بەحر لە کوێیە؟

– پێت ناڵێم.

– بۆچی؟

– لەبەر ئەوەی ئەگەر هەوڵی زانینی ڕاستییەکە بدەیت، ئەوا دەمریت جومانا.

ڕووداوەکان لە ڕۆمانی
**(ئەبابیل)ەوە** بەردەوام دەبن.

ئەحمەد ئال حەمدان

# شاری خۆشەویستیی جێی ئاقلان نیە

بوشرا رەئوف

لە عەرەبییەوە کردووپە بە کوردی